
# کەڵە ئەدیبانی بیانی

ئامادەکردنی
کەمال مەعروف



# کەڵە ئەدیبانی بیانی

ئامادەکردنی
**کەمال مەعروف**

سلێمانی ٢٠٠٢

- ناوی کتێب: کەڵە ئەدیبانی بیانی
- ناوی نووسەر: کەمال مەعروف
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- ناوی هەڵەچن: نیشتمان محەمەد
- مۆنتاژ: سەیران عەبدولرەحمان
- تیراژ: ٤٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : ٤٠ ی ٢٠٠٢
- کۆمپیوتەرو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ( ١٧١ )**

## وشەیەك

لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمێکی زۆری کەڵە ئەدیبانی بیانی، کەرەسەیەکی زۆر بەپێزو زەنگین لە مێشکمدا گەڵاڵەبوون، بیرم کردەوە کە ئەم زانیاریانە بخرێنە ڕوو، بێشك بێسوود نابێت، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆی بەرچاومان نییەو کتێبخانەکەشمان بێنەوازەو هەژارە بۆیە قۆڵم لێ هەڵماڵیو کەوتمە تۆژینەوەی بەرفراوانی ژیانو بەرهەمی شاعیرو چیرۆك نووسانی گێتی، بەزمانی فەڕەنسیوسوێدیو عەرەبییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستم کرد بە وەرگێڕانی شیعرەکانیانو تاوتۆکردنو پێداچوونەوەی ڕۆمانەکانیان، تاکو بتوانم وەکو پێویست سەرنجو بۆچوونەکانم لەسەر هەر ڕۆمانێك دەربڕمو شی کردنەوەی گونجاوی لەسەر بنووسم، هەروەکو ئاشکراو دیارە لەم جۆرە بەرهەمانە بەزمانە جۆراو جۆرەکانی جیهان لە کتێبخانەکانی ئەوروپا گەلێ زۆرن. جا ناساندنی شارستانێتی گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەتایبەتی ئەدەبی فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزیو ئیسپانی، ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت. بەپێی توانا هەوڵم داوە کەلەهەر وڵاتێك ناسراوەکانیان وەربگرم، چونکە ئەگەر لە داهێنانی کەڵە ئەدیبانی بیانی وردبینەوە دەبینین کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێ ناپەڕن، لە لێکۆڵینەوەکەمدا هەندێ جار تیشکم خستۆتە سەر دیدەنیەکانیان تاکو بیرو هزریان ڕوون بێتەوە.

ئەو ئەدیبانەی کە قسەم لەسەر کردوون، هی نەوەو چەرخی جوداوازن، هەندیکیان لەو ئەدیبانە بەردەوام لە ریزی پیشەوەنو بەرهەمی دانسقەیان

پێشکەش مرۆڤایەتی کردووەو ڕۆڵی باشیان بینیوە لەنوێگەریدا، بەتایبەتی (بۆدلێر) کە بەسەر مەشقو هەوێنی نوێخوازی دادەنرێ نەك لە فەرەنسادا بەڵکو لە هەموو جیهاندا (گارۆدی) زیاتر وەکو بیرەوانێکی گەورەی جیهانی ناسراوە، لە بواری هەڵسەنگاندنی ئەدەبیشدا شوێن پەنجەی دیارە، پرۆسەی نوێخوازی لە کوردستاندا بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە بەئەدەبیانی بیانییەوە گەشەدەکاتو پەرەدەستێنێ،

ئەم هەوڵە بچووکەشمان، هەنگاوێکە بۆ شارەزایی پەیداکردن بەهیوام سوودبەخش بێت.

**کەمال مەعروف**

# پێڕست


**١-فەڕەنسا**

-بۆدلێر

-ئۆجین گلڤیك

**٢-ئەڵمانیا**

-گۆتێ

**٣-ئەمریکا**

-سکۆت فیتزجیراڵد

-هەمینگوای

**٤-روسیا**

-پۆشکین

-سوڵجنستین

**٥-یۆنان**

-سافۆ

-یانیس ڕیتسۆس

**٦-دانیمارك**

--ئیڤان مالینوفسکی

**٧-هیند**

-طاغور

**٨-ترکیا.. کردستان**

-یەشارکەمال

**٩-سەرووی ئەفریقا-مەغریب**

-محەمەد شوکری

-عبدالطیف اللعبي

**١٠-جەزائیر**

-کاتب یاسین

**١١-لوبنان**

-ئەندریە شەدید

## ١-فەرەنسا

### ((بۆدلیر سەرمەشق و ئەوینی شیعری نویی فەرەنسییە))

شاعیرو رەخنەگرانی فەرەنساو جیهان هەموویان لەسەر ئەورایە کۆکن کە کتابی (گولەکانی بەدبین)ی شارل بۆدلیر، سەرەتای نویخوازییە، بەیانی یەکەمی شیعری نوییە تاکو ئیستەش شۆرشیکە بەهۆی جوانی نویّو بابەتی نویو زمانەکەیەوە دەخویندریتەوە، کە (ئیفابونفوا) بەشیخی شیعری نویی فەرەنسی دادەنیّو جەخت لەسەر پیشرەوایەتی ئەم کەلە شاعیرە مەزنە دەکات، هەردەم لە پەرەسەندنو پیشکەوتنایە، هیشتا شوینو پایەی مەزنایەتی لە دەست نەداوە، ئەگەر قەسیدە شیعریەکانی پەنجەرەیەك بیّ بۆ چوونە ناو شیعری نویّ، ئەوا پەخشانەکانی دەروازەیەکە بۆ رۆچوونە نیو نویخوازییەوە، پەخشانەکانی تەواو نەکرد، پرۆژەکەی کە چەند سالی پیوەی خەریك بوو، بە ناکاملی جیی هیشت وەکو کتابیك بەچاوی خۆی نەیبینی، چاپی یەکەمی دوای دووسالٌ پاش مردنی سالی ١٨٩٦ دەرچوو، کۆکراوەی ئەو بەرهەمانەیە کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا سالی ١٨٥٧ بلاّوی کردبونەوە، ناونیشانی قەسیدەکانی بە پەخشانی بچووك ناونا، کە بۆدلیر کاتی خۆی ناوی کۆکراوە بیزارییەکانی پاریس یاخود (قەسیدەکانی شەو)ی لینابوو، بیزارییەکانی پاریس ناوەرۆکی ئەزمونیکی کورتکراوەی بیرو هیواکانی شاعیرە، بیزاری کیشەیەکی کاریگەرە لە ژیانی بۆدلیردا کەلە گولەکانی بەدبیندا چەند جاریك دووپاتی کردۆتەوە، بیزارییەکانی بۆدلیر تەنیا بیزاریو وەرزی نییە بەلکو حالەتیکی لادانو

پەککەوتن‌و خنکانە، ڕەگێکی میتافیزیکی هەیە، کە زۆر بەهێزو تەماوی لەیەك کاتدا لەسەرگیان‌و هەستەکان پراکتیك دەبێت، بەتەنیا بێزاری لە پاریس‌و شارو ژیانی شاردانییە، بەڵکو بێزارە لە ژیان بە مانا قوڵەکەی شاعیر دەڵێ بە وەرزی هاتوومەتە دنیاوە. کەشوهەوای قەسیدە پەخشانەکانی هەمان کەشوهەوای گوڵە بەدبینەکانی هەیە، پەیوەندییەکی قووڵ پێکەوە گرێیان دەدات، تەنیا لە ڕوخساردا جیاوازن ئەو تاقیکردنەوە مەلعونەی لە دیوانی هەتیودا بەرپایکرد، لە پەخشانەکانیدا هەمان شتی کرد بە ڕێگایەکی تردا. ئەوبابەت‌و هیواو بیرەوەرییانەی کە بە شعر وتبوونی لەپەخشانەکانیدا داپڕشتنەوەو سەر لەنوێ دروستیکردنەوە، وەك چۆن کەسێك کە کۆمەڵێ میلۆدیا لەسەر ئامرازێکی تر تۆمار دەکات، لە پەخشانەکانیدا خودی خۆی دۆزییەوە کە لە شیعرەکانیدا دۆزیبوونیەوە.

سەرکەوتنێکی باشی وەدەستهێناوە، لە تێکەڵاوکردنی هەندێ پارچە شیعر لە چوارچێوەی پەخشانەکانیدا، سەرسامی خۆی قەت بەرامبەر پەخشانەکانی نەدەشاردەوە بەڵکو ناوی نابون (سەرسامەکانی پەخشانە شیعر) رستەیەکی بەناوبانگی هەبوو، کە دەیگوت (شاعیر بە تاکو لە پەخشانیشدا)، بەئاشکرا دەردەکەوێ کە لە نهێنی بنەمای قەسیدە پەخشانیەکانی گەیشتبوو، باوەڕێکی تەواوی بەدوا ڕۆژو نرخی ئەم جۆرە قەسیدانە هەبوو، بەم جۆرە بەراوردە ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەنێوان شیعرەکانی بودلێرو پەخشانەکانیدا لە ئاستی جیاوازدا دەبینرێن، لەڕووی ناوەڕۆك‌و تاقیکردنەوەو زمان‌و مەجازو وێنەوە، تەنانەت هەندێ لەناو نیشانەکان لەنێوان قەسیدە شیعریەکانی‌و پەخشانەکانیدا دووبارە دەبنەوە وەکو دەعوەتێ بۆ سەفەر، سەعاتی دیوار، بێزاری، تاریکایی. بۆدلێر ناسراوە بەوەی کە ڕۆشنبیرییەکی کلاسیکی بەهێزی هەیە، زمانی زۆر خۆش دەوێ،

ئەوەی گوڵەکانی بەدبین بخوێنێتەوە هەست دەکات کە لەنێو پەرستگایەکی پڕ لە سیحرو نهێنی خۆی دەبینێتەوە، بەڵام قەسیدە پەخشانەکانی لە گەرمیو هاودەمیدا شێوازێکی لیریکیان هەیە، بۆدلێر ددانی پێدا دەنێ کە بەشاعیر (ئەلیوزیوس برتران) موتەئەسیر بووە، کە خاوەنی کتابی (غاسباری شەو)ە، بەیەکەم هەوڵی پەخشانە شیعری فەرەنسی دەژمێردرێ کە ساڵی ١٨٤٢ دەرچووە، بۆدلێر دەڵێ: پاش خوێندنەوەی ئەم کتابە بەنرخە بیری ئەوەمکردەوە، هەوڵی نووسینێکی وەك ئەوە بدەم بۆ ئەوەی وەسفی ژیانی نوێ بکەم، بەهەمان شێوەی (برتران) کە وەسفی ژیانی کۆنی کردبوو، بۆدلێر لەبارەی شیعری نوێخوازییەوە ئەڵێ: شیعر نابێ بەشیعر ئەگەر شیعرێکی شارستانی نەبێ، ئەو بیرەشی لە وتارێکدا بەناوی (پاڵەوانی ژیانی نوێ) جێگیرکرد، ژیانی پاریس پڕبەرەکەتی بابەتی شیعرە، قەسیدە نوێخوازەکانی پەیوەندی بە کەرەسەو بابەتی نوێوە هەبوو، کە لە ژیانی شاریدا هەڵیهێنجابوو. ڕەخنەگر (سۆزان برنار) لە کتابە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ: قەسیدەی پەخشان لە بۆدلێرە تاکو ڕۆژی ئەمڕۆمان، بۆدلێر وە لە ناوەڕاستی شاردا لەنێوان کەسانێ کەڕووی جوادوازیان هەیە، کەسایەتییەکەی زیادیکرد، بەشداری مرۆڤایەتی کرد، هەوڵی دا لە قەسیدەکانیدا پەخشانە شیعری پایتەخت بنووسێ، بەڵام بەرێگایەکی هۆشیارو تێگەیاندنەوە هەروەکو ڕەخنەگری فەرەنسی (تیودی) بە پاککردنەوەی گیانی لە شاری گەورەدا دادەنێ، بەڵام شاری نوێ شارێکی مەلعونە، پاریسە شاری تەنیاییو ڕاڕاییو غەمو بێزاریو جیهانی درەو نەخۆشییەکان، لە شاردا بۆدلێر لەژێر ئاسمانێکی بێزاردا دەژیا، بۆیەدەرکەوت کە خەباتی ژیان گیانی ماندوو کردووە، دیمەنی شار لە شیعرەکانیدا، دیمەنێکی هەستیو بینینو وەسفی نییە، بەڵکو نقومبوونو

ونبوونە لـەم روانگەیـەوە بۆدلـیر لـە بیكۆتاییـەكاندا كۆتـایی دۆزییـەوە، لـە نائاشـكرادا، ئاشـكرای كەشـف كـرد بەتوانینـە شــیعریەكانی سـری شـاراوەی جیهانیكی ترمان بۆ دەگێریتەوە، وەسـفی هونـەر دەكـاتو دەڵـێ: سـیحریكی ئیحائییە خودو بابەتە لەیـەك كـاتدا، جیـهانی دەرەوەی هونەرمـەند خـودی هونەرمەندە، لەیـەكیك لـە قەسـیدە پەخشـانیەكانیدا دەڵـێ: هەمووشـتەكان لەسەیركردنیكی دەریـاوە، لـە خـودو مـن بـیر دەكاتـەوە منیـش لـە روانگـەی ئەوەوە بیردەكەمەوە.

پەخشانەكانی لەپـەنجا قەسـیدە تیناپـەرن، لـە قۆنـاغی جیـاوازو بـە میزاجی جیاوازەوە نووسیونی، قەسیدەكانیش جۆراو جۆرنو كەشو هـەواو شیوازی جوداوازیان بەخۆوە گرتووە، هەندیكیان گیرانەوەیەكـە ئیلـهامی لـە چیرۆكـەكانی (ئادگـار ئـالان پـو) وەرگرتـووەو، هـەندیكی تـری رۆژانەیـە، هـەندیكیان گفتوگۆو بیركردنـەوەن، بەشـیكی تریـان فـەنتازی و سـیحرن، راسـتە لەقەسـیدە پەخشـانیەكانیدا رچەشـكینیكی زۆری نـەكردووە، بـەڵام توانـی پەخشـان لـە ئاسـەواری قورسـی كلاسـیكیو رۆمانسـی و برناسـی رزگاربكـاو، شـیوازە نویكەشـی نـامۆو بیوینـە بـوو، خـودی خۆیشـی هەسـتی بەمشتانە كرد، بۆیە لەنامەیەكی بەناوبانگیدا دەڵێ: هەرچی دەكەم نـاتوانم دووربم لەنموونە نهینیو دەرەوشاوەكانی خۆم بەڵام مـن شـتێ دروسـتدەكەم، دەتوانــرێ نـاوی لی بـنرێ بزوتنــەوە، لیریكیــەكانی گیــانو شــەپۆلەكانی هۆشیاریشی تیا بەرجەستە بكەم، پەخشانەكانی كە ئـاواتی بـوو، بـەم جۆرە پیناسـەیان دەكـاتو دەڵـێ: پەخشـانە شـیعر موسـیقییەو بـێ قافیەیـە، لـە هـەمان كـاتدا نـەرمو نـاكۆكن، پەخشـانەكانی بۆدلـیر باسـی زۆری لەسـەر نووسـراوە، ئـەو مەرجانــەی كــە (سـۆزان برنـار) بۆپەخشـانی دانـاوە، كورتكـراوەو چـرو بـە خۆراییـە، كـە بـە مـەرجی پەخشـانی سـەركەوتووی

دەزانـــێ، دەبینـــین کـــە بۆدلـــیر ئەمانـــەی هـــەموو پـــەیرەو کـــردوون، پەخشانەکانیشی سەرچاوەن، ئـەوەندە هەیـە کـە خۆرایـی بۆدلـیر لەگـەڵ خۆرایی شاعیرەکانی دوای خۆی جیاوازە بەتایبـەتی سـوریالیەکان، بـەڵام شیعر بەلایەوە هیچ ئامانجی نییە تەنیا خودی خۆی نەبێ.

بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەم کەلـە شـاعیرە بـەباشمزانی کەچـەند پەخشانیکی لە فەرەنسییەوە وەرگیرمە سەرزمانەکەمان.

## نامۆ

وتم ئەی پیاوی کردەوە نامۆ، باوکت خۆشدەوێ؟ یاخود دایکت یان برات یان خوشکت؟

وتی: نەخیر، چونکە باوكو دایكو خوشكو برام نییە.

وتم: ئەی هاوریکانت؟

وتی: تۆ وشەیەك بەکاردەهینی تاکو ئیستە ماناکەی نازانم.

وتم: نیشتمانەکەت؟

وتی: نازانم دەکەویتە چ ناوچەیەکەوە.

وتم: جوانی؟

وتی: من بەخۆشحالییەوە حەزی لیناکەم.

من وەکو خوداوەند حەزی لیدەکەم

من وەکو نەمری حەزی لیدەکەم.

وتم: ئەی زیر؟

وتی: وەکو خوا رقی لییەتی منیش رقم لییەتی.

وتم: ئەی چ حەزیکت لە نامۆیی سەرسورهینەرە.

وتی: حەزم لە هەورە، ئـەو هـەورە پـیرەی کـە دەروات، هـەوری گـەریدە، بەشانازییەوە لەلای دەخـەوتم، لـە تەنیشـتییەوە دەژیـامو لـە گـەلیدا ئـازارم دەکیشا:

خوا دەلیّ: تۆ دلنیای ئەم قسە پروپووچانە پروپووچیکی ریالیستین؟ لە هەموو شت گرنگتر ریالیستیەت لە منــەوە دوورە، کەواتـە ئـەم ریالیسـتیەتە یارمەتیدام کە بژیم، کەواتە یارمەتیدام کە هەست بـەبوونم بکـەمو هەسـت بەخۆم بکەم.

## پەنجەرەکان

ئەوکەسەی لە پەنجەرەی کـراوەوە سـەیر بکـات، شـتەکان نابینـیّ، بـەلکو ئەوەی لە پەنجـەرەی داخـراوەوە سـەیر بکـات دەیانبینـیّ، قوڵایـیو شـاراوەو بەپیتیو تاریکیو درەوشاوە ئـەو پەنجەرەیەیـە، کـە مـۆم دەدرەوشـینیتەوە، چونکـە ئـەوەی بـەرۆژ دەبینـیّ هــەرگیز نرخیکـی نییــە، ئــەوەی روودەداو لەپشتی جامی پەنجەرەو دەلاقە تاریكو رووناکەکانەو ژیانیك دەژی پرە لـە خەونو ئازار.

لــە شــەپۆلی بنمیچـەکاندا ئـافرەتیکی پیگەیشـتوو دەشـکیتەوەو هیمـا بەلۆچـە بـەرز بووەکانی ناوچــەوانی دەکـات، چیرۆکـەکانی ئــەم ئافرەتــەم لــەروویا ژمــارد کــە ئــافرەتیکی هــەژارەو خــەریکی کــاری خۆیـــەتی، لـــە جلەکانییـەوە، لـە هەلسوکەوتییـەوە، لـە هیچەکانییـەوە، چیرۆکـەکانی یـان خەرافەتـــەکانیم ئامــادە دەکــرد، هـــەندیّ جـــار بۆخۆمـــی دەگیرمـــەوە، دەیگیرمـەوەو دەیگیرمـەوە ئەگـەر ئـەم پیـاوە، پیـاویکی پـیری فەقیربوایـە، چیرۆکیم بەئاسانی چیدەکرد.

## سەگو قەروانە

ئەی سەگی جوانم، سەگە باشەکەم، ئەی توتووە خۆشەویستەکەم وەرە نزیکبەرەوە، تامی خۆشترینو باشترین شت بکە کە لە باشترین بەقالی شار بۆم کریوی، سەگەکە نزیکبۆوە، کلکی بادا، بادانیك بەباوەری من تیلەیەکە بۆ پیکەنین و زەردەخەنەی هەژاری خۆی، ئەم بونەوەرە رەجالە لوتە تەرەکەی خستە سەر قەروانەکە، پاشان لەناکاو گەرایەوە دواوە بەترسو وەرینەوە، بەرومدا حەپی وەکو لۆمەمبکات وابوو.

ئاخ ئەی سەگی چەپەل ئەگەر پاشماوەم پیشکەشت بکردایە ئەوا بەلەزەتەوە تامت دەکردو دەتخوارد، تاوەکو تۆش، تۆش ئەی هاوریی ژیانی خەمباریم، توی نزم وەکو ئەو خەلکەیت، کە هەرگیز کاری باش پیشکەش ناکەن بەلکو پیویستە پاشماوەی هەلبژاردەی بابەتی پیشکەش بکەیت.

1-Charles Baudelaire, Les fleurs du mal , Ed. club de Libraires de France, 1959.

## گیلڤیك
## تیرۆژە شیعریکی ئۆجین گیلڤیك
## پیشەکی:

ئۆجین گیلڤیك (Eugene Guillevic)لە سالی ١٩٠٧ لەناوچەی برۆتۆن شاری کرناکی بەناوباگ لەدایك بووە، کەناوچەیەکی پر لە گەشتو گوزارە شوینیکە گوزارشت لە شارستانیتی کۆن دەکات، بەمندالی زۆر جێجێی پێ کراوە، چونکە باوکی دەریاوان و پاشان پۆلیس، لەگەڵ خۆیدا گەراندویتی لەسەرەتادا بۆ سەرووی فەرەنسا نزیك سنووری بەلجیکاچوون، دوایی بۆ برۆتۆن گەراونەتەوە، جاریکی تر لەگەڵ خیزانەکەیدا، لە شاری ئەلزاس لەسەر سنوری سویسرا گیرساونەتەوە، تاکو سالی ١٩٣٠، ژیانی لاویتی لەویدا بەسەر بردووە.

تاکو تەمەنی بیستو سێ سالی گویی لە زمانی فەرەنسی نەبووە، چونکە لە برۆتۆنیا زمانی برۆتۆنیو لە ئەلزاس زمانی ئەلزاسی بەکارهیناوە. هەر لەمنالییەوە زۆر بەشیعرەکانی لاڤۆتنینو لامارتین سەرسام بووە (پاشان شیعری نویی ئەلمانی دۆزیوەتەوە هۆلدرین، ریلکە، جۆرج تراکل) لە جەنگەلەکانی ئەلزاس دا بەگۆرانی دەیگووتنەوە لە هەرەتی لاویتیدا کاسۆلیکی بووە بەکاریگەری دایکی، تاکو سالی ١٩٣٦ کاتی شەری ناوخۆی ئیسپانیا پەیدا بووە، پیشکەوتنخوازەکانی فەرەنسا پشتگیریو بەرگرییان لە کۆمارییەکان دەکرد، لەوانە: ئەندریە مالرۆ، ئاراگۆن بوون، بەڵام گیلڤیك بەشدارییانی نەکرد، کاتێ کلیسە بەدزییەوە چەکی بۆ فرانکۆ رەوانە دەکرد.

بۆیە دەستبەرداری کلیسە دەبیتو ڕوودەکاتە فیکـری پیشکەوتنخوازیو لە ساڵی١٩٤٣دا دەبیتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیزمی فەرەنسا، لە هەشتاکاندا لیـی جـودا بۆتـەوە، گیلڤیـك لـە تەمـەنی ٨٩ سـاڵیدا لـە ١٩ ئـازاری ١٩٩٧ لـە خانووەکەیدا لە پاریس ماڵ ئاوایی لە ژیان دەکات.

یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری بـەناوی (زەوی) لـە سـاڵی ١٩٤٢ بڵاوکـردەوە لـە هـەمان سـاڵدا شـاعیری فەرەنسـی (فرانسـیس پۆنــج) بــەناوی (لایــەنگری بۆشتەکان) بڵاوکردەوە، لە کاتێ کـە ئـەم دیوانـەی گیلڤیـك کەوتـە بـازاڕاوە، بزوتنەوەی سوریالی لە هەرەتی چالاکیدا بوو کە خەونیان بە ویـران کردنـی جیـهانو پـیرۆزکردنی ناهۆشـیارییەوە دەبینـی. کـەچی شـیعرەکانی گیلڤیـك لەو کەشو هەوایەی فەرەنسا بـەدوور بـوو، چ لـە ڕووی زمـانو چ لـەڕووی بابەتەوەبێ، گیلڤیكو پۆنـج گرنگییان بـە بابـەتی مـاددی دەدا هـەر چـەندە جیاوازی لە نیوانیاندا هەبوو (فرانسیس پونـج) وینەی کەسـایەتی شـتەکانی دەوروبەری دەگرت، بەریگایەکی نوێ مامەڵەی لەگەڵ وشەو دەسـتەواژەکانی زمــان دەکــرد، بــەڵام گیلڤیــك چرکردنـــەوەی جیـــهانیو ڕەگـــەزەکانی بەکاردەهینا، کە باسی شـتەکانی دەوروپشـتی دەکـات بـاس کردنیکـی سـاکارو سادە نییە، بەلکو گیانو نـرخیکی تریان دەداتـێو دەرگایـەکی تریـان لەسـەر واڵا دەکـاتو لـەژیر هـەر دیریکـدا مانـاو مەبەسـتیکی شـاراوە دەخاتــە ڕوو. ژیانیکی نوییان پێ دەبەخشی. شیعرەکانی کورتو چڕوپڕن شـیعری دریـژی نەنووسـیوە، تەنانـەت شـیعری دریژیشـی بریتییـە لـە برگـەی کـورت کـورت، چاودیری هەموو ئەوشتانەی کردووە کە لە دەوروپشتی بوون یـان هەیـە لـە ڕەگـەزەکانی سروشـت وردبۆتـەوەو لییــان تێگەیشـتووەو هــەزمی کــردوون بەریگای دوانیکی بێ دەنگ لە گەڵیاندا دواوە، بەشیوەیەکی پـر لـە خـوازراو و خواستن و بە زمـانیکی پـاراو، هـەر لەبەرئەمـەش بـووە کـە سـوریالیەکان

رووبــەرووی بوونەتــەوە گیلڤیــك ناوبــانگیکی باشــی فەرەنســیو جیـــهانی بەدەســـت هینـــاوە هـــەروەها ئیلتـــیزامی حـــیزبیو داکۆکـــی کـــردن لەچەوساوەکانو پشتگیری کردنـــی بزوتنـــەوەی رزگـــاری خـــوازی جیـــهانی، خوینـــەریکی زۆری جیـهانیو فەرەنسی بـــۆ مسـۆگەر کـــردووە، شـیعرەکانی وەرگیردراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

رەخنـەگری فەرەنسی ناسـراو (جـان بیــار) لیکۆلینەوەیــەکی لەســەر یانزە شاعیری فەرەنسی نووسیوە، گیلڤیکی خستۆتە ناو لیستەکەوە، گیلڤیك جگە لـەوەی کـە شـاعیریکی ماددییـە، لـە هـەمان کـاتدا شـاعیریکی واقعـیو مەوزوعیشـە، کاتـێ کـاتبی هونـەری شـیعری سـالی ١٩٨٩ بـەچاپ گـەیاندووە پیشکەشـی لامـارتینی شـاعیری کـردووە، بـە بۆنــەی دەرچونـی هونـــەری شیعرییەوە، رەخنە گریکی فەرەنسی گیلڤیك بەیەکیك لەو شاعیرانە دادەنێ کە زۆرترین جەماوەری هەیـە، ئەمـەش دەگەرینیتـەوە بـۆ شـیوازی ساکاری خۆرسکی دەقی سیحرو رەسەنایەتی شیعری.

## بەرهەمەکانی شاعیر

ئۆجـین گیلڤیـك زیـاتر لـە بیسـت دیوانـی شـیعری لەلایـەن دەزگـای چاپەمـەنی گالیمـار بـەچاپ گەیـەندراون، وەك زەوی ١٩٤٣، قـازانـج ١٩٤٩، ٣١ سـۆنیتە ١٩٥٤، کارنـاك ١٩٦١، شـار ١٩٦٩، ئقلیـدس ١٩٦٨، گـەردون ١٩٦٣، ئـەوانی تر١٩٨٠، دوارۆژی شیاو ١٩٩٦، ئیستا ١٩٩٣، هونـەری شـیعر ١٩٨٩، چـەندانی تـر وەکو کۆنەکان پیویست، هۆ، هەلکەندن....

لەکاتی وەرگیرانی ئەم کۆمەلـە شـیعرەی شـاعیردا، گولبژیـرم لـە دیوانـە جیاجیاکانی شـاعیردا کـردووە، وەکـو کارنـاك شـان بەشـان هونـەری شـیعر ئقلیدس، بازنە، سیویەك سۆنیتە، شتەکان، شار.

**سەرچاوە:** بەشیکی زۆری ئەم وەرگیرانەم لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، برایەتی، ئەمرۆ، میدیا، گۆڤاری رامان بلاوکردۆتەوە.

## دیدەنیەك لەگەڵ گیلڤیك دا

پـاریس پایتــەختی ئــەدەبو هونــەرو جوانییــە، لەسەرانســەری گیتییــەوە شاعیران و نووسەران رووی تێدەکـەنو بەیـەك دەگەنو بـیرو بـاوەرو بۆچونیـان لەگەڵ یەکتریدا دەگۆرنەوە، لەسوچی هەر چایخانەیەك دا دەیان شانەو شـەپۆلی ئەدەبی جێ دەبن ئەم جۆرە شانانەش پرۆسەیەکی کاتین، بۆیـە یـەکتر ناسـینو سوود وەرگرتن، ئیمرۆ شەپۆلی باو لە پاریس، شـەپۆلی سـیمبۆلیزمە، کـە بناغـەو بنەمای شیعری نویی فەرەنسییە، جبران خلیل جبران ناحـەقی نـەبووە کـە بلێ: خۆزیا دوا تەمەنی ژیانم لە پاریس بەسەر دەبرد..

بـەلێ لـە پاریسـی فەشـەنگدا بـۆم لـوا کەلـە شـاعیرو نووسـەرانی وەکـو گیلڤیـك جـاك کوشـیرۆ، کریـس کوتشـیرا، جـیرار شـالیان، ئـەدۆنیس، عبداللطیف اللعبی، سعدی یوسـف، شـوقی عبدالامـیر، کـاظم جیـهادو صلاح الحمدانیو چەندانی تر بناسم، کاتێ لە سەر ئارەزووی شـیرکۆ شـیعرەکانیم وەگیرایــــە ســــەر زمــــانی فەرەنســــی بــــەهوی هــــاوریی شــــاعیرم ( صلاح الحمدانی)یەوە، شیعرەکانو نامەیەکیم بۆ (گیلڤیك)ی شـاعیر نـارد، کە پیشەکییەك بۆ شیعرەکان بنووسێ، دوایی دیدەنـی منـی کردبـوو منیـش بەهەلم زانی کە گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ دا ساز بکەم، کە لە پاریس بوو گفتوگۆکەم لە رۆژنامەی (الحیات اللندنیە) دا بلاوکردەوە.

پاش ئەوەی ئاشنایەتی لەنیوانماندا پەیدا بوو، نامەم بۆ دەناردو ئەویش وەلامی دەدامەوە، دوانامـەی شـیعریکە پیشکەشـی منـی کـردووە بـەناوی بـۆ هاوریم کەمال مەعروف کە بەم جۆرەیە:

ئەوانەی کە من دەدۆزنەوە
دیاری بیدەنگی خۆمیان دەدەمێ
بەڵام ئاخ رۆژگار
تازە بەسەرچوو
ناگەریتەوەو ئەبەد نایگەمێ

لە کاتی گفتوگۆکەدا بە (گیلفیك)ی شاعیرم وت، ئەگـەر هـەلیکم بۆریـك بکەوێ، بەشیك لە شیعرەکانت وەردەگیرمە سەر زمانەکەمان، دیارە گیلفیك زۆری پی خۆش بوو هەروەها وتـی زۆر کـەس شـیعرەکانمی وەرگـیراوە هـەر پرسیشی پێ نەکردووم.

***هەروەکو لە بەشیکی زۆری شیعرەکانتدا بــە دەردەکـەوێ لـەجیاتـی مـرۆڤ بایەخ بەشتی ماددی دەدەن، ئایا راستە؟ هۆی چییە؟**

-بایـەخ بەشـتی مـاددی دەدەم چونکـە ژیـانی منداڵیـم ژیـانیکی پـر لـە نەهامەتیو نەبوونیو ناخۆشیبوو، دایکم لەو جۆرە ئافرەتانـەبوو، کـە زۆر خـراپ مامەلـەی لەگـەلدا دەکـردم زۆر تونـدو تیـژ بـوو، زۆرجـار دارکـاریو فەلاقەی دەکـردمو دەیخسـتمە ژووریکـی تـەنیاوە، بـەڵام بـاوکم پۆلیـس بـوو ئیمە لە خانوویکدا دەژیاین کەسەربەدەرەك بوو. سەگو پشیلەم نـەبوو کـە هاودەمی تەنیاییم بێ لەبەر ئەوە هەر شتومەکی ماددی وەکو قاپو قاچاخو چەقۆو قنینەو دۆلاب هاوریو لە دەورو پشتم بوون.

سەرەرای ئەوەش هاوریم هەبوو کە وەکو من بەزمانی فەرەنسی قسەیان دەکرد، چونکە برۆتۆن ئەو کات بە زمانی فەرەنسی قسەیان نەدەکرد بـەلکو بە زمانی برۆتۆنی، ئەز خۆم بەشاعیری شتو مەك دانـانیم بـەڵام خـۆم بـە

شاعیریکی سروشتی دەزانم، بایەخ بە شتی ماددی دەدەم کە ڕەنگدانەوەی سروشتو کاری مرۆڤە. باوەر دەکەم شاعیری سروشتو ژیانم، بە شیوەیەکی گشتی لە راستیدا من ئارەزو و خۆشی جیهانم دەوێ، جیهان بە مانافراوانەکەی بەئینسان، ئاژەڵ، رووەك، داروبەردەوە، بەلای منەوە شیعر شادیو جەژنە گیتی هاوبەشی تیدا دەکات. ئەگەر (رامبۆ) ژیانی راستەقینە بە ون دادەنێ، ئەوا شیعر ژیانی راستەقینەی ئیستایە.

***وەکو دەردەکەوێ جۆرە جیاوازییەك لەنیوان ئەدەبو سیاسەت دەکەن؟ هۆی ئەمە چییە؟**

-من شەست ساڵ زیاترە دەنووسمو کتابەکانم لە ماوەی جیاجیادا بە چاپ دەگەیەندرێ- شاعیر- مرۆڤە لە هەمان کاتیشدا هاوولاتییە، لەگەل میژوودا ژیانم بەسەربردو میژووش منی جێ هیشت، پاش شەری جیهانی دووەم، من شاعیریکی تیکۆشەرو مولتەزیم بووم بەکیشەی مرۆڤەوە. لە سەرەتای دەست پی کردنی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا من چوومە ریزی بەرگری فەرەنساو شیعرەکانم رەنگدانەوەی رووداوەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بوون.

بەڵام دوای جەنگ شیعرم بەچەکیکی سایسی دەزانی، ئەمە هەڵە بوو شیعر نابێ لە خزمەت هیچ شتیك بێ تەنیا لە خزمەتی خودی خۆی نەبێ، شیعر ببیتە شتیکی دانسقەو نایابو خزمەتی مرۆڤو توانای مرۆڤ لە چوارچیوەی کۆمەلگای پیشکەوتوودا بکات، دیارە شیعری سیاسی باشیشم نووسیو لە ئیستگەی رادیۆ خویندرانەوە بەتایبەتی لەسەر جەزائیرو ئیرانو ڤیتنام بوون بەرای خەلکی، باشترین قەسیدەی شەر بوون بەڵام ئیمرۆ شیعری سیاسی مولتەزیم نانووسم، خەباتیکی زۆرم کردو لەگەڵ ژیر

کەوتنـەکانی سیاسـیدا هــاودەمیم کــرد، کاتــێ کــارە چەپەلــەکانی ســتالین ئاشکرابوو، هەستم بە تاسەیەك کرد، تاکو ئیستاش کاریگەریتی بەسەرمەوە دیارە ماوەیەکی زۆر لـە شـیعر نووسـین وەسـتام و هەسـتم بـە ون بوونیکـی رەها دەکرد، لەبەر ئـەوە بریـارم دا کـەچی تـر شـیعری سیاسـی نەنووسـرێ، بەڵام پیویسـت ناکـات شـاعیر خـۆی بـەم بابەتانـەوە خـەریك بکـات، هـەندێ شیعرم نووسیوە، خەلکی بەسیاسی دادەنین، بەڵام خۆم خـاوەنی شـیعرەکانم لەگەل ئەم رایانەدا ناکۆکم، ئەگەر بەراست شیعری سیاسی بێ ئـەوا شـیعری سیاسییە بە بێ هۆشیاری لەدایك بووە.

ئیسـتا تەمـەنم بۆتـە هەشـتاو دووسـاڵ، شـیعری دلـداری دەنووسـم زۆر بەدلدارییـەوە سـەرقالم وەك لـە سیاسـەت. سیاسـەت ئـەمرۆ لــە فەرەنسـادا شتیکی تەماوی‌و نادیارە. مەبدەئیکی دیارو ئاشکراو رونی نییە. شیعر دەبێ شتیکی پیرۆز بیت بەمـەش دەتوانـێ خزمـەتی مرۆڤایـەتی بکـات ئیمـرۆ لـە فەرەنسادا شیعر دەنگیکی گەورەی نییە، وەك لە وڵاتانی عەرەبی هەیەتی.

**پ٣/ هەروەکو دەزانین دریژخایەنیتان لەنیو حیزبی شیوعیدا بـەرێ کـردو بـاوەری پیشکەوتنخوازی لە کــارە شـیعرەکانت دا رەنگیـان داوەتـەوە، جگـە لـە هەندیکیان نەبێ لەبەر چی ئەمە وابووە؟**

وەلام :- شـیعرەکانم بـە پیشکەوتنخوازی دەمینیتـەوە، چونکـە ئامـانج‌و ریـرەوم بـەرز کردنـەوەی مـرۆڤ‌و ژیانـە شـیعرەکانم رەشـبین نــین، بــەلکو شــیعری خۆشەویســتی‌و ژیــان‌و سروشــت‌و ئافرەتــە بــە کورتــی شــیعری یەکسانی‌و ئەڤینە. لەسالی ١٩٨٠ەوە لە حیزبی شیوعی جودا بوومـەوە پـاش ئەوەی سی‌وهەشت سال خەبات و تیکۆشانم کردو هاریکاری خەباتی رزگاری خوازی گەلانم کرد، وەك دوژمنیکی سەرسەختی سەرمایەداری دەمینمـەوە،

لـە هـەمان کـاتدا دەسـکەوتەکانی ولاتـانی ئیشـتراکی، دەسـکەوتی بـاش‌و بــە کـەلکن پـاش داگیرکردنی ئەفغانسـتان بریـارم دا واز لــە کۆمۆنــیزم بــهینم چونکـە نـابی دەولـەتی دەسـتدریژی بکاتـە سـەر دەولــەتیکی تــر هــەروەها دەسـت خسـتنە نـاو چیکۆسـلۆڤاکیا، حـیزبی شـیوعی فەرەنســی هەلویسـتی نارەزایی خۆدەربری، بەلام بۆ ئەفغانستان‌و مانـەوەی تییـدا، ورتەیـەکیان نەکرد، تاکو ئیستاش هەواداری ئیشتراکیم‌و دەبی ئیشتراکی نـوی بکریتـەوە، باوەردەکـەم مارکسـیەت نــەمردووە، پیویسـتە چــەمکی پرۆلیتاریــا نــوی بکریتەوە، لە دلەوە دەخوازم کــە ئیشـتراکی مرۆڤایـەتی لـە دایـك ببـی وەك (دولبشك)دەلی.

## پ٤/ ناوچەکــەتان ( برۆتــۆن )ی فەرەنســی چ کاریگەرییــەکی بەســەر شیعرەکانتەوە هەیە؟

وەلام: کاریگەرییەکی گەورەو بەهیز، یەکەم زەوی بـوو، کـە چـاوم تیـدا هەلهیناوە کاتێ چاوم دەقوچینم‌و خەیالٚ دەکەم، بـە تـەنیا وینـەی برۆتـۆن دەبینــم ناوچـەی برۆتـۆن ولاتەکـەم‌و نیشــتمانی دایکمــە، زۆری لەســەر دەنووســم کتیبیکــی تایبــەتیم بــەناوی (کارنــاك) نووســیوە، پشــتگیری بزوتنەوەی سەربەخۆیی برۆتۆن دەکەم، برۆتۆن زیاتر لەپاریس ئیلهامم پێ دەبەخشێ، هەر چەندە کتیبیکم لە ژیر ناونیشـانی شـار نووسـوە، کـە باسـی ژیانی پیشکەوتو و شارستانیتی دەکات.

بەلام ژیان لە پاریس نییە، بۆیە پارچەیەك شیعرم لەسەر شـاری (سـان جون برۆڤلی) ناوچـەی برۆتـۆن دانـا لـەویدا قوتابخانـەی سـەرەتاییم تـەواو کردو ئیستا قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەناوی منەوە هەیە، زۆر شانازی پیـوە دەکـەم، هـەروەها زۆر بـە ناوچـەی ئـەلزاس کاریگـەرم کـە ســیانزە سـالی لێ

ژیـاوم، لـەویدا چوومـە قوتابخانـەی ئامـادەییو رووبـەرووی ژیـان بوومـــەوە، پاشان ناوچەی (ئەلبەیانس) بەڵام لە هەموویان زیاتر کاریگەریتی برۆتۆنـە بەسـەرمەوە دیـارە، خـۆم بـە شـاعیریکی برۆتۆنـــی نـازانم بـەلکو برۆتۆنـــی شاعیرم.

**پ٥/ هەڵویستـان لەسـەر قـەیرانی شـیعر لـە فەرەنسـا بەتایبــەتیو لــە ئەوروپا بەگشتی چییە؟ هۆیەکانی کامانەن؟ چۆن چارەسەر دەکرین؟**

وەڵام: باوەر دەکەم جیهانی ئەوروپا سەراپای ئەمرۆ بە دەسەڵاتی قانون، هەمووشتیکی گیانی بەرەو هەلدیری دەروا، هەلدیریکی گەلەك بەهیز کـاتی شـتەگیانییەکان بـەرەو لیـژی دەچـن، شــیعریش بــەرەو دواوە دەگەریتــەوە، ئیمە لە فەرەنسادا بەدەگمەن گوێمان لە گۆرانی فەرەنسی دەبێ بە تایبەتی ئـەو گۆرانیانـەی کـە ئاسـتیکی بـەرزو بـێ وینـە یـان هــەبێ، ئــەوەی هەیــە کۆمەلە مۆسیقایەکنو هاوار دەکەن، وە هـەتا ولات بـەرەو پیشەسـازی بچـێ، نرخی شیعرو ئەدەب بەرەو کەمی دەچیت. ئەمـەش واقیعیکـەو پـەیوەندی بەپـەرە سـەندنی سـەرمایەدارییەوە هەیــە، بـۆ نموونــە ئــەمرۆ شــیعر لــە فەرەنسـاو ئـــەمریکادا جـــەماوەریکی زۆریـــان نییـــە، ســـەرەرای ئەمـــەش پیویستیو ئارەزوومەندی بێ پایانی بۆ گوێ گرتنو خویندنەوەی شیعر لـە ئارادایە، بۆ تیرکردنی ئەم تاسەو ئارەزووەش، پیویسـتی بـە دیدەنییـە، ئـەم بەیـەکتر گەیشـتنەش شـتیکی مەحالـە، دەتوانـین بلیـین (موعجیزەیـە) بـە گویرەی دەزگای بلاوکردنەوە، شیعر کالایەکە بەهایەکی بـەرزی نییـە، ئیمـە لە جیهانیکدا دەژین کە پـول زالـەو نرخیکی بـالای پـێ رەوا بیـنراوە ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە هـەندێ شـاعیر نادیـارنو شیعرەکانیشـیان گـرانو ئالۆزن. شیعر بۆتە مەیدانی دەستەیەك خوینەری شیعریش رۆژ بە رۆژکەم

دەبیتەوە، خودی شاعیرەکانیش دووره پەریزنو لە تەنیاییەکی سنور تەسك دا دەژین، باوەردەکەم رزگارکردنی تەنیا بە ریگای قوتابخانەوە دەبیت.

پیویستە قوتابخانە ئەم خۆشەویستییەی شیعر بسەپینێ. لە پاریس دا میزگردی شیعریش زۆرە کە چی کریاری کتیبی شیعری پیچەوانەیە. تاکو ئیستا لە فەرەنسادا دەستەیەکی کەم لە هەوادارانی شیعر ماونو پەیوەندییەکی توندو تۆلیان بەشیعرەوەیە.

تەنانەت شاعیریك نییە کە بەدەست مایەی چاپەمەنییەکانییەوە بتوانێ بژیوی ژیان مسۆگەر بکات، هاورێ (جۆرج سۆمیلو) بۆی نووسیبومو دەلێ: لەو کاتەوە کە ئابوری هەنگاریا بۆتە سەرمایەداری کتیبی شیعری زۆر بەکەمی دەفرۆشری چونکە دەزگاکان بایەخیکی زۆر بە چیرۆکی پۆلیسیو روت دەدەن، چونکە داواکاریان یەکجار زۆرە.

من زۆر رارامو دەترسم، کە ئەم دیاردەیە پەرەبسینێو دەسەلاتی پولە پول، بەتەنیا خودی خۆشم بە پارەی کتیبەکانم ناتوانم بژیم، کە نزیکەی پانزە هەزار تاکو بیست هەزار خوینەری دلسۆزم لەدەورا کۆبوتەوە.

بەرنامەی شیعری لە تەلەفزیۆن بوونی هەرنییە، بەلام رادیۆ بەرنامەیەکی شیعری پەخش دەکات لەسەر شەپۆلی کەنالی رۆشنبیری فەرەنسی کە خەلکیکی کەم گویی لی دەگرن، سەرەرای ئەمەش چەند دەقیقەیەك بۆ شیعر خویندنەوە تەرخان کراوە.

**پ٦/ لە بەرچی شیعر دەنووسی؟ ئایا شیعر بۆ خودی خۆت دەنووسی یاخود بۆ کەسانی تر؟**

وەلام: من شیعر دەنووسم، چونکە پیویستم بە نووسینە، فەرمانیکەو پابەندی نەخۆشییەکە، کە زیاد لە پیویستەوەیە، ئەگەر پانزە رۆژ لەشیعر

نووسینا بوەستم، تورەو رارا دەبم، لە داب‌و نەریتی خۆم دەردەچم، کاتێ خورپەو ئیلهامم پێ دەگاو بەهێز دەبی ئەوکاتە شیعر دەنووسم جاری وا هەیە پارچە شیعر لە رۆژێکدا دەهۆنمەوە، من لە پیناوی خوینەر نانووسم بەلکو لە پیناوی ئەوەی شوینی خۆم لە جیهاندا دیاری بکەم.

شیعر دەنووسم تاکو خودی خۆم بەرەو رووی خۆم ببمەوە، بە هیچ شیوەیەك بیر لە جەماوەر ناکەمەوە، ماوەیەکی زۆرە باوەرم وایە کە ئەوەی دەینووسم بەلای خەلکەوە گرنگ نییە.

ئەمەش هیچ لە ئارەزووی من ناگۆرێ ئیستا ناوم لە ئاستیکی بەرفراوندا ناسراوە، بەهیچ کلۆجێ بۆ جەماوەر دانا بەزم، هەندێ لە گەنجەکان لاسایی شیعرەکانم دەکەنەوە، کاریکە ڤیزی لی دەکەمەوە، هەندی جار شیعر لە کەش‌و هەوایەکی نامۆ چی دەبێ، جاریك پارچەشیعریکم لەسەر شەری ڤیتنام نووسی بەهیچ جۆرێ بیرم لی نەکردبووە، بەلکو لەمالّ ئاوایی کردنی برادەریکم بووم، کە خۆی کوشتبوو، کە لە مالەوە گەرامەوە، بێ ئەوەی بیر لە ڤیتنام بکەمەوە پارچە شیعریکم لەسەر ڤیتام نووسی، من هەموو شتێ لەسەر دەفتەر تۆمار دەکەم شەوانیش لەسەر رایەخی نووستن هەموو شتێ لەسەر ئامیریك تۆمار دەکەم پاشانیش پاکنووس‌و گۆرین‌و فریدانی بەسەردا دیت، تاکو دەبیتە شیعریکی باش.

**پ٧/ راو بۆچوونت لەسەر شیعرو شاعیرانی ئەمرۆی فەرەنساو ئاسۆی دوا رۆژی چۆنە؟**

وەلام: ئەوەی پەیوەندی بە شاعیرانی هاوچەرخی فەرەنسییەوە بێ بایەخ بەو شاعیرانە دەدەم کە هاودەمی خۆمن وەکو (پاریو)، (ئەندەری ترینۆ)، هەروەها ئەوشاعیرانەی کە لەم دواییەدا مالئاواییان لی کردین وەکو

(میشو)، (شار) (پونج)و هەندێ شاعیری تر سەر سامییان زۆرن وەکو (ئەندری دوبوشی) (ئیڤا بونفوا) بەڵام بۆنەوەکانی داهاتوو هەمانە (دوگویی)، (رونیاند) بیرنارنویل)، (کلود ئیستیلۆ). هەروەها شاعیری گەلی (جاك بریڤر) کە بەهۆی گۆرانییەکانییەوە ناسراوە. باسی رارایی خۆم ناکەم، سەبارەت بەزمانی فەرەنسی کەوەکو زمانی ئینگلیزی لەلایەن زمانی ئەمریکییەوە هەرەشەی لی دەکرێ ئەز برۆتۆنی شاعیرم، بەڵام پیش هەموو شتیك شاعیری فەرەنسیم زمانەکەمان سامانەکەمانە، بوونمانە، خودی خۆمانە بەتایبەتی بەگویرەی شاعیرەوە کە بەهۆی ئەوەوە دەگاتە جەماوەرو پیرۆزایەتی هەروەکو هومیرۆس سەرتاپاگیری.

### چیمەنتۆ

هەولی زۆرم لەگەڵ چیمەنتۆ داوە
بەڵام، بەڵام
هیچ نازانێو جەستەیەکی
نەگیراوە
راوەستانی لە شوینیکدا زۆر مەحالە
چونکە لە خودی خۆشیشیا
لە هەموو ترسی بەتالە

### دۆڵاب

دۆڵاب
سنوقیکی داخراوە
رەنگە هەندێ مردوانی لی بکەوێ

رەنگە هەندی نانە چەورەی لی بکەوی
دۆڵاب
گەلی نانو
گەلی مردووی لەنیو ناخا ئاخینراوە

## زنار

من پیویستیم
بە رکەبەریی تۆ هەیە
تا رووبەرووی دوژمنانت
ببیتەوە
کە لەرووت دا خودی خۆیان
دۆزییەوە
من پیویستیم بە تۆ هەیە
تاکو ببی بە هاودەمی راپەرینم
ئەگەر شەویکی دی هاتو
تیژ تیپەری‌و هاتەوە
نەتوانێ بۆ قورگی مەرگی
بێ پەروا بمانباتەوە

## بزمار

کە بزمار ژەنگ هەلدینێ
پشوو دەداتو ناتوانێ
جاریکی کەش

خودو ناخی بەکاربینێ
وەکو ئیمە پشوو دەدات
بزمار
بزمار
لە بێ دەنگی مردوو سمین
خۆی چێ دەکات

### قەروانە

ئەی قەروانەی بەکار هاتوو
بەرەنگی چینی
تۆ نوێ بوویت تۆش شیرینی
بەدریژایی ئەم تەمەنەی
لەم مالەدا بردوتەسەر
دەپیم بلێ
چ شتیکە فیری بووی هاتە بەر؟!

### لە یادی گابریل پیری دا

درۆیە
مردوو
ئیمپراتۆریکی بی سنوورە
فەرمان
هەموو هەراو هۆریان
مردوو
کاتێ مردوو دەخۆین

حەسوودیمان پێ دەبەن
درۆیە
مردوو
لە خوین و شیر دروست کراوە
مردوو
شەوانە
لە ئیمە دریژترە
مردوو
بە دارو با پێ ناکەنێ
کاتێ باران بەسەر گوندا دەبارێ
بەدارو با پێ ناکەنێ
مردوو
دەفر وەرناگیرێ
کاتێ دەیسوورینن
هەرگیز مردوو وەرمان ناگرێ
بۆ تەنگ پێ هەلچنین لەبێ تاوان
پیویست بە درۆناکات
چونکە مردوو شتیك نییە
بەتەنیا جەستەیەکی ون بووە
هەرچەندە راستە
مردوو
بێ دەنگی لەزەویدا بەجێ دەهیلێ
بەڵام
لە هەموو شوینیکا

بەرزترین دەنگە
بەرزترین دەنگ بەجێ دەهیلێ

**لادێ**

چەند ئاستەنگە
دیوارەکان رابوەستن
بەدریژایی ئەم شەقامە
بەرزو پر پەناو پیچە
دیوارەکان رابوەستن
ئامادەبوەکان هاتن
بۆ ئەوەی دەستی زبریان
لە سەکۆی پەنجەرەدا بشۆن
بەر لەوەی ریگا
بەرەو ڤیستیڤال ببرنو
بوونی خۆیان بسەلمینن
دەتوانی شەمەندەفەر ببینی
کە بەشەقامەکاندا دووکەڵ دەکات
دەتوانی چرای داگیرساو ببینی
هەندێ جار
گویت لە چریکەی منداڵ دەبیت
کاتێ هاوار بەگویی دوا رۆژدا
دەکات
پەیامی خۆی بەرەو دوا رۆژ دەبات

## گۆرانی بۆسیمون

رۆلەکەم
وەك ئاگادرییەك
دەریا دیارییەك نییە
تاکو پیشکەشتی بکەم
رۆلەکەم
شەپۆل جیهانیکی کەیەو
بەبێ وەڵام بەسەریا
گوزەردەکەی
رۆلەکەم
ئاسۆ، میریکی نەوازەو
لە خزمەتدایە
رۆلەکەم
کاتی دار بەڵالووك
ئامادە دەبیت
هەرکە دۆزیتەوە
بەکەس باوەر ناکات
تاگزرەی دار نەکەیت
رۆلەکەم
سەما چیت پێ دەبەخشێ
ئەوەتا لە چاوتایە
تۆ لە دووی بایی بوویتە
بەڵام رۆلەکەم

هیوا لەو بایی بوونە بەهیزترە
لەدەریا بەهیزترە
لە شەپۆڵ
لە سەما
لە بەڵالووك بەهیزترە

## بینینی دارتاشیك

دارتاشم بینی
پارچە تەختەی دەبری
دارتاشم بینی
پارچە لەوحەی وەردەگیرا
دارتاشم بینی
گەمەی بە باشترینیان دەکرد
دارتاشم بینی
بەرەو ماشینی پاککردنەوەی دەبردو
شیوەیەکی تەواوی پیّ دەبەخشی
ئەی دارتاش
تۆم بینی
بەدەم گۆرانییەوە
دۆلاب دروست دەکەیت
وینەکەت
لە یادم دەرناچیت

که بۆنیکی بەهیزی پەلکەداریَ دیت
ویك چوون لەنیوانماندا هەیە
چونکە هەردووکمان تاك چی دەکەین
دەس لە گەردنی خەمیك دەکەین

**دەمەویَ زوو لە خەو هەلسم**

لەم بەیانیەی هاویندا
دەمەوی زوو لەخەو هەلسم
بۆ گۆ ناو گەردەنم
لەم ئاوە سازگارە بنۆشم
دەمەویَ دوای کاری بەردەوامی
هەنگ بکەوم
دەمەویَ تی بگەم
دەمەویَ بە ئاگابم‌و
زەردەزیرەش ببینم
لەوانەیە
ئەویش وەکو هەنگ لە کاردابیَ
دەمەویَ
هەست بە رارایی بوون بکەم
چونکە زەردەزیرەش هەردەم
کار دەکات
دەمەویَ پیش دەرکەوتنیکی مەزن

خەبەر داریم
دەمەوێ بزانم
رۆژ کەی دەست پی دەکات
ئەویش لە خۆیدا سەرکەوتن
وەدەست دەخات

**لەبیردا**

لە شانەی بیردا
لە قووڵایی بیردا
لە تەنیاییدا
ناکرێ، ناکرێ
شتی لەمە زیاتر بکرێ
تەنها ئەوە نەبێ، یادیبکەیتەوە
لە دڵا گری بخەیتەوە
ئەو لەبیرم دەکا
ئیتر ئاهەنگ
بۆ کێ سازبکرێ
لە کاتیکا ئاهەنگ پیویستە
دەپیم بلێ بۆ کێ بکرێ

**بێ وەستان**

گولە کیوی
بەلایەنی کەمەوە

قەرزەکانی خۆی دەداتەوە

بەڵام تۆ

مەلەرزەو

رامەوەستە

گولە کێوی

بەلایەنی کەمەوە

قەرزەکانی خۆی دەداتەوە

## هاوسەنگی یەکەم

چونکە ئاسمان فراوانە

کات بەسەر دەبات

کاتو ئاسمان

بەتەك یەکەوە دەمیننەوە

بەڵام ئەوەی یەکەم دەیەوێ بیلێ

ئەوی دی پیشتر دەیزانێ

هەر لە هەوەڵەوە

سەرە تایان شاراوەیەو لەبیر کراوە

چیرۆکەکە

خودی خۆی دووبارە دەکاتەوە

لەخەوتا خودی خوی دووبارە

دەکاتەوە

هەریەکەیان بەرەو خودی خۆی دەبیتەوە

ئەو مەزنەو خودی خۆی

خۆش دەوێ
هەریەکەیان
لەوی دی دوور ناکەویتەوە
زیاتر لە خودی خۆی دوور
دەکەویتەوە.

## پیا هەلدانێ

بنمیچی کەڤەرە کۆنە وەربگرە
دوای نیوەرۆ، یەکسەر
سەرجەمی بەردەکۆنەکان ریز بکە
لەتەك دار سنجوە کە
پیکەوەن و(با) دەیان جوولینێ
بیان خەرە سەریەك
هەندێ لە هەورە سپیەکانی
ئاسمانی چاوشین دەیانشۆرێ
بەتەنیا سەیریان بکە
بە تەنیا لی یان گەرێ

## دووبارەکردنەوە

بازەوی بۆ میرووولە
دووبارە بکەینەوە
پیویستیمان بە رۆژەو

لە رووناکیش دوور دەکەوینەوە
با دووبارەی بکەینەوە
زەوی لە هەمان شویندا
چاوەنواری سبەی ناکات
هەر رۆژەی بایەخی خۆی هەیە
لەکات فراوانترە
تەنیا روژی نەبی
پیمان نابەخشی
بادووبارەی بکەینەوە
لە سووچیکی ئەم گیتیەدا
کە پیویستییەکی زۆری بە ئیمەیە
بادووبارەی بکەینەوە
ژیان فراوانتر دەبێ
کە ژیان فراوانتر دەبێ
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ
لەشی ئافرەت فراوانتر دەبێ
درەخت دریژتر دەبی و
دەگاتەroomمەتی هەور
لەم کاتەدا
ئیمەش دەچینە ناو کونی بچوکترین
گولەوە
دلدارەکان دەتوانن
وەکو ویستیان بە ساکاری

خوشەویستی بکەن
زور ئەستەمە
مروڤ بگاتە ژیانی
بە هەمان ئاسانی
بە هەمان بی دەنگی
بە هەمان رەنگی

## برێ هەواڵ

ئەم هەموو هەراو
سەیرو گولمەزە لەسەر کورسییە
کورسی تاوان نییە
چوار مەشقی دادەنیشێو
داخ لە دلی سەرنە کەوتنە
کورسی لەمە زیاتر تەماح کار نییە
لەمە زیاتریش قەرزار بار نییە
وینەی تەواوی تیدا زۆرە
وینەی گولاوی تیدا زۆرە

## سنەوبەر

ئەی سنەوبەر
بە بالای بەرزی
دەمینیتەوەو سەر لی شیواوی
هاوار دەکەی

بەناحی زەوی سوێرا
کەسیش گوێت لێ ناگرێ
لەگەڵ ئەو بۆ شاییەی ناختدا
لە خودی خۆ تا دەمێنیتەوە
باڵندە
کاتێ لە شوێنێکا سەرگەرم دەبێ
ئەویش لەوانەیە وا بکات
کاتێ بەسەر ئاسمانە کراوەکاندا
دەکرێتەوە
تا ڕۆژگار ئارامی بگرێ
لەهاتنە خوارەوەیدا
وەکو پیاوێکی ناوشار
دەردەکەوێت

**داری زستان**

ئەم دارەی وا لێرانەدا لێی ڕوواوە
تەختەیەکەو
باڵدارێکە بە حەواوە
سەری بەرزەو
نانەوێت وڕوو لە خواوە
ئەو دارەی لێرە ڕوواوە
وەکو تەختە
وەك باڵندە درەختێکە بەحەواوە

## ئەوانەی کەمن

بۆ ك.م

ئەوانەی کەمن دەدۆزنەوە
دیاری بێدەنگی خۆمیان دەدەمێ
بەڵام ئاخ رۆژگار
تازە بەسەر چوو
ناگەریتەوەو ئەبەد نایگەمێ

## سێ گۆشەی لاجودا

زیدەرۆییم کرد
لە بیری رژیم
کە بەسەرما زالە
گەرچی بیریکی
بە بێ دوا رۆژو
بەبێ هەوالە

## هیلی شکاوە

کەسەیری خۆم دەکەمو
لەگەڵ خودی خۆمدا دەدویم
وا هەست دەکەم کات دریژە
زۆربەی کاتەکانیشم لی ونن
لەوانەیە راست بێو
نەفرەت بەدوامەوە بێ
ونیش بەلامەوە بێ

## سی گۆشەی جووت لا

له داخورمانی بەشیکی حوکما
من سەرکەوتوو بووم
چونکە لە خودی ناخو دەروونا
ویستی خورسکی هیرش کردنی
بووم

## خاڵ

لەمه زیاتر
کە بۆ برینی دووهیله
ناتوانم لەمە زیاتر بەریدەم
ئەز هیچ شتێ شك نابەم
دەڵێ بەدوام کەوه
هیل سمیت نیچیر گرتنه
گەرچی هیچ شتیك دەربارەی نازانم
دە با شەکێ دەمبینێ
ئا ئیستا دەمفەوتینێ

## نەزانین

له کتیبی
هونەری شیعری Artpoe Fiqve وەرگیردراوه
نازانم چۆن

بەسەر هەورەکاندا گوزەر بکەم؟!
بۆیە من خەیاڵ دەکەم
ئەمە ئاستەنگە
بەتایەکاری
ئەگەر نەروانم
خەونە، خەون
ئەوەی خولیامە کە بینووسمەوە

**چوون**

دەچم
لە من نزیك بەرەوە
درەخت
بەرد
زنار
دۆڵ
ئیوە دەناسن
مەودا من قەدەغە ناکا
لەگەل ئیوە
قسە دەکەم
گوی دەگرم
بەمەش، ئیوە هەست دەکەن
چاکەم لەگەلدا بکەن

## بوونی نییە

هەتاو لەناو شەوێ دا
نییە
بەڵام یادگارەکانی هەن
راوەشاندنی هەیە
کە بەیەکتری گەیشتن دەبەخشێ
لەنیوان ئەو یادگارانەدا
دوا گەرانەوەی رووناکی
بەدی دەکرێ

## هەورەکان

هەورەکانم بینی
تێ دەپەرین
ئارەزووم بوو
جاریك بم بەنو
ببمە هاودەمیان
بە هیواشی سەرکەوتمە لایانو
لەگەلیاندا ئۆغرم کرد
چەندیش سەیری ئەوانم کرد
زۆرم لە دەوری خۆم نەبینی
نازانم لەبەرچی
شتیك نادۆزمەوە
کە بیلیم تاسەرسام بێ

## شتێکی ئاسان نییە

شتێکی ئاسان نییە
دیوارێك بێت
بەتاقی تەنیا
لەنێوان دوو موڵکی موفتدا
ناو بەناوە
بایەك
یان باڵندەیەك بێ
دیوارەکە
ناتوانێ
لە ئاسمانا
لەسەر درەختی زیزەفوونا
بنووسێ
بەڵام ئەو دەزانێ
کە دەنووسێ
لەسەر پلەیەکی بێ بناغەیە
منی ئارەزووم بوو
بەبێ دەنگی بدوێم
بەبێ دەنگیش لەگەڵ چەقدا قسە
بکات

ئەوە ئەوانن
کە من پێویستیم پێیان هەیە

## ئەو خوێنەی

ئەو خوێنەی
لە ڕووداوێکدا دەمرێ
لەسەر شوستێکدا دەرژێ
وەکو ئەو خوێنە نییە
لە پێناوی ئازادیدا
لەسەر شوستێک دەمرێ

## داواکردن

داوام لێ مەکە
من چۆن گەیشتم
من هیچ شتێک نازانم
خودی خۆشم
لە وڵاتی ڕەشەوە هاتووم
کە کانیاوەکان پێک دێنێت

## ئەمرۆ

ئەمرۆ
ڕۆژی هەتاوە
ئەو سەرکەوتوونییە

ئەو ئاهەنگی نییە
ئەو شادە بەوەی کە هەتاوە
هەموو شتەکان
بە کۆتاییەکانی خۆیان شادن
کە ئەوپییان دەبەخشێو
هەتاویش رۆژی خۆیەتی
کە شیعری خۆی دەنووسیت

## کێ پیی گوتی

کێ پیی گوتی
کە شیعرەکانت
شیعرن
ئەگەر لە هاماجی بەردەوامیدا
بە نەقشکراوی بمینیتەوە
ئەوجا دەبیتە شیعر

## گۆرانی

گۆرانی
دەتوانێ بێ دەنگ بێ
بی دەنگیش
دەتوانێ بژی
بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ
ئیوەو ئەو بلێ

چونکە ئەو
هەلگری گۆرانییەو
بە ئاسۆکاندا تی دەپەرێ

## پیویستی

پیویستە
جوانی، لە جیهانیکی ترەوە
بیت
تا
ئەمەی هەیە، بەرەو پیشەوە
بروات
هەندی جاریش
ئەمەی هەیە، رادەوەستیت
سەیرکە
ئەم کلیسە رۆمانسییەی قەراغی
شار
چۆن ئاسمان بۆی چەماوەتەوە
سەیرکە
ئیستا کە
بویرەکان دەلین
ئیمە لە کویین

## ئاو

من وەکو ئاوم
پیویستە بەگویم بکرێ
من وەکو هەورەکانم
کە پیویستە برۆنو
بکەونە ناو بارانەوە

## شیوە

بەو شیوەیەی تۆ دەتەوێو
حەزت لییە
وەکو ئەوەی مەبەستتەو
ئەو شیعرەی
تۆ بەدوویدا ویلی
لەوانەیە
هیشتا، تۆ نەت نووسیبیتەوە

## تۆ

ئە تو
سەیری قەلەرەش بکە
سەرسام دەبی بەوەی دەیکات
لەسەر کیلگەکان
لەبەردەم پەنجەرەکان
ئەو هیچ شتێ لەبیر ناکات

ئەو سەیری تۆ ناکات
ئەو هەر دەنووسیتو دەنووسیت

## لەنیو شیعری تۆدا

کوکوختی، لەنیو شیعرەکانی تۆدا
زۆرینەی باسەکانت
باسی ئەوە
کەواتە
یاد ئاوەری ئەوببە
لەگەلیدا بژیت
کاتیك
بەهاردیّو
هەموو کەشەکان راپیچ دەکاو
تیّ دەپەرن

## پرۆگرامیك

پرۆگرامیك بۆ ئەمرۆ
ئەوەیە
تۆ گولیتو
لەنیوان هەنگەکاندا
بینیتم

### دەزانم

من، دەزانم
دەزانم کە تۆ یەك درەختی
تۆش دەزانی
کەخۆت، خۆتی
بۆیە
رووناکی لە ناوی خۆتدا، دابخەو
وەڵامی من مەدەرەوە

## لەبەرچی

لەبەرچی
هەردەم
بەردەوام دەنووسی؟
چونکە هەست دەکەی
نەگەیشتوویتە پۆپنەی لوتکە

### دەلاقەیەك

لەناولەپی هەوریکدا
دەلاقەیەك هەیە
دەستی بەسەر ئاسمانا گرتووە
ئەوەم پیَ دەبەخشیَ
جاریکی دی

زیدەتر
ئارەزووی نووسینی شیعر بکەمو
بێ هوودە
بەدوای پەرینەوەی بوارەکانی مندا
دەگەڕێ

## بەدەرکەوتن

بەدەردەکەوێ
بێ ئەوەی تۆ هیمایەکی بۆ
بکەیت
بەبێ جولە
تۆلەوێ دانیشتوویت
تۆ سەیری هەموو لایەك دەکەیت
بەڵام جولە لە تۆدا نەرمن
لە ناخی گەردوونی وەردەگریتو
تیی دەگەیتو
جەستەی دەخەیتە روو
نازانم چ گومانیکە
وا بە ئەسپایی وشەکان دینو
دەبنە سەرەتاکانی رستە
کیشیك دەسازینێو
سوودیك وەردەگریت

**سەیرکردن**

سەیرم کرد
بینیم
هەردەم شتێك تێ دەپەڕیت
کێ بوو هێرشی هێنا؟
ئەوەی دیتم
لە نزیك و لە دور
لەو قوتابیانەی
بن کەوتن
لەوانەی دوا کەوتن
من هەستیان دەکەم
دەستم بەریان دەکەوێو ناکەوێ
بێ ئەوەی لیم نزیك ببنەوە

**ئاوا بوون**

هەتاو ئاوابوو
دەتوانرێ ڕەنگەکان ببینرین
کێ باوەڕی بەوەهێنا
کە شتێك نییە بمێنێ
کە هەتاویك دەمرێ
شتێك لەوینەی ئەودا نییە
بۆ شیعر
بۆیە هەردەم هاواری کرد

من بورغییەکم
وەرم بگرن‌و پرم بکەن
من خۆم ناکوژم
من دەلاقەیەکم لە تۆریکدا
کە لە مردن پیکهاتووە

## ئایا دەبینم

ئایا دەبینم؟!
ئەوەی دەیبینم
ئایا من دەیبیستم؟!
ئەوەی دەیبیستم
لەوانەیە بیبینم
ئەوەی دەیبیستم
لەوانەیە بیبیستم
ئەوانەی دیتمن
لەوانەیە هیچ نەبن
تیکرا ئەمانە
هەناسەیەکی
دەنگەکان‌و
رەنگەکان و
رووخسارەکانە

**ئیرە**

**من لیرەم**

**هیچم نەکردووە**

**بەڵام لەوانەیە**

**لە راوکردن بم**

**لە کتیبی سەرچاوە (Kalla)**

**شتیك نییە**

**شتێ نییە**

**ئارەزووی هەبێ**

**ئەگەر سەرچاوەی نەبێ**

**ئەگەر ئەم**

**یەکەم لەدایك بوونو**

**باوەری وابوو کە ئیستێ**

**چۆتە ناو جیهانیکی جیاواز**

**زیاتر**

**لە حیکایەتەکانی**

**مەلیك دەچوو**

**دیوانی ( کارناك ) carnac**

**دەریا**

**ئەی دەریا**

**بە دەوری نەبوونیدا**

تیکەڵاو بە نەبوونیدا
دەمەوێ
بە باڵاترین دات بنیم
ئەی ئۆقیانووسی
بێ سنور
لەسەر ئەو حەوزانەی دروستی
دەکەی
لە کەلەکەکردنی خۆیدا
لەوێ تۆم بینی
دەنووستیت
حەسرتیکی ترت هەبوو

## چوونە سەرکەنار

من چوومە قەراغی کەناریك
بەدریژایی زریانەکان
پیاسەم کرد
من دەچم و پیاسەدەکەم
بۆ ئەوەی
ببمە هاودەمی ئۆقیانووس
بە هیواوە ئەویش یارمەتی دام
بە چاوی خۆی بینی
کە چۆن لەسەر جەستەی

دەنووسریتەوە
بێ شك من دەناسێ
کەواتە باشترە

## چەند کۆپلەیەکی

خنە خنەکان
هەموو ئەوانەی لەبیر ناکرین
ئەوانەن
کەرۆژگار لەبنی هیناون
تۆش دەزانی
کە ئاسمان بنمیچی نییە
چونکە ناتوانێ بیپاریزێ
***
شەویش
هەلدەستێو بە ئاگادێ
***
پیویستە
کە بۆبەردیش قسە بکەین
جاریکی کەش
هەموو شتێ بگیرینەوە
***
سلاو ئەی گولەکانم
کۆتایی تۆشم چاو پێ دەکەوێ

***

هەزارساڵ

دوای هەزاران ساڵ

خۆر هەمان پەیوەندی

بە کاتەوە هەیە

***

لەناو خودی کاتدا

هاوارێك

دژی کات هەیە

***

من لێرە چی دەکەم

کە هیچ شتێ لێرە نەکەم

***

سێبەر

بە لەسە بوونی خۆی دەشارێتەوە

وە بیرم نایەتەوە

توانیبێتم

چاوی پەپوولەیەکم

خوێندبێتەوە

***

ئەمرۆ

چاوەڕیی شەوم نەکرد

چونکە لە تاریکییەکەی دەترسام

## سەرچاوەکان:

1-Guillevic, Art poetique , Gallimard, paris, 1989.
2-Gullevic, Carnac, Avec, Ville, Parol, inclus, executoire, Terbaque Trouees, Autres.

## ٢-ئەلمانیا

## ئەوینەکانی گۆتێ

## ١٨٣٣-١٧٤٩

گۆتێ شاعیرو نووسەرو سیاسی ئەلمانی، لە خێزانیکی دەولەمەندو دەسەلاتدار لەدایك بووە، لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی پسپۆر زمانی لاتینی، یونانی، ئیتالی، ئینگلیزی، عیبری هەروەها مۆسیقاو وینە کیشانی خویندووە، لە سالی (١٧٥٩)دا زمانی فەرەنسی تەواوکرد، کاتێ لەشکری فەرەنسی هاتە ناو شاری فرانکفۆرت لە شەری حەوت سالاندا، گۆتێ بۆ خویندنی ماف چووەتە شاری لایبزگ.

لەوێ پەیوەندی دلداری پەیداکرد، سالّی (١٧٧١) وانەی مافی لە ستراسبۆرگ تەواو کرد بەو شارە سەرسام بوو کە بە کاتەدرائییە ناسراوە، پەیوەندی بەهەردر-ەوە کردو کاریگەری زۆری لەسەر دوا بەرهەمەکانی جێ هێشت.

هەروەها بەفردریك سەرسام بوو، کاتێ بەرەو فرانکفۆرت-یش گەڕایەوە، دەستی بە نووسینەکانی کرد، پاشان هەندێ فرمانی کارگێڕیو یاسایی گرتە ئەستۆ. لەسالّی (١٧٧٥) دا ناوو ناوبانگی پەیدا کرد. ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەر) ئەم ڕۆمانە نەمرەی کە ئەدەبێکە بەتەواوی بەگۆتێ-وە پەیوەستە، ئەدەبێکە دواتر وەبەرهەمی هێناو لەگەڵ هەموو بەرهەمەکانیدا ناکۆکە، گەشتە ئیتالّیاییەکەی گۆتێ-ی کەشف کردوو کردی بەپیاوێك کە دەیویست

خـودی خـۆی لـەنێوان جوانـی کـۆنو هەسـتە ئەڵمانییـەکان کۆبکاتـەوە، کەتێیداسەرکەوتنێکی وەدەست هێناو ڕاپەڕینێکی بەرپاکرد، ڕاپەڕینێك کە سەدەی شـازدەیەمو حەڤدەیـەم بەخۆیـەوەیان نـەبینی، دوای گەڕانـەوەی لـە ئیتاڵیـا راسـتەوخۆ (تاسـۆ)ی نووسـی، پاشـان بیرۆکـەی (فاوسـت)ی کەوتـە مێشکەوە، بەشی یەکەمی ساڵی ١٨٠٨ بەچاپ گەیاند، بەشی دووەمیـش سـاڵی ١٨٣٢. گۆتێ لە فاوست-ی یەکەمدا ویستی ئەڵمانی بێـت، بـەڵام لـە فاوسـت-ی دووەمـــدا، لـــە ڕوانگـــەی ئەندێشـــەی دوورونزیکـــدا ویســـتی وێنـــەی بەیەکگەیشتنی عـەقڵی ئـەڵمانی بلیمـەتی پێشـینان دەربخـا، کـە بەشـێکی تایبەتی ژیانی گۆتێ بوو، ویستی بگاتە کۆتاییەکی زیرەکانە، فاوست ناوێکە زۆر لـە ئـەدەبدا بـەکاردێت، هونەرێکە نرخێکی دیـاری هەیـە. تۆژەرەکـانی مێژوو، دەریان خستووە کە خاوەنەکەی بوونی هەیەو لەنێوان ساڵانی (١٤٨٠-١٥٤٠)دا لـە ئـەڵمانیا ژیـاوە، ئـەم چیرۆکـە ئەفسـانەی لێ دەگێڕنـەوەو موغامـەرەی سـەیرو سـەمەرەی دەخەنـەپاڵ، سـیمبوڵی کەسـێکە لـە موعجیزاتەوە سەری هەڵداوە، کە سایەتی فاوست تینـووی لـەزەتو زانسـتە. بۆ ئەوەی بە ئاواتەکانی بگات، خۆی فرۆشتە شەیتانو بیستو چوار سەعات لە خزمەتیدا بوو، شەیتانیش سۆزی خۆی بەجێ گـەیاندو هـەموو خۆشـیو لـەزەتێکی بـۆ مەیسـەرکرد. دەرگـای پـەرجووی لەسـەر کـردەوە، ئـەم کتێبـە میللییە بەپێی ئامۆژگاریو بۆ چوونی خـەڵك زیـادکردنو گۆڕانـی بەسـەردا هـات، (ئازارەکـانی ڤارتـەر) و (فاوسـت) لـە ئـەدەبی ئـەڵمانی و جیـهانیدا دووشاکاری ڕەسەنن، زمانێك نییە لە زمانەکانی جیهان کە ئەم دووشـاکارەی بۆ وەرنەگێڕدرابێ. گۆتێ لە ژیانی هونەریدا لەنێوان ڕۆمانتیكو کلاسـیکدا، بەبیری فراوانو سۆزی ناسك لەهەموو بوارەکاندا توانای تەقییەوە خۆی بە قوتابخانەیەکی ئەدەبییـەوە پابەندنـەکرد، پـەیڕەوی دابونـەریتی سـەردەمی

نـەکرد، بەرهـەمێکی بـێ ئـەژماری لــەبوارە جیاجیاکــاندا خســتە ڕوو، وەك مۆسیقا، ئۆپێرا، شیعروشانۆ...تاد. هەشتاو ســێ ساڵ ژیـا، تەندروسـتی بـاش بوو، خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزبوو، خۆی بەکەیفەو ڕابواردن بەسەر نەبرد، ئەم شتانەی بۆ ئاسان کرابـوو، چونکـە پلـەو پایەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـەرزی هـەبوو، ئیمـپراتۆری ئـەڵمانیا (جۆزیفـی دووەم) ناونیشــانی خانــەدانی پــێ بەخشـی. ئـەم ناونیشـانە لـە چــەرخی گۆتــێ‌دا، نرخێکــی بــەرزی هــەبوو، ئەمەش دەرفەتی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ چینی ئۆرستوقراتی‌دا بۆ ڕەخساند، بەڵام گۆتی خـۆی، بـەم ژیانـە نەسـپارد، هەربـەژیانی خۆیـەوە خـەریك بـوو لەسـەر خـوو ڕەوشـتی خـۆی بـەردەوام بـوو، زیـاتر چالاکی هونـەریو کـاری داهێنـانی بـەپێز تـرو دەوڵەمـەندتر بـووە، خانویـەکی قەشـەنگی لـە شـاری (ڤایمار) کڕی هەموو ژیانی لەم خانووە بەسـەربرد، تـەنیا چـەند گەشـتێکی بۆ ئیتاڵیاو فەرەنسا کرد، زۆربەی ژیانی لە (ڤایمار) بەڕێ کرد، شارێك دوور لە دەنگە دەنگو ژاوە ژاو بوو، زۆر هێمن بـوو، لەسـەر ئـەفراندنو داهێنـان بـەردەوام بـوو، لـە ژیـانیدا توشـی توانـج و ڕەخنـەی زۆر بـوو، بـە تایبــەتی لەسەر وەرگرتنی ناونیشانی خانەدان لە ئیمپراتۆری ئەڵمانیو ڕاوێژکاری لە شاری (ڤایمار).

ناحــەزەکانی دەیــان وت: گۆتــی بـــەهۆی شــاکارەکانیەوە، بەهرەیـــەکی هونەری بەرزی هەیە، شوێنو پایەی لـە کۆمـەڵدا دیـارە، چ پێویسـت ناکـات، لەقـەبی خانـەدان لــە ئیمـپراتۆر وەربگــرێ، پلــەی گۆتــێ لەوشــتانە گــەلێ بـەرزترە. شکسپیر پلـەو پایەیـەکی بـەرزی هــەبوو، لــە کۆشــکی پاشــایەتی ئینگلیزیدا زۆر ڕێزی لێ گیرا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناونیشانێکی وەرنـەگرت یان هیچ وەزیفەیەکی پەسەند نەکرد، هونەری باڵا زۆر لە ناونیشان باڵاترە، لەقـەبو ناونیشـانو وەزیفـە خـاوەن بـەهرە بچوکـەکان هـەوڵیان بـۆ دەدەن،

پیویستە گەورەکان ریزو تەقدیری خۆیان بگرن، بەلام گۆتێ گویی بەم قسانە نەدەدا، لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو، شۆرشی فەرەنسا کە دەستکردو سەرچاوەی داهینانو هونەری وشك دەبێ، بۆیە گویی لە قسەی خەلك نەدەگرت، بە پیچەوانەوە گویی لە دلی خوێ دەگرت.

دوا ئەزمونی خۆشەویستی لە هەمووان زیاتر تانەو توانجی لێ گیرا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتووترین تاقیکردنەوەی دلداری بوو، لە تەمەنی چل سالیدا پەیوەندی لەگەڵ کچیکی تەمەن بیستو سێ سالیدا بەست، بەناوی (کریستینە فیلبوس) کە لە کارگەی شاری (ڤایمار) کاری دەکرد، بەلام گۆتێ پلەو پایەیەکی کۆمەلایەتی بەرزی هەبوو، چ لە ئەلمانیاو چ لە ئەوروپا، کیژەکە هاتە لای گۆتێ تاکاریك بۆ براکەی پەیدا بکا، کریستینە کیژیکی جوانو پر سیحر بوو، دلی گەورەی گۆتێ بۆی لییدەدا، خۆشی ویست، خۆشەویستییەکەی نەشاردەوە، کریستینەی جوانو ساکاریش ئەم خۆشەویستییەی رەت نەکردەوە، هەروەها گۆتێ بەوە بەناوبانگ بوو پەیوەندی دلداری لەگەڵ ئافرەتاندا زۆربووە، بەلام کریستینە گویی بەم شتانە نەدەدا، دەنگو باسی دلداری کریستینە گەیشتە کۆشکی شار، بەپەیوەندییەکی نەگونجاویان لە قەلەم دا، وتیان چۆن دەبێ هونەرمەندیکی مەزنی وەك گۆتێ پەیوەندی بە کچیکەوە بکات کە لە چینەکەی خۆی نەبیت، دیارە نەچینە کۆمەلایەتییەکەی خۆیو نە پیاوانی کۆشك لیی نابورن، هەروەها ئافرەتە ئۆرستوقراتییەکانیش ئەوەیان رەت ئەکردەوە کە کریستینە بیتە دیوەخانی ئەدەبیو بەشداری ئاهەنگ بکات، بە لایانەوە کچیکی کریکاری ساکارە شایەنی ئەوەنییە تیکەلاوی ژیانی چینی سەرووبیت، بەلام گۆتێ گویی بەم قسانە نەدا، خۆشەویستی خۆی لەگەڵ کریستینەدا بەهیزترکرد، کریستینە هاتە مالی گۆتێ، هاتنیشی

گێرمەو کێشەی بۆ دروست کرد، هاتنی وەك بەڕێوەبەرێکی خانووەکەی بێ، یان وەك خزمەتگوزارێك بـوو، کاتـێ گۆتـێ میوانـی دەهـات، کریسـتینە وەك کارەکەرێك کاری دەکرد، لەگەڵ میوانەکاندا دانەدەنیشتو قسەی لەگـەڵیاندا نەدەکرد بەڵکو بە تەنیا هۆگری گۆتێ بوو، بەم خۆشەویسـتییە ڕازی بـوو و لـە دنیـا هیـچ شـتێکی تـری نەدەویست، بـەگوێرەی گۆتـێ شـەوە پـەیوەندی کردنـی بەکریسـتینە-وە کارەسـاتێکی گـەورەی بـۆ خولقـاند، بـەڵام جوانـــیو سـیحری کریسـتینە ئیلهامشـادی پـێ دەبەخشـیو لەگـەڵ کریسـتینەدا وەك هونەرمەندێك مامەڵەی نـەدەکرد بولکـو وەك خۆشەویسـتێك هەڵسوکەوتی دەکرد باسی ئەدەبیاتیان پێکەوە نە دەکـرد بـەڵکو باسـی ڕۆژانـەیان دەکـرد، وەك دوو عاشق پێکەوە ڕایان دەبـوارد، پـاش ماوەیـەك گۆتـێ بڕیـاری دا کـە کریستینە بخوازێ، حەوت سـاڵ لەگـەڵیدا ژیـا، پـاش کـۆچ کردنـی گۆتـێ، بـە تەنیا مایەوە.

پـەیوەندی گۆتـێ لەگەڵ کریسـتینە-دا لـە هـەزار کتێـب باشـترە پێیـان بەرپەرچی ئەوکەسانە بداتەوە کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤدا دەکـەن، گۆتـێ بـەپراکتیك دەری خسـت کـە لەگـەڵ یەکسـانی ئـەوروپای هـەژاند، چـەرخی نـاپلیۆن-ی بینـی، نـاپلیۆن گەیشـتە شـاری (ڤایمـار) هـەموو هیـوای گۆتـێ هێمنیو ئارامی بوو، لە گەردەلولو ڕەشەبای زەمانە دووربێ، کاتـێ نـاپلیۆن گەیشتە (ڤایمار) داوای دیدەنی گۆتێ-ی کرد، باشترین مامەڵەی لەگەڵدا کرد، نـاپلیۆن زۆر بەکەسـایەتی گۆتـێ سەرسـام بـوو، بەرهەمـەکانی گۆتـێ-ی خوێندەوە لە چەرخی پڕ لە ئـاژاوەو گێرمەوکێشـە، دەبـێ ئـەدیبی گـەورەی وەك گۆتێ چی بکات، نایەوێ خۆی بداتـە دەسـت ئـەم کـەشو هـەوا ئـاڵۆزە، بەڵکو لێی دەرباز دەبێو خۆی لێ دوورە پەرێز دەگرێ. هەرچەندە ڕەخنـەی زۆری لێ گیراوە، بەڵام گوێی پێ نەداون، چونکە ژیـانی (ڤایمـار) ئارامییـەکی

باشی بۆ مەیسەرکردبوو، ئیشوکاری گران نەبوو، ئامانجی لە وەزیفەش ئەوەبوو بە ئارامی لە مالەوە بژیو خەریکی کاری هونەریو داهینانی خۆی بێ، لە راستیدا میژووی ژیانی دەربارو ناونیشانی گەورە گۆتێ-یان فەرامۆش کرد، بەلام کارە بە نرخەکانی (ڤارتەرو فاوست) هەردەم لەیادنو دەخرینە بەر چاوان، فاوست هەوینو سەرمەشقی چەرخی نوێ بوو، ڤارتەریش مالئاوایی لە چەرخی خەیالو رۆمانتیك دەكات.

هەروەها درکی کرد کە مرۆڤ بەرەو چەرخیکی تر دەچێ ئەویش چەرخی عەقلو بایەخ پیدانی بەرفراوانە بەواقیع، بەلام فاوست مژدەیەکە کە مرۆڤ پشت بەزانست دەبەستێو زۆر لە نەهینییەکانی سروشت لە ریگای زانستەوە دەدۆزیتەوە، بەمجۆرە گۆتێ جاری دا کەچەرخی سیحرو خەیال بەسەرچوو، چەرخیکی نوێ دەستی پیکردووە، کە چەرخی زانستو راستیو گەمارۆدانی نهینییەکانی سروشتە لە دەریاو زەویو ئاسمان، تەنانەت لە جەستەی مرۆڤیش، گۆتێ لەگەل دەسەلاتو خەلکیدا بە ئاشتی دەژیا، بۆ ئەوەی بتوانێ پییان پاریزگاری هیزو توانای داهینانی خۆی بکات، لەشەرو ناکۆکییەکاندا خۆی کەنار گرت، کە هەر دەم لە بەردەم داهینانو ئەفراندندا دەبونە کۆسپ، کەسایەتی گۆتێ سەرنجی لیکۆلەرەوەکانی راکیشا بەوەی کە خاوەنی دلیکی هەلچووی پر لە خۆشەویستییە. بەم جۆرە لە خۆشەویستییەکەوە بۆ خۆشەویستییەکی تر دەگویزیتەوە میژووی پر لە لەسۆزو چیرۆکی دلداری، بەدەیان ئافرەت لە دەوری کۆدەبوونەوە.

لەنیوانیاندا هاتووچۆی دەکرد، وەك ئەوەی لەناو گولاندا پیاسە بکات، گۆتێ لەو هونەرمەندانەبوو، کە نەیدەتوانی بەدلیکی سارد کاربکات، دلە گەورەکەی وەك مۆمیك دادەگیرساند تا لەبەر روناکییەکەیدا شتەکان ببینێ.

رچەشکینی سۆزاوی، زۆر لەگەڵ پلەو پایەی ئەدەبیدا نەدەگونجا، بەڵام گویی بەم قسانە نەدەدا و بۆ ژیانی تایبەتی خۆی دەژیا، هەستی کرد ئەگەر گوێ بەم قسانە بدات ئەوا دەبیتە کەسیکی تر.

تیگەیشتنی مرۆڤایەتی راستەقینە، هەموو سنورەکان دەشکینێ. بەم جۆرە کریستینەی گەیاندە تەختو تاراجی دلی سۆزی مرۆڤایەتی، دلی گەورەترین پیاوی چەرخەکەی.

**سەرچاوەکان:**

1-Emile Fauguet, Initiaion litteraire, Ed, Academe Francaise , paris

٢-جبور عبدالنور، المعجم الادبی، بیروت، ١٩٨٤.

٣-رجاء النقاش، عباقرة و مجانین، قاهرة، ١٩٩٠.

## ٣-ئەمریکا
## سکوت فیتزجیرالدو هەمینگوای
## تەلیسمەکانی ون بوون دەشکێنن

ئەمریکا لەنێوان هەردوو جەنگدا (١٩١٨-١٩٣٩) کۆمەڵگایەکی پڕ لە ژیانەوەو تەنگژەو ئاڵۆزی بوو، لە ساڵی ١٩٣٠دا بە ملیۆن ئەمریکی تووشی برسییەتیو نەبوونیو بێکاریو قاتو قڕی بوون، ئاستەنگەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەبەرهەمی شاعیرانو نووسەرانی ئەمریکیدا رەنگیان دایەوە، کە دەربڕی ئەو بێ هیواییو رەشبینیو مایەپوچی کۆمەڵی دەکرد، خەڵکانی ئەمریکا بە هۆی ئامرازی جازەوە ئازارو خەمەکانیان فەرامۆش دەکردو دەکەوتنە سەماو هەڵپەڕکێوە، ئەم بێ هیواییەش پاڵی بەئەدیبانەوە ناوە کە بەرەو ئەوروپا بەگشتیو پاریس بە تایبەتی بچن، تاکو هەست بە ئارامی دەرونی بکەن، کە لە وڵاتەکەیاندا بۆیان مەیسەر نەدەبوو، ئەودەستە ئەدیبانە لە دەوری (جروترود شتاین) کۆبوونەوە، تاکو ئاواتەکانیان لە بواری ئەدەبو هونەردا بیتە کایەوە، شتاین لەهەموویان زیاتر خاوەن ئەزموونو شارەزایی بوو، دیارە شتاین نەی دەویست ئەدیبان لەخشتە بەرێ، بەڵکو ئەویش بە هەمان شێوە هەستی بە ون بوون دەکرد، بۆیە ناوی لێنان (نەوەی ونبوو)، دیارە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئەم نەوەیەش هەمینگوایو سکۆت فیتزجیرالد) بوون ،سەبارەت بە هەمینگوای توانی بەرپەرچی ئەو دژوارییەی بداتەوەو

ناخۆشییەکان تێپەڕێنێت، توانی سەرکەوتنێکی گەورە لە بواری ئەدەب و ژیان بەدەست بهێنێ و بەرامبەر تەنگژەکانی ژیان ددان بەخۆدا بگرێ و بەرەنگاری بێتەوە تاکو بەسەری زاڵ دەبێ و تەلیسمەکان دەشکێنێ.

## سکۆت فیتزجیرالد

فیتزجیرالد، سالی ١٨٩٦ لە شاری سانت پۆل لە دایك بووە، باوکی لەلای بازرگانێك شتی دەفرۆشت، بەهۆی ئەومیراتەی کە بۆیان بەجێ مابوو، توانییان ژیانێکی پڕ لە خۆشی بەسەربەرن، فیتزجیرالد خوێندنی لە ئەکادیمیای سانت پۆڵ و پاشان لە قوتابخانەی نیومان و کاثولیك لە نیۆیۆرك تەواو کرد، سالی ١٩١٣ بۆ برینستون چوو، سالانی خوێندنی زانکۆی پڕ لە زیرکەوتن و سەرکەوتن بوو، چیرۆکی دلداری لەگەڵ جینفراکتك بەبێ ئاواتی دڵ کۆتایی هات. لە سالی ١٩٢٠ زیلدا سایری خواست، پاش شەش ڕۆژ یەکەم ڕۆمانی بەناوی (ئەمە لایەنێکە لەبەهەشت)دا سەرکەوتنێکی دارایی باشی بەدەست هێنا، ٥٠،٠٠٠ هەزار نوسخەی لی فرۆشرا، نزیکەی حەوت هەزار دۆلاری لی چنگ کەوت، ئەم ڕۆمانە باس لە خراپ بوونی سروشتی ئەمریکا پاش شەری جیهانی یەکەم دەکات، دوای بلاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ناوی سکۆت کەوتە سەرزاری هەموو خەلك ئەم هەموو سامانە زۆرە پێویست بوو، لە ڕەش بینی و ئاژاوە دەربازی بکات و بەرەو ڕێکخستنی بەرێ، تاکو زیاتر سەرکەوتن و ناوبانگی دەرکەوێ بەلام سکۆت هونەرمەندێك بوو، کە دلسۆزی چەرخەکەی بوو کە چەرخی جاز بوو، ئامانجێکی دیاری نەبوو، بیری لە دوارۆژ نەدەکردەوە، کەسایەتییەکی پڕ ڕاراو دوو دلی هەبوو، فیتزجیرالد لەگەڵ زیلدا سایردا پەیوەندی دلداری

پەیدا دەکاتو دەیخوازێ، زیلدا کچیکی قەشەنگو پر لە زیندەگی بوو، ئاواتو خەونی بە وینەکیشو سەماکەری بالەوە دەبینی باوەری وابوو لەتەك میردە بەناو بانگەکەی، ناوی لە سەرزاری هەموو خەلك دەبیت، ناخۆشی رۆژگار لەنیو دەبەنو شتیکی نویی پر لە بەهرەی پێ دەبەخشن، چەند سالێ پیکەوە خۆشیو شادییان بەسەر برد، بیئەژمار دەست بلاوییان کرد، (کۆلن ویلسن) لە کتیبەکەیدا، (بیروباوەرو یاخی بوون) دەلێ: فیتزجیرالدو زیلدای جوانو شۆخو شەنگو بالا نەونەمام، پارەیەکی زۆریان سەرف دەکرد هەندێ جار جلەکانیان لە چیشتخانە دەگۆری، سواری ماشینی کری دەبوون، ویسکیو شامپانیایان دەنۆشی، لە ئاهەنگیکەوە بۆ ئاهەنگیکی تر دەچوون، لە شاریکەوە بۆ شاریکی تر، ژیانیکی پر لە سیحرو ئەفسانەیان پیکەوە بەرێ دەکرد، ئەم ریگایەی لە ژیاندا گرتیانەبەر بەرەو بێ ئەنجامی بردن، خەونەکانی زیلدا لە وینەکیشانو سەماکردندا لە دایك نەبوو ئەم سەرشیتییەی کە بەسەریاندا زالْ بوو، لەلایەك بەرەو مایەپووچی بردن لەلایەکی ترەوە چیژی ئەدەبیو هونەری لە چەرخی جازدا چیژیکی جیگیر نەبوو، بەلکو لە هەلچوونو داچوون دابوو، بۆیە سەرکەوتنی لەرۆمانییەکەمدا بەردەوامیی بەدوادا نەهات، هەرچەندە رۆمانی تری نووسی، سالی ۱۹۲۲ (جوان و شیرین)ی نووسی، رۆمانی سێیەمی سالی ۱۹۲۵ (گاتسبی مەزن)ی نووسی، (ت.س ئەلیوت) بەم شیوەیە باسی دەکاتو دەلێ: هەنگاوی یەکەمە کە رۆمانی ئەمریکی بەخۆیەوە ببینێ لەکاتی (هنری جیمس)دا (گاتسبی مەزن) باسی سروشتی ئەمریکا دەکات بەلام بەشیوەیەکی بەهیزترو تۆکمە ترو پیشکەوتووتر، (گاتسبی مەزن) ئیمرۆ بەیەکیك لە شاکارەکانی جیهانی دەژمیردریت، لە کاتی دەرچوونیدا سالی ۱۹۲۵ رەواجیکی ئەوتۆی نەبوو، لەرووی داراییەوە بەرەو کزی چوو، نەیان

توانی رووبەرووی واقیع ببنەوە، بەلکو زیاتر هاندەریك بوو بۆ مەی خواردنەوە، گیروگرفتی مەیو رەشبینی وای لیکرد کە رۆمانی چوارەمی لە سالی ١٩٣٢ بەناوی (لەسەمای ڤالس رزگارم بکەن) نووسی، سالی ١٩٣٢ (شەوی درەوشاوەی) نووسی کۆمەلێ وتاری بەناوی (سکوایر) لە ئەنجامی مەستی نووسی، کەباری داچوونی پیشان دەدات، هەموویانی لەژیر ناوی (هەرەس هینان) کۆکردەوە، زۆربەی رەخنەگران لەو باوەرەدان کە فیتزجیرالد تەجاوزی رۆمانی (گاتسبی مەزن)ی نەکردووەو، کە دەستکەوتیکی پر بەهایەو گاتسبی کەسایەتیکە لە ئەمریکا دەدوێ، بۆ نمونە پیشینانی ئەمریکا چۆن بوون، چۆن خزمەتی ئیستای نوێو نویخوازی دەکات. گەورەترین کارەسات کە بەرەنگاری سکۆت بۆوە، ئەوەبوو کە ناکۆکیو ناتەبایی لەنیوان خیزانەکەیدا سەری هەلدا، کە شیرازەی ژیانی لەگەلٚ زیلدا تیك داو سالی ١٩٣٦ لەیەکترجودا بوونەوە فیتزجیرالد دوا ژیانی لە هولیود بە ناخۆشی بەسەر برد تا لە سالی ١٩٣٧ کەوتە داوی دلدارییەوە لەگەلٚ کچیکدا بەناوی (شیلاگراهام) بەمەش تۆزێ لە ناخۆشی دووری خستەوە، لەدواییدا کردی بەکەرەسەی رۆمانیك بەناوی (دوافریشتە)، لەکۆتاییدا فیتزجیرالد بە نەخۆشی دلٚ کوچی دوایی کرد، زیلداش بۆ نەخۆشخانە گویزرایەوە تاکو لە سالی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کرد، بەم جۆرە هەردووکیان لە ویلایەتی فیریلاند لەتەنیشت یەکەوە نیژران، ئەستیرەی بەختیان درەوشایەوە، چیرۆکەکانی فیتزجیرالد پاش مردن سەرکەوتنیکی باشیان بەخۆوە بینی، جیرالدو زیلدا بوونە بابەتیك کە زۆری لەسەر بنووسریت بە تایبەتی نووسەریکی ئەمریکی بەناوی (نانسی میلفۆرد)کتیبیکی پینج سەد لاپەرەی لەسەر نووسین.

## ئەرنست هەمینگوای ( ١٨٩٩-١٩٦١ )

له سالی ١٨٩٩ له ویلایەتی ئیلینوا، له یەکێك لە لادێکانی شیکاغۆ، لە ناو خیزانیکی چوارخوشکی دا پەروەردە بوو، باوکی پزیشكو دایکی وانەی مۆسیقاو وینە کیشانی دەوتەوە، لە هاویندا خیزانەکەی لە جەنگەلستانی (مشیگان) ژیانی بەسەر دەبـرد، هەرلـەمنالیدا فیری راو و شکار بوو، کاتێ تەمەنی بیستو نۆساڵ بوو، کە باوکی خۆی کوشت، لـەکاتیکدا کە هەمینگوای خەریکی چاپ کردنی کتیبەکەی بوو بـەناوی مالئاوا چەکەکان، ئـەم رووداوە دڵ تەزینـە کاریکی زۆری کردەسـەر هـەمینگوای، بوو بـەهۆی ئەوەی کە لە ژیاندا سروشی لی وەربگریت.سالی ١٩١٧ قوتابخانـەی ئامادەیی تەواو کرد، بەشداری کرد لە دەرکردنی رۆژنامەی (کینزاس سیتیستار). رۆژنامەیەکی ناوچەیی ئەمریکی بوو، لەویدا فیری بنەمای رۆژنامەگەری بوو، لە سالی ١٩١٨ لە شەری ئیتالیادا پارچەیەك تۆپی نەمساوی بەردەکەوێ، ماوەیەك لە نەخۆشخانەی میلانۆ بەسەردەبا، لەویدا بەشی یەکەمی رۆمانی مالئاوا چەکەکان دەنووسێ، کاتێ هەمینگوای بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان گەرایەوە، وەکو پالەوانیکی شەری جیهانی یەکەمی ئەمریکی پیشوازی لی کرا، لەگۆڤاری (تورنتوستار) وەك سەر نووسەری وتار کاری تیداکرد، چەند مانگیك لەشیکاغۆ ژیا یەکەم ژنی لەویدا هینا، پاشان دیدەنی لەگەڵ نووسەر (ئەندرسۆن) کرد، هانیدا کە بۆ پاریس بچێ، سالی ١٩٢١ لەگەڵ ژنەکەیدا سەفەریان کرد، نزیکەی حەوت ساڵ لە پاریس مانەوە بە پیتترین ژیانی ئەدەبی هەمینگوای بوو، لە پاریس لەگەڵ نووسەرانی دوور خراوەی

وڵات وەکو (گیرترود شتاینر) عەزرا پاوەند، فورد مادوکس فور، سکوت فتزجیرالدا پەیوەندی پەیدا کرد، (گیرترود شتاینر) نووسەرو دەولەمەندیکی ئەمریکی بوو، کاریکی زۆری کردە سەر هەمینگوای‌و یەکەم قەسیدەی بۆ نووسی، لە سالی ١٩٢٣ هەمینگوای‌و ژنەکەی بەرەو ئەمریکا گەرانەوە، ماوەیەکیش لە تورنتو لە کەندا مانەوە، کە (جۆن)ی کوری لەوێ لەدایك بوو، پاشان وازی لەکاری رۆژنامەگەری هینا، سالی ١٩٢٤ دەستی بە نووسینی رۆمان‌و شیعر کرد، جاریکی تر بەرەو پاریس گەرانەوە بۆ ئەوەی بپەرژیتە سەر نووسینەکانی، ژیانی هەمینگوای‌و ژنەکەی لە پاریس ئاسان نەبوو لە شوقەیەکی ساکاردا دەژیان، ئەم ژیانە ساکارو سادەیەی لەکتیبەکەیدا بەناوی (گردۆلکە سەوزەکان) خستەروو، خۆشەویستی‌و دلسۆزی‌و خۆبەخت کردنی ژنەکەی وای کرد کە تەحەمولی ئەو ژیانە بکەن، کە هەمووی بۆ خویندنەوە تەرخان کردبوو، بەکارەکانی مۆباسان فلۆبیرو بۆدلیر سەرسام بوو، ئیلهامی لی وەرگرتن لەسالی ١٩٢٥ یەکەم کۆمەلە چیرۆکی بەناوی (لەچەرخ ماندا) بلاوکردەوە، لەهەمان سالدا هەمینگوای گەشتیکی بۆ ئیسپانیا کردو کەرەسەی ئەدەبی باشی کۆکردەوە پاش حەوت سالٚ کتابی (مردن لەکاتی رەسەنایەتی) دا بلاوکردەوە، دوای گەرانەوە لە ئیسپانیادا سالی ١٩٢٦ رۆمانی (رۆژ جاریکی تر هەلدێ) دوای ئەم چیرۆکە هەمینگوای لەریزی پیشەوەی چیرۆك نووسانی چەرخەکەی دەهات. سالی ١٩٢٧ لە ژنی یەکەمی جودا دەبیتەوە، پاشان دەچیتە سەر ریبازی کاثولیکی تاکو بتوانێ کچیکی زەنگین بەناوی (پولین فایفر) بخوازێ، هەمان سالٚ رۆمانی (پیاوانی بێ ژن)ی نووسی، دوای ژن هینانی بەرەو ئەمریکا گەرایەوە، دەسنووسی چیرۆکی (مالئاوا چەکەکان)ی لەگەلٚ خۆیدا هینابوو، پاش بلاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە سالی١٩٢٩ ناو و ناوبانگیکی زۆری

پەیداکرد، ئـەم چیرۆکـە بـە شـێوەیەکی گشـتی ژیـانو تـاقی کردنـەوەی کەسایەتی نووسەرپێشـان دەدات لەشـەرو خۆشەویسـتیدا، بـاس لـە مـرۆڤ دەکـات کـە پشت لـە کۆمـەڵ بکاو بـە تـەنیا بـژی، پالـەوانی چیرۆکـەکانی (کاترینو فردریك) بـوون، توانییـان چـەند مـانگیك لـە خانوویـەکی چیـایی دووره پەریز بژین. (کاترین) بـەهۆی منـداڵ بوونـەوە دەمریـت، (فردریـك) دەمێنیتـەوە تـاکو تـالی درك پـێ بکات، کـە مـرۆڤ بەتەنـها ماسـییەکە لـە دەرەوەی ژینگەکـەی ناتوانـێ هـەڵ بکـات، پاشـان پالەوانەکـەی هـاواری لێ هەلدەستێو دەلێ: جیهان تاکەکان لـەناو دەبـات، هـەمینگوای وەکـو زۆربـەی نووسەرانی ئەمریکی بە بیرو باوەری پیشکەوتنخوازانی ئـەورووپا لەسـەرووی هەموویانـەوە (دۆس پاسـۆس) کاریگـەربوو، لـە سـالی ١٩٣٢ هـەمینگوایو هاوسەرەکەی بۆ ئەمریکا گەرانەوە رۆمـانی (مـردن لـەکاتی رەسـەنایەتی) دا نووسی ئەم رۆمانەش بـاس لـە زۆرانبـازی گاکـان دەکـاو دەلـێ: ئـەم شـانۆیە، تاکە شوینە کە مرۆڤ ژیانو مردن شان بـە شـانی یـەکتر ببینـێ، سـالی ١٩٣٣ بە ریوەبەری گۆڤاری (ئیسکویر) داوای لیکرد کە گەشتیك بۆ ئەفریقا بکات، تـاکو چـەند وتـارێ لەسـەر دیدەنییـەکانی تۆمـار بکـات، ماوەیـەك لـە ریگـای ئیسـپانیاو پـاریس مایـەوە، بـە کینیـا گەیشـت، ئـەم گەشـتەی بـە فرۆکـەی تایبـەت بــە ئـەنجام گـەیاند کـە بەسـەر چیـای (کلیمنجـارو) تـێ پـەری، لەبەرهەمی ئەم گەشـتەدا، چیرۆکـە بەناوبانگەکـەی لـە دایـك بـوو بـە نـاوی (بەفرەکانی کلیمنجارۆ) کە سالی ١٩٣٦ لـە گۆڤـاری ئیسـکویر بـلاوی کـردەوە، کە لە دواییدا وەکو فیلمێ پیشاندرا، سالی ١٩٣٥ لـە کـاتیك دا کـەژیانیکی پـر لـە کـەیفو سـەفای لـە خـانوە قەشـەنگەکەیدا بەسـەر دەبـرد، چـیرۆکی (گردۆلکـە سـەوزەکان)ی نووسـی، تـەنگژەی ئـابووریو بێکـاری بەشـیکی گەورەی ئەمریکای گرتبۆوە، ئەم کارەساتو رووداوانە کاریگەری گیانی کردە

سەرهەمینگوای و بوو بەهۆی لەدایك بوونی چیرۆکی (هەتبیتو نەتبیت) سالی ١٩٣٧ بلاوی کردەوە، لەم چیرۆکەدا هەمینگوای کیشەی خەباتی نیوان دەولەمەند و هەژارەکان دەردەخاتو کەسایەتییەکی ساکار ئارەزووی کاری خیری هەیەو سیمای ئازایەتی پیوە دیارە، وەکو (هاری مورگن)و هاوسەرەکەی (ماری). کاتێ شەری ناوخۆیی لە ئیسپانیادا سەری هەلدا، هەمینگوایو دۆس پاسۆسو لیلیان هیلمان، زۆر تر لە رۆشنبیرانو ئەدیبان پشتگیری خۆیان بۆ کیشە کۆمارییەکان راگەیاند، هەمینگوای وەکو پەیامنیریك لەسەرجەنگی ئیسپانیا کاسیتیکی لەبارەی شەرەوە تۆمار کرد، کاتێ رۆزفلت پیی زانی داوای لیکرد لە کۆشکی سپی بیخاتە روو، کاتێ بۆ ئەمریکا گەرایەوە، لەژیر چاودیری نووسەرانی ئەمریکا پیشکەشی کرد کە لە بەرژەوەندی کیشەی کۆمارییەکانی ئەمریکا بوو، ئەم رووداوانە شانۆی چێ کرد بەناوی تابوری پینجەم، (بۆکێ زەنگەکان لی دەدرێ) سالی ١٩٤٠ بلاوی کردەوە، رووداوەکانی ئەم رۆمانەی لەچوارچیوەی شەری ناوخۆی ئیسپانیا وەرگرتووە، رەمزی کەسایەتییەکانی لە هەلویستی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەریو سەربەخۆییدا پیشان داوە، لەکەشو هەوایەکی رارادا خەباتی چەکداریو مردنیکی چاوەروان کراوی پرحەتمی خستۆتە روو، هەستی مرۆڤایەتی تیدا شی کراوەتەوە، درندایەتیو دلسۆزیو قوربانی لەپیناوی کیشە گەورەکەیدا دەربریوە، پاش بلاوکردنەوەی ئەم چیرۆکەی هەمینگوای تەراقی لە ژنی دووەمی پێ گەیشت، ژنی سێیەمی هینا بەرەو (شرق الاقصی) چوو، هەردووکیان پەیامنیربوون، بەدوای شەرەکان دا چوون، سالی ١٩٤٤ هەمینگوای کرا بەسەرۆکی گۆڤاری (کولیر)ی ئەمریکی لەلندن،، هەموو پەیامنیرانی ئەوروپا لەژیرچاودیری هەمینگوایدابوون، لە لەندەن سەرەرۆییەك لەگەڵ (ماری)دا دەکات، کە پەیامنیری گۆڤاری

(تایم)و (تایمس) ی ئەمەریکی بوو، لە هاڤانا سالی ١٩٤٦ دەیخوازێ، پاش ئەوەی لە هاوسەری سێیەمی جودا دەبیتەوە، لە سالی ١٩٤٩ هەمینگوای دەست دەکات بەنووسینی چیرۆکی (لەپشت رووبارو لەژیر درەختەکان)دا، کە سالی ١٩٥٠بلاوی کردەوە، ئەم چیرۆکەش، چیرۆکیکی ساکاربوو، ئەگەر لەگەڵ بەرهەمەکانی پیشووی بەراوردی بکەین رەخنەگران زۆر توانجیان لیداو رەتی ئەوە کرایەوە کە بۆ زمانانی تر وەربگیردریت، بەلام نووسەر تۆلە لە رەخنەگران دەستینیتەوەو چیرۆکی (شیخو دەریا) سالی ١٩٥٢ دەنووسێ، لەم چیرۆکەدا نووسەر وینەی جەنگی نیوان راوکەری ماسی لە دەریای کاریبی لەگەڵ ماسی گەورە دەگرێ، رۆلی سەرکەوتنی هیزی مرۆڤایەتی بەسەر هیزی سروشت دەردەبرێ، سەرکەوتنیکی جەماوەری باش بەخۆوە دەبینێ، هەرچەندە رەخنەگران بە کاریکی دەستکردیان دادەنا، سالی ١٩٥٤ خەلاتی نۆبلی ئەدەبی پێ بەخشرا. بەلام بۆ وەرگرتنی خەلاتەکەی نەیتوانی بۆ ستوکهۆلم سەفەربکات، چونکە لەکاتی لیکۆلینەوەدا کە بۆ گۆڤاری (لوك) ئەنجامی دەدا، لە فرۆکە بچوکەکەی خۆی کەوتە خوارەوە، لەنیوان سالانی (١٩٥٨-١٩٥٩) هەمینگوای لە ئیسپانیا لیکۆلینەوەیەکی رۆژنامەگەری لەسەر زۆرانبازی گاکان جێبەجێکرد، بۆ گۆڤاری (لایف)ی هەنارد سالی ١٩٦٠ لەژیر ناوی (هاوینیکی ترسناك) بلاویکردەوە، پاش ئەوەی بەناچاری وازی لە هەموو ئارەزوەکانی لە راو و جەنگی گاهینا، ریگای خەستەخانەی گرتەبەر، لە ٢٣ ئەبریل سالی ١٩٦١ نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا، بۆ رۆژی دوایی هاوسەرەکەی بە دەنگی گوللەیەك خەبەری بۆوە، بینی کە میردەکەی مالئاوایی لە ژیان کردووە.. بەم جۆرە ئەرنست هەمینگوای رۆلی گرنگی لەژیان بینی، توانی ناوبانگی جیهانی بۆ خۆی بەدەست بهینێ، رۆژنامەکان روناکی زۆریان خستە سەر وینەکەی و

ناوی لەسـەرزاری هـەموو خـەلك دەزرینگیتـەوە تەنانـەت نەخویندەواریشی گرتۆتەوە..

C.Sampson, The concise combridge History of English literatur Combridge, 1961

## ٤-روسیا

## دەبێ دوای پیرۆســترۆیکا گەڕانــەوەی سۆلجنســتین شــوینی زاخارۆفی ئاشتیخواز بگریتەوە

یەکێك لە هەرە نووسەرە بەرزەکانی ئەمرۆی روسیا (سولجنستین)ە کە دوای بیست سال دەربەدەری، رۆژی هەینی ٢٥ی ئایاری ١٩٩٤ بۆ روسیا گەڕایەوە لە هەموو جیهاندا بایەخیکی زۆریان بەم گەڕانەوەیە دا، کە لەوانەیە بەولآت ئاشنابوونەوەی، کاریکی گەورە بکاتە سەر دوا رۆژی گەلەکەی‌و رۆلی تولستۆی نوێ ببینێ، بەتایبەتی شوینی چۆلی ئەندریە زاخارۆفی ئاشتیخواز بگریتەوە، لە بەجیٚگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی‌و ئازادی‌و داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤدا، بەهەزاران لە دۆستانی‌و بەدەیان لە ناحەزانی لە هەموو چین‌وتویژەکانی کۆمەڵ، لە رۆشنبیر، لاو، قەشە، رۆژنامەنووسان، نوینەری دەولەت‌و پاریزگاری مۆسکۆ لە ئیستگەی یادوسلاڤسکی پیشوازییان لە خاوەنی خەلآتی نۆبل کرد. هەروەکو ئاشکرایە لە سالی (١٩٧٤)ەوە سۆلجنستین لە دوورە ولآتیدا لە ئەوروپای رۆژئاوادا، بەتایبەتی لە ئەمریکا پەناهەندەیەو دژی کۆمۆنیست دەجەنگێ، بۆیە شتیکی ئاساییە کە دەستەیەك لە گەڕانەوەدا لە دژی بوەستن. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە، راگەیاندنەکانی ئەمریکا زۆر بەسوکایەتی مامەلەیان لەگەلدا کرد، چونکە رۆژیك لەرۆژان لەگەل جۆری ژیانی ئەمریکا نەبوو، وە بەکۆمەلگایەکی پەککەوتووی لەقەلەم دەدا. لە

دیدەنییەکی تەلەفزیونیدا لە سیبتەمبەری١٩٩٣دا، وتی: خوم لەقوللەی عاج پابەند ناکەم، هەروەها خۆشم بۆ هەلبژاردن ناپالیوم، بەلکو دەچمەوە گەر دەرفەت ببێ، هاوکاری هاونیشتمانییەکانم دەکەم.

(نووسەر نابێ لە گەلەکەی جودابیتەوە، بەلکو دەبێ هاوبەشییان بکات، چونکە گەل ئیمرۆ سەرە دەزووی لەدەست داوە، بۆیە پیویستە نووسەر دەنگی خۆی بەرزبکاتەوەو رۆلی خۆی ببینێ لە هوشیاری ئەخلاقیدا(١).

(سۆلجنستین جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە نیازی نییە حیزبیکی سیاسی چێبکات، رایگەیاند کە روسیا لە کارەساتیکی گەورەدایەو نالەو ئازار لەهەموو لایەکەوە بەرزدەبیتەوە(٢).

سۆلجنستین بەوە ناسراوە کە دژایەتی کۆمۆنیستی کردووەو، هەلگری هزری نەتەوایەتییەو، داوای دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی سلاڤی دەکات، کە لە روس‌و ئۆکرانیاو روسیای سپی‌و بەشیك لەکازاخستان بگریتەوە. (باوەری وانییە کە میکایل گورباکوف کەسیکی ریفۆرمیزم بووبێ، هەروەها بۆ ڤیلادیمیر زیرنۆڤسکی نەتەوەپەرست هیچ شتیکی نییە، تەنیا وشەیەکی رەق نەبێ)(٣). سۆلجنستین گەشتیکی پەنجاو پینج رۆژی لەسەرانسەری روسیادا کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گیروگرفتەکان بگات:- وتی: (راستە میللەتەکەم لە فەقیری‌و دەردەسەری دەژی، بەلام زۆربەی زۆری ئەو خەلکانەی چاوم پییان کەوت، وایان لێ‌کردم کە گەشبین بم)(٤). (بەپیچەوانەوە ئەمرۆ گەلەکەم پێگەیو، بۆئەوەی لەدوا رۆژی خۆی بگات(٥).

سۆلجنستین رەخنەی توندی لە سیاسەتمەدارانی روسیا گرت، کە لەرووی ئابوورییەوە، پەیامداری زۆربەی زۆری خەلکی نین، بەتایبەتی چینی کریکارو جوتیاران هەروەها وتی:- (دیموکراتییەت لە روسیا ونە، گەل

خاوەنی چارەنووسی خۆی نییە). ئەم قسانەی رادیکالـەکانی نیگـەران کـرد، (سەرکەوتنی جیرنۆڤسکی لە هەلبژاردنی ئەم دواییـەدا ئـەوە دەگەیـەنێ کـە کاربەدەسـتان هەسـتیان بەکارەسـاتی گـەل نـەکردووەو بەشـیوەیەکی ژیرانـە هەلسوکـەوت ناکـەن)(٦). نیـازی لـەم گەشـتـەی ئەوەیـە کـە دەنگـی گـەل بەلیپرسراوان بگەیەنی، بۆ ئەمەش چاوی بەسەرۆك یلتسن کـەوتو بریـارە لەتشرینی یەکەمی ئەمسالدا لە پەرلەمان قسە بکات.

## سۆلجنستین لەچەند دیریکدا :- (٧)

ئەلکسـەندەر سۆلجنسـتین سـالی ١٩١٨، لـە شـاری لیکۆڤـودج لـە دایـكو باوکیکی قەوقازی رۆشنبیر چاوی هەلهیناوە، پیش لـە دایـك بوونـی بـاوکی بەکارەسـاتی ماشـین کۆچی دوایـی کـردووە، دایکـی ئـەرکی پـەروەردەکردنی گرتۆتە ئەستۆ. بیرکاری لە زانکۆی رۆستوڤادا خویندووە، وانـەی ئەدەبیشـی لە زانکۆی مۆسکۆدا تەواو کردووە. لە شەری دووەمـی جیهانیدا، بەروتبـەی کابتنی مەدفەعی بەشداری تیدا کردووە، سالی ١٩٤٥ لە کار لادەبرێ، چونکـە لـە نامەیـەکیدا رەخنـە لـە سـتالین دەگـرێ، بۆیـە هەشـت سـالْ لـە گرتوخانـەکانی سـیبیریا لەگـەلْ سـی سـالی تریـش بەدەسـت بەسـەری ژیـان بەسەر دەبات. تاکو سالی ١٩٥٦ لە ریـازان لـە ناوەراسـتی روسـیا بـۆ کـارکردن وەکو مامۆستایەکی بیرکـاری دادەنـرێ. لەشەسـتەکاندا رەوشـی سیاسـی ولأت بەرەو سرینەوەی پاشماوەی ستالین دەچێ، لـە سـالی ١٩٦٢دا یەکـەم رۆمـانی بـەناوی (رۆژی لـە ژیـانی ئیڤـان دنیسۆڤیتشـی) بـۆ گۆڤـاری (توفرمـیر)ی دەنیرێ. بەخیرایی بلأوی دەکەنەوەو رەواجیکی باشی دەبێو نووسـەرەکەی دەکات بەپیشرەوی هاوچەرخی ئەمرۆی روسیا. ئەم رۆمانەش سەرچاوەکەی لە گرتوخانەکانی سـیبیریاوە هـەلدەقولێ لەسـەردەمی سـتالیندا، بـەزمانیکی

ساکار نووسـراوە. بـە یـەکیك لـە ڕۆمانـە بەناوبانگـەکانی جیـهان دادەنــرێ، وەرگێـردراوەتە سـەر زۆری زۆری زمانـە زیندووەکـانی گیتـی. لەسـالی ١٩٦٣دا کۆمەلـە چیرۆکیکی کورتـی بـەچاپ گـەیاند، بـەلام ڕیگـای بلاوکردنـەوەی لی گـیرا. سـالی ١٩٦٨ (خولگـەی یەکـەم)ی دەرکــرد، زۆربــەی رەخنــەگرەکان بـەکاریکی هونـەری دادەنیـن، کـە ڕەمــزو چـەمکی بـەکاربردووەو ئـەدەبو بیرکاری تیهەلکیش بەیەکترکردوون. لە هـەمان کـاتدا باسـی تاقیکردنـەوەی کەسایەتی خۆی لەمەنفا دەکات. لەهەمان سالدا (بالای قرژەنـگ)ی دەرکـرد. نووسـەر سـودی لـە ئــەزموونی خــۆی وەرگرتــووە، کاتــێ توشــی نەخۆشــی سـەرەتان دەبـێ لـە تاراوگـەی کازاخسـتانداو لـە ناوەراسـتی پەنجاکانیشـدا بەسـەرکەوتوویی چارەسـەر دەکریــت. ئـەم ڕۆمانــەش شـیوازیکی قـورسو گرانی بەحۆوە گرتووە. سالی ١٩٧٣ بەشی یەکـەمی لـە ڕۆمـانی (ئەرخـەبیلی پۆلاین)ی بلاوکردەوە، لەلایەن (کەی. جی.بی) یە وە دەست بەسـەر نوسـخە ئەصلیەکـەیدا گیرا. کـە بەنـهینی بــەناو خــەلکدا بلاودەکرایــەوە، نووســەر بەشیوەیەکی ورد باس لەسەربازگەو شوینە گرتوخانەکانی سۆڤیەت دەکـات لەکاتی شۆرشی ئۆکتۆبەرو ریکخستنو فراوانکردنی لە سـەردەمی سـتالیندا. بەهۆی بلاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی ئەرخەبیلـەوە ڕۆژنامـەکانی سـۆڤیەت هیرشـیکی بـەربلاویان کـردە سـەر سۆلجنستینو تــاوانی گــەورەیان خســتە پالیو لە ١٢ی شوباتی ١٩٧٤دا، دەستوری دوورخستنەوەی دەرکـرا. سـالی ١٩٧٦، بەشیك لە کتـابی (لینـین لـەزوریخ)دای چاپ کـرد، هـەروەها دانـانی چـەند کتـابیکی تـری رەخنەگرانـە لـەکاتی دوورخراوەیـدا لـە سویسـراو نــیرمۆنتی ئــەمریکادا، بەتایبــەتی لەســالی ١٩٨٠دا کتــابی (ســنەوبەرو گویرەکــە)ی بلاوکردەوە، کە باس لە ژیانی ڕۆشـنبیری سـۆڤیەت دەکـات. هـەروەها کتـابی (خەتــەریکی کوشــندەیی) کــە بەهەلــە تیگەیشــتنی ئــەمریکا لــە بــارەی

وڵاتەکەیەوە شیدەکاتەوە، باشترین کاری سۆلجنستین لە ئەمریکادا کتابی (ڕەورەوەی سووره)، کە نزیکەی پینج هەزار لاپەره دەبیت، لە میژووی شۆرشی روسیاوە دەدوێ.

## سەرچاوەکانی ئەم باسە :

١-Lefigaro, 11 Juin, Paris, 1994.

٢-جلال الماشطة (سۆلجنستین العائد الی موسکو) في جریدة الحیاة، حزیران ١٩٩٤، لندن.

٣-DN, 22 JuLi, stokholm, 1994.

٤-هەمان سەرچاوەی پیشوو.

٥-L' EXPREES, 9Juin, Paris, 1994.

٦-جلال الماشطة، سەرچاوەی پیشوو.

٧-جاد الحاج، (سولجنستین العائد الی روسیا)، ٢٩ ایار، جریده الحیاه، لندن، ١٩٩٤.

## پوشكين

## گووللەیەك بەر دلە گەورەكەی پۆشكین كەوت

كەلە شاعیری جیهانی ئەلیكساندەر پۆشكین لە دلی روسەكاندا پلەو پایەیەكی بەرزی هەیە، هەروەك چۆن ئینگلیزەكان بۆ شاعیری مەزن شەكسپیری دادەنین، ئەگەر لە رووی ئەدەبییەوە پۆشكین لە شەكسپیرەوە نزیك بی، ئەوا جیاوازییەكی گەورە لە نیوانیاندا بەدی دەكریت، بەتایبەتی ئەو رووداوو كارەساتانەی كە بەسەر هەر یەكیكیان هاتووە، شەكسپیر لە چەرخی حەڤدەهەمدا بەهیمنیو ئارامی ژیاوە، بەشداری هیچ شەروشۆریكی نەكردووە، هەموو هەولو كۆششی بۆ ئەدەبەكەی تەرخان كردبوو، تووشی گیرمەو كیشە نەبوو كە كاربكاتە سەر ژیان و بەرهەكانی، كوتاییشیبەشیوەیەكی سروشتی بوو، بەلام پۆشكین بەپیچەوانەوە، ژیانی پربووە لە ناخۆشیو تەنگژە، كۆتاییەكەشی بەكارەساتیكی ناخۆشتر دوایی‌هات، سالی ١٧٩٩ ئەلیكساندەر پۆشكین لە مۆسكۆ هاتۆتە دنیاوە، نەنكیو كارەكەریك پەروەردەیان كردووە، بەدەیان چیرۆكی فۆلكلۆرییان بۆ گیراوەتەوە، لە دیوەخانی دایكیدا گویرایەلی شیعرەكانی كرمزین (١٧٦٦-١٨٢٦)و دیمتریيف بوو، باوكو مامیشی شیعریان دەنووسی، لە كتیبخانەكەی مالەوەیان بەرهەمی سەرجەم شاعیرانی فەرەنسی هەبوو، بەم جۆرە پۆشكین لە خیزانیكی ئۆروستوقراتی، پر لە رۆشنبیرو سامان چاوی كردۆتەوە، ئەم خیزانە لە بنەچەدا حەبەشی بوونە، دایكی پۆشكین لە نەوەی كەسیكە بەناوی ئیبراهیم هانیبال، هانیبال مندالیكی حەبەشی بووە،

(بەڵام خۆرهەڵات ناسەکانی زانکۆی مۆسکۆ سوورن لە سەر ئـەوەی باپـیری پۆشکین میسری بووە، نەك حەبەشی). بازرگانی کۆیلـە لـە وڵاتەکـەی خـۆی بردوویانـە، سـەفیری روسـیا لــە تورکیـا کریویــەتی، ســەفیر لــە روخســاری مندالەکـەدا زیرەکـیو نـەجیب زادەیـی بینیـوە، پیشـکەش بـە ئیمـپراتۆری روسیای ناسراو بەبطرسی گەورەی کردووە، کـە بەیەکـەم ئیمـپراتۆری روس دادەنـرێ کـە هـەولی داوە شارسـتانیتی رۆژئـاوا بهینیتـە نــاو وڵاتەکەیــەوە. بطرسی گەورە لــە نیـوان ساڵانی (١٦٧٢-١٧٢٥) ژیـاوە. یەکـەم ئیمپراتۆریـەتی روسە، کەتوانی گۆرانکارییەکی شارستانیتی لە هەموو لایەکـەوە بـەرپابکات، بطرسـی گـەورە بەمندالەکـە سەرسـام بـووە، بـایەخی زۆری پیـداوە، نـاویکی نـاوخۆیی بـۆ دۆزیوەتـەوە بــەناوی ئیــبراهیم هانیپــال، ئــەرکی پــەروەردەو خویندنــی کیشــاوە، کردوویــەتی بەیــەکیك لــە کەســەکانی خیزانەکــەی، کچیکیشـی لـە ئۆروسـتوقراتییەکانی روسـیا بـۆ خواسـتووە لــە نــەوەی ئــەم حەبەشیەدا پۆشکین پەیدا بــووە، لـە سیمای پۆشـکیندا بنەچـەی دەبیـنرێ، رەنگی ئەسمەرە، پرچی قژی لوولە، لچەکانی ئەستوورن وەك ئەفریقییەکان هــەر لــە منالییــەوە زیرەکــیو بــیرتیژی پیــوە دیــاربووە، زور خــۆی بەخویندنەوەوە خەریك کردووە کتیبخانەکەی پربووە لە کتیبـی فەرەنسـی وەکـو دابو نــەریتی ئۆرسـتوقراتی روســیای ئــەوکات، روســیا لــە رووی شارســتانیتیدا، فەرەنسـای بەنموونــەی بــەرزی رۆشــنبیری دانــاوە، چــاوی بریوەتە دیاردە پیشکەوتووەکانی، برابچووکی پۆشکین لە بارەی پۆشـکینەوە دەلیٚ: بەشـەو خـۆی دەخزانـدە کتیبخانەکـەی باوکمـەوە، لـە تەمـەنی یـانزە سـالیدا توانـی بەشـیکی زۆر لـە کـاری ئـەدەبی فەرەنسـی ئـەز بـەر بکـات کـە تەمـەنی گەیشـتە بیست ساڵ وەکـو شـاعیریکی گـەورە لـە نـاو رۆشــنبیراندا

ناوبانگی دەرکرد، شیعرەکانی لە لایەن هاوڕێکانییەوە دانی پیانراوە، مامیو جوکۆفسکی (١٧٨٣-١٨٥٢) شاعیر، تەنانەت گبریال دیرجافین (١٧٤٣-١٨١٦) شاعیری بەناوبانگ بە بەهای شیعرەکانی هەلداوە، هەرچەندە شیعرەکانیشی تازەو نۆ نەخشەبوونە، لە منالییەوە دەستیکردووە بەخویندنی زمانی فەرەنسی لە تەك زمانی روسیدا، لە ژیانیدا فەرمانیکی وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێ، لە هەمان کاتیشدا شیعر دەنووسێ یەکەم قەسیدەی سالی ١٨٢٠ نووسیوە، بەناوی (روسلانو لیودمیلا) کە پالەوانیتیو گالتەبازاری پیکەوە ئاویتە دەکات، شیعرەکانی پۆشکین، کە باسی ئازادی دەکات لە رووی دارشتنەوە بەوپەری بەهیزیو رەسەنایەتییەوە دەریبریون، لە رووی وینەی هونەرییەوە، نموونەی نوێبوونەوەو شاکاری زیندووی بێ وینەن، پوشکین سەر بەهیچ کۆمەلەیەکی نهینی نەبوو، بەلام پەیوەندی بەپیاوانی شۆرشی دیسەمبەرەوە هەبوو، شیعرە ئاگرینەکانی ئەو دەستو ئەم دەستی پێدەکرا، بەتایبەتی قەسیدەی گوندو ئازادی، کە دەنگوباسی گەیشتە پۆلیسی ئیمپراتۆر لە وەزارەتی دەرەوە گویزرایەوە، لە سالانی (١٨٢٠-١٨٢٤) بۆ سیبیریا دورخرایەوە، لە (١٨٢٤-١٨٢٦) لە ژیر چاودیری پۆلیسدا بوو، دوورخستنەوە لە بەرهەمی نەخست، بەلکو بەپیچەوانەوە، سالانی بەندیخانەی بەهرەی شیعری زیاتر کرد، خەیالو ئاسۆی بەدیمەنە جوانەکانی دەریاو چیاکان فراوانتر کرد، گەشتیکیبۆ قەوقازو قرم کرد لە سالی (١٨٢٣-١٨٢٤) قەرەجی نووسی کە بەلۆرد بایرۆن موتەئەسیربووە، لە سالانی (١٨٢٢-١٨٣١) (ئۆجین ئەنگینی) نووسی، ریوایەتیکی شیعرییە بەباشترین دانراوەکانی پۆشکین دادەنرێ، ئۆجین ئەنگین لاویکە لە سەر ریرەوی فەرەنسی پەروەردە بووە، زۆر وریایە، خۆپەرستە، بەگومانە، بیزارە لە ژیانی کۆمەڵ، لە ناکاو دەبیتە خاوەنی سامانیکی زۆر کە لە

مامییەوە بۆی بەجێدەمینێ، ناچار دەکرێ کەسان بطرس بۆرگ بەجێبهێڵێو بەرەو لادێ بچێ لەویدا پەیوەندی بەلانسکی شاعیرەوە دەکات، پێکەوە سەردانی مالی خاتو لارین دەکەن، کە لەگەڵ دووکچەکەیدا، ژیان بەسەردەبات یەکەم تاتیاناو دووەمیان ئەولگای دەستگیرانیلانسکی. ئەنگین حەز لە تاتیاناو چاوبازیش لەگەڵ ئەولگا دەکات، لانسکی رووبەرووی دەبیتەوە، دەکەونە زۆرانبازی ئۆجین ئەنگین سەرکەوتن وەدەست دەهێنێو پاش ئەم کارەساتە گوندی بەجێدەهێلێو گەشتیکی دوورودرێژ دەکات، پاشان بەرەو سان بطرسبورگ دەگەریتەوە، دەبینێ تاتیانا بۆتە ژنی یەك لە جەنەرالەکان، دلی بۆی لێدەدا، ئافرەتەکەش هەرخۆشی دەوێ، بەڵام لەگەڵ میردەکەی بەوەفایە، نایەوێخیانەتی لی بکات گوێ بۆ دەنگی سۆز راناگرێ. رەخنەگرەکان ئەم ریوایەتە بەریوایەتیکی زۆر ورد دادەنین لە رووی رووداوو گرییەوە، هەندیکیتر دەلین قەسیدەیەکی لیریکییە کە داهینانی بەخۆوە گرتووە، بەشیکیتر بە بەلگە نامەیەکی میژوویی لە قەلەم دەدەن کە وینەی کۆمەلگای روسیا لە چەرخی پۆشکین دا پیشان دەدات. سالی (١٨٣١) شانۆگەرییەکی بەناوبانگی نووسی بەناوی (بوریس گۆدۆنۆڤ) کەدرامایەکی میژووییە لە سەر شیوازی شەکسپیر، لە کۆتو پیوەندی کلاسیکی دەرباز دەبێ، بەکاتی جیاوازو شیوازی جوداوازەوە کەسایەتییەکانی خستۆتە روو پالەوانەکانی لە نیوان دوو کەسایەتیدا دابەش کراوە، قەیسەر بۆریس ئازاریکی زۆر لە دەروونیدایە، چونکە بەکوشتنی منالی قەرزارە، دیمتری ئەویش دەکرێ بەقەیسەر دابنرێ، کە روسیای کۆنو کرملینو کلیسەی بویار، مەیدانی جەنگو شەقامە گشتییەکانی شاریان لە دەوروپشتەوەیدا خراونەتە روو، رووسیای ئیستاش

لـە چیرۆکـە شـیعری ئۆجـین ئـەنگین کـە لــە سـالی (١٨٣٠) نووسـیوویەتیو خسـتوویەتییە روو هـەروەها چیرۆکـە شـیعری مازیبـا لـە پولتاڤـا (١٨٢٨)و چیرۆکــە شــیعری (ســواری مــس) ســالی (١٨٣٢) نووســیون کــە کەســـایەتی بطروسی گەورەی تیدا بەرجەستە دەکات، سـالی (١٨٢٦) دەسـت بەسـەری لـە سـەر هــەلدەگیریَ، پـاش مردنــی ئەلیکسـاندەری یەکـــەم بـــەرەو مۆســـکۆ دەگەریتەوە، سالی (١٨٣٣) بووە بەئەندامی ئەکادیمیای سان بطرسـبۆرگ، بـۆ ماوەیەکی کەم قەیسـەر قسطنتطین فـەرمانی گرتـە دەسـت، پاشـان فـەرمان کەوتە دەست براکەی سییەم (نیقۆلا) کە لە چەرخی قەیسەردا پۆشکین دوا تەمەنی بەریَ کرد، تووشی گەورەترین قەیران بۆوە، کە لە کۆتـاییدا گیـانی تیدا سپارد، نیقۆلای گـەورەترین زۆرداره کـە روسـیا بەخۆیـەوە بینیـوە. لـە چەرخی ئەمدا شۆرشیك بەرپابوو، بۆئـەوەی زولـمو زۆرداری نغرۆبـیَ، ئـەم شۆرشە شۆرشی ١٤ی دیسەمبەری ١٨٢٥ بوو شۆرشەکە شکستی هینـا، قەیسـەر بەشیوەیەکی زۆر توندوتیژ مامەلەی لەگەلَ بەشـداربوان کـرد. بەشـیکی لـە سیدارەدا، بەشیکی تریشـی بـۆ سـیبیریا دوورخسـتنەوە، پۆشـکین پـەیوەندی بەدیسـەمبەرییەکانەوە بـاش بـوو، ئەمـەش وای کـرد کــە قەیسـەری لیَهـان بدەن. بۆئەوەی سزای بدات هەرچەنـدە هیـچ بەلگەیـەك بەدەسـتەوە نـەبوو کـەپیی تاوانبـار بکریـت، بەتـەنیا گومـانی ئـەوەی لیدەکـرا کـە برادەرایـــەتی سەرۆکەکانی شۆرشە، داوای لیبوردنی لە نیقۆلای کرد، ریگای بەشاعیردا کـە دیدەنی بکات، هەولیدا کە بیکات بەشاعیری دەربـارو بـەرگری لـە قەیسـەرو دەولەت بەشیعرو نووسـینەکانی بکـات، قەیسـەری زۆردار کـە هەلویسـتی دژ بەئازادیو پیشکەوتن بوو، هــەولَو کۆششـی دەدا کـە دەسـەلاتیخۆی بەسـەر جەماوەردا بەزەبری تۆقاندنو توندوتیژی بسەپینیَ، ئەم ریبازەی کـاری لـە

دلی پۆشکین کرد، پۆشکین کەسیك بوو، دلی بۆ ئازادی گەل لیی دەدا، هەستی کرد کە قەیسەر رقی لە رۆشنبیر بوونو پیشکەوتنی گەل بوو، بۆیە پۆشکین لە نووسینەکانیدا پیچەوانەی قەیسەر دەجوولایەوە، قەیسەر پۆشکین ئاگادار دەکاتەوەو نامەی بۆ دەنووسیو دەلیٰ: قسەکانت رۆشنبیریو پیگەیاندن دوو پیگەن بۆ پیشکەوتنی ئەم قسانە ترسناکی دژی ئاسایشی گشتییە تاوانیکە بەرەو پەراویزت دەبات، پیویستە بزانی رەوشتی باشو خزمەتی بەردەوام بەدلسۆزیو گویداری باشترە لە رۆشنبیریو ڕووناککردنەوەی گویٚکان، لاوی گویگر باشترین نموونەی پەروەردەی نەتەوەییە، پیویستە لە سەر ئەم بیروباوەرانە پەروەردەی نەتەوەیی بچەسپیٚ، گومان ناکەم لە مەبەستم گەیشتووی، چونکە تۆ شاعیریکی خاوەن عەقلیکی زیرەکی، پۆشکین درکی کرد کە لە نامەکەدا هەرەشەو گورەشەی بەئاشکرا دەردەکەویٚ، وەدەبیٚ لە ناو قەفەزیکی زیردا دەست بەسەربیٚو لیی یاخی نەبیٚ، ئەگینا قەیسەر بەلایەکی گەورەی بەسەردا دەهینیٚ، هەرچەندە بەرووکەش بایەخو چاودیری دەکات، پۆشکین ویستی قەیسەر ریگای پیٚبدات کە بۆ ماوەیەکی کورتیش بیٚ بەرەو پاریس بچیٚ، یاخود هەر دەولەتیکی ئەوروپایی بیٚ، قەیسەر داواکاریەکەی رەتکردەوە، ویستی ریگای پیٚبدا لە پایتەخت دوورکەویتەوە بەرەو لادیٚ بچیٚ بۆ حەسانەوەو بەرهەمهینانی ئەدەبی ئەویشی قبولٚ نەکرد، بەم جۆرە شاعیر بەشیوەیەکی نارەسمی لە پایتەخت دەست بەسەربوو، هەروەها قەیسەر داوای لیکرد کە بەرهەمەکانی بۆبنیریٚ بۆ ئەوەی بیخوینیتەوە بەر لە بلاوبوونەوەی، بەبیانووی ئەوەی کە سانسۆری لە سەر لادەچیٚ. لە راستیدا قەیسەر دەیویست شاعیر بخنکینیٚو کۆتو پیوەند بخاتە گەردنیەوە. چیرۆکی ناکۆکی بەینی قەیسەر نیقۆلاو شاعیر سەر سامترین چیرۆکە لە

میژوودا. قەیسەر زیاد لە پێویست لە بەهرەو توانـای پۆشـکین دەترسـا، زۆر رقو کینەی لەو هەمـوو توانایەی پۆشکین بوو، کـە دەیتوانـی خـەلکی بـەلای خۆیـدا کیـش بکـاتو رای گشـتی چـێ بکـات، بەتایبـەتی ئـەو بیروباوەڕانـەی بەشیوازیکی هونەری بەرزو پر لە جوانـی سـیحردا دەخاتـە روو بـەم جـۆرە قەیسەر لە کاریگـەری بـیری پۆشـکین دەسـلەمییەوە، زۆر گومـانی لیدەکـردو لیی نارازی بوو، لیرەدا پرسیاریّ خۆی ڤیت دەکاتەوە بۆچی شاعیر خۆی لـە چنگی نیقۆلای رزگار نەکرد، وەلامەکەی پۆشکین بەهیچ شـیوەیەك ئەمـەی بۆ نەدەکرا، چونکە یەکیك بوو لە چینی ئۆرستوقراتی ئەم چینەش خۆیان بەبەشـیك لـە رژیـم دادەنـا، ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایـەکی تـرەوە پۆشـکین فەرمانبەریکی گەورەی دەولەت بوو هـەولیدا کـە دەسـت لـە کاربکیشـیتەوە، بەلام قەیسەر رازی نەبوو، وەلامەکەی باشترە بۆ تۆ لە خزمەتمان بیّ لەوەی بۆ خودی خۆت بمینیتەوە قەیسەر بەوەزیری ناوخۆی وت من ئەم جارە لـە پۆشـکین دەبـورم کـە بەجورئەتـەوە داوای وازهینـانی لـە کـارکردووە، داوا دەکەم کە پیی بلیّ هەموو شتیّ کۆتایی هەیە. شـاعیر نـەیتوانی لـە قەیسـەر دەربازبـیّ، قەیسـەریش لەسـەر پاریزگـاری کردنـی بـەردەوام بـوو، لـە خوشەویسـتی نـەبوو، بـەلکو لـە ترسـان بـوو، چونکـە پوشـکین کاریگـەری فراوانی لە سەر خەلکی دەکـرد، شـاعیر دەیزانـی کـە کۆتاییەکـەی چاوەروان کرا بۆیە ویستی هەندیّ فشـار کـەم بکاتـەوە بریـاریدا کـە ژن بـهینیّ بـەلکو بەهۆی خیزانەوە تۆزیّ ئاسوودەبیّ، کچیکی لە چینەکەی خۆی هەلبژارد کە نـاوی (ناتالیـا جۆنتشـاروڤا) بـوو، کچـە زیـاد لـە پیویسـت جـوان بـوو، رۆشنبیرییەکی قوولی نەبوو، بەلام خویندنی ئۆروسـتوقراتی بـوو، یارمـەتی دەدا بۆ ئەم ژیانە، کە پر لە ئاهەنگو سەماو کەیفو سەیف بوو، پۆشـکینو ژنـە جوانەکـەی بـۆ ئاهـەنگو بۆنـەکانی قەیسـەر دەچـوون، ژنەکـەی زۆر

خۆشحالو بەختەوەر بوو، بەڵام پۆشکین حەزی لەم کەشو هەوایە نەدەکرد بەهەموو شیوەیەك دەیویست لیی دوورکەویتەوە، بەڵام بەهیچ روویەك لە رووەکان نەیتوانی خۆی لەم ژیانە رزگار بکات، لە دەروونیدا ئازاریکی زۆر نهینی مایەوە، ئەم جۆرە ژیانە تەنیا مرۆڤی خاوەن دەروونی گەورەو ئیرادەی بەهیز دەتوانن بەرگەی بگرن، بەڵام لە ژیانی خیزانیدا زۆر ئاسودە بوو، لە نامەیەکدا کە بۆ هاوریکەی نووسیوەو دەڵێ: ئەز بەختەوەرم لە ژیانی نویمدا بەختەوەرییەك کە وەسفی ناکریت، تاکە ئارەزووم ئەوەیە کە هیچ شتێ لە شیوازی ژیانی مالەوە ناگۆریت، چونکە چیتر باوەر ناکەمو زیدەرۆیی ناکەم کە بلیم وا هەست دەکەم سەرلە نوێ لە دایك بوومەوە: رۆژ بەرۆژ پلەوپایەی ئەدەبی بەرزبووەوە، ئەستیرەی بەختی لە درەوشاوەدابوو، پاش ژن هینانی بوو بەخاوەنی دوو کورو دوو کچ، ژنە جوانەکەی دەروازەیەکی تربوو بۆ دوژمنایەتی کردنی پۆشکین، لە سەرووی هەموویانەوە قەیسەر کەپیلانی دەگیرا بۆئەوەی لەکەدارو خەوشداری بکات، قەیسەر نیقۆلای زۆر بەناتالیای قەشەنگو شۆخ سەرسام بوو زۆر حەزی دەکرد کە بیتە ئاهەنگ خودی خوی هەلپەرکیشی لەگەڵ دەکرد، لە ناو ئورستوقراتی روس گەنجیك بەناوی دانش پەیدا بوو گەنجیکی قۆز تەمەنی (٢٤) ساڵ دەبوو، رۆشنبیرییەکی رووکەشی نیوچینی ئۆرستوقراتی هەبوو جلو بەرگیکی پۆشتەی دەپۆشی، فیلبازە ئەزموونی ژیانی دیوەخانو مامەلەکردنی ئافرەتانی دەزانی، سەفیری هۆلەندا لە روسیا بەناوی (هیکرن) پەروەردەی کردبوو،چونکە سەفیر مندالی نەبوو، بەم جۆرە دانش بووە مندالی، قەیسەر دانشی بەکارهینا بۆ ئەوەی بەهۆیەوە تانە لە پۆشکین بدا، کارەکەش سەریگرتو پۆشکین بووە قوربانی پیلانە چەپەلەکانی قەیسەرو دارودەستەکانی، دانش خیزانی پۆشکینی بینی

بەدوای ویڵ بوو، بەڵام پۆشكین باوەڕی بەژنەكەی خۆی هەبوو زۆر بایەخی پێنەدەدا، بەڵام مەسەلەكە لە ناو كۆمەڵگای ئۆرستوقراتی بڵاوبۆوە، هەندێ دەیان وت پەیوەندیدارە بەقەیسەرەوە هەندیكی تر دەیان وت پەیوەندی بەدانشەوە هەیە، لەوڕۆژەوەی كە پۆشكین نامەیەكی بێ تەوقیعی پێگەیشتووە كە بۆتە ئەندامی كۆمەڵەی خاوەن قۆچەكان. مانای وایە كە ژنەكانیان خیانەتیان لێدەكەن، ئەوانیش خۆیان غافڵ دەكەنو شتێك لە بارەیانەوە نازانن، پۆشكین هەستیكرد كە سومعەی دادەبەزێ، هەرچەندە باوەڕی تەواوی بەژنەكەی بوو، بۆیە چیتر نەیتوانی دان بەخۆدا بگرێ، كار گەیشتە رادەیەك بەنووسین ئەم پروپاگەندانەیان پێراگەیان، تەنیا مەبەستیان سوكایەتیكردنو رووشاندنی پۆشكین بوو. پۆشكین زانی كەئەمانەی لە پشت ئەم سوكایەتیكردنەن قەیسەرودانشە، بۆیە داوای لە دانش كرد كە شەرە دەمانچەی لەگەڵدا بكات، دانش رازیبوو، قەیسەر بەمەی زانی هەرچەندە شەرە دەمانچە بەپێی یاسا قەدەغەكرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ زانیارییەكی پیشكەش نەكرد بۆ نەكردنی، دەلین زانیاری دەركردووە، هیزیكی پۆلیسی بۆ شوینیكی تر ناردووە، بەو بیانوەی كە نازانن شوینی موبارەزەكە لە كوییە، دیارە دۆستەكانی پۆشكین ویستیان نەهیلن بچیتە مەیدانەوە، بەڵام بێسوود بوو پۆشكین بۆ شوینەكە چوو، تەنانەت ژنەكەی نەی دەزانی، نووسەری فەرەنسی (هنری ترۆیا) دەڵێ: پۆشكین بۆ مەیدانەكە چوو، پاش ئەوەی جوانترین جلی پۆشی، بۆنی لە خۆیداو چەترەكەی هەڵگرتو بۆ دەرەوە چوو، بەڵام بەداخەوە سەركەوتنی بەدەست نەهینا گوللەیەك بەر پۆشكین كەوت، دوو رۆژ زیاتر نەژیا، هەرچەندە دكتۆرەكان هەولی زۆریان دا كە چارەسەری بكەن، بەڵام برینەكەی زۆر كوشندەبوو، بۆیە لە٢٩ی كانونی دووەمی سالی ١٨٣٧ كۆچی

دوایی کرد لە تەمەنی سیوهەشت سالیدا بەم جۆرە پۆشکین  بووە قوربانی چەند کەسیکی داخ لە دڵ کە لە ژیاندا جگە لە رابواردنو کەیفوسەفا شتیکی تر  نازانن ژیانی بەتراژیدیایەکی ناخۆش دوایی هات، هەرچەندە شاکارەکانی تاکو ئیستاش هەر لە نوێبوونەوەن، شیعرە لیریکیەکانی بەزمانیکی پاكو بێگەردو دارشتنی جوانو ناوەرۆکی قوولی مرۆڤایەتییان بەخۆوە گرتبوو. قەسیدەیەکی زۆری بۆ ئازادی وتووە، شیعری نەکردۆتە چەکیك بۆ مەیدانی کوشتاری بەلکو شیعر لەلای تیشکیکە لە جوانیو پاکیدا دەگەشیتەوەو شاعیر پەیام بەریکە، بۆ دەربرینی راستییەکان، شاعیر نابێ گەسك هەلگربێو شەقامەکان پاك بکاتەوە، ئەوانەی پیلانی دژی پۆشکین یان گیرا لە سەرووی هەموویانەوە قەیسەرو دارودەستەکەی هەر هەموویان چوونە زبلدانی میژووەوە، کەسێ ناویان ناهینێ، مەگەر بۆ گالتەجاریو کەم کردنەوە نەبێ، بەلاّم پۆشکین هەردەم وەك کەلە شاعیریکی مەزنو پایەدار بەنەمری دەمینیتەوە، هەروەکو بۆ خۆی دەیووت:

هەردەم لە توانای  دایە بچیتە ناو دەروونی نەوەکانی داهاتوو، نامرم ناوم لە سەرانسەری رووسیا بلاّودەبیتەوە، ماوەیەکی گەلی زۆر لە لای گەلەکەم خۆشەویست دەبم،  چونکە بەرهەمەکانم ئازادی بۆ چەوساوەکان بەرجەستە دەکات.

### سەرچاوەکان:

Marcelle Ehrhard La Litteratur Russe, Presses Universitaires de France.-1

٢-رجاء النقاش: العباقرة في العالم، القاهرة.

٣-جبور عبدالنور: المعجم الأدبي دار العلم للملايين، بيروت ١٩٨٤.

# ٥-یونان

## سافو

## سافۆ یەکەم ئافرەتی شاعیرە لە میژووی مرۆڤایەتیدا

### پیشەکی:-

سافۆ یەکەم شاعیری ناسراوە لە میژووی مرۆڤایەتیدا، کە پیشتر ئەدەبی جیهانی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەر چەند شارستانیتی مرۆڤایەتی دوای سەدان ساڵ شاعیری تری بەدەرخست، لەگەڵ ئەوەشدا درەوشاوەترین ناوە لە میژووی ئەدەبی ئافرەتاندا بەردەوام کەسایەتییەکی بێ وینەیە کە لەلایەك شوینی سەرنجو بایەخ دانە لەلایەکی ترەوە شوینی جۆرێ لە غیرەو حەسادەتە، ئەمەش ریگای بەناحەزانی داوە، کە لە پلەو پایەی کەم بکەنەوەو هیرشی نارەوا بکەنە سەریو بەشاعیریکی ناداهینەری لە قەلەم بدەنو بەکەسایەتییەکی لادەرو بیژۆکی دابنین.

سافۆ لە نیوان ساڵانی (٦١٠-٥٦٠)ی پیش لە دایکبوونی مەسیح ژیاوە، واتە دوو هەزارو پینج سەد ساڵ دەبیت، شوینی لە دایکبوونی دوورگەی (لسبۆسی)ی یۆنانییە، بەناوبانگترین ئافرەتە لە میژووی کۆنو نویی یۆنانیدا، شیعرەکانو گۆرانییەکانی ویردی سەرزاری کۆمەڵانی خەلکە، گەورەترین کەلە پیاوانی یۆنانی لە رۆشنبیرو بیرەوان بەچاوی ریزو نەوازشەوە تیی دەروانن، لەوانە (صولون) حاکمی ئەسینا کە بەحیکمەتو فراوانی عەقڵو سەلامەتی بیرکردنەوە ناسراوە، لەم رووەوە دەڵێ: دەمەوێ

شیعرەکانی سافۆ لەبەربکەمو پاشان بمرم. واتە لەبەرکردنی شیعرەکان بەلووتکەی شادی دادەنێ، گەیشتن بەم شادییە ئامانجی مرۆڤایەتی بەجێ دەگەیەنێ، بەلام سوقرات کە گەورەترین فەیلەسوفی جیهانی کۆنە سافۆ بەناویکی جوان دەناسێ، ئەفلاتونیش کەقوتابی سوقراتە دەلێ: ئەفسانەی یۆنانی دەلین خوای شیعر نۆیە، چەند گەمژەن پیویستە بزانن کە سافۆ کچی شاری (لسبۆس)ەو خوای دەیەمە. وەکو زانیمان هەموو خواکان هونەری یۆنانی دەستکردی ئەفسانەی خەیالین، بەلام سافۆ بوونیکی راستەقینەی هەیە، ئەمەش مانای وایە کە ئەفلاتون سافۆی لە ئاستی واقیعی هەست پێکراو بۆ ئاستی ئەفسانەکان بەرزکردۆتەوە. (دیۆرانت) لە کتابی چیرۆکی شارستانییەتدا بۆمان دەگیریتەوە. بەشی یەکەمی لە وەرگیرانی (محەمەد بەدران)ە، دەلێ: سافۆ ئافرەتیکی بێ وینەو سەرسورهینەرە لە هەموو چەرخەکاندا ئافرەتیکی وای بەخۆوە نەدیوە، کە لە هونەری شیعردا وەك ئەو گەیشتویەتێ. هەر (دیۆرانت) دەلێ:- ئەگەر پیشینان وشەی شاعیریان واژەکردبێ، مەبەستیان لەم واژەدا (هومیرۆس)ە. دانەری ئەلیادە، بەلام ئەگەر زاناکانی یۆنانی وشەی شاعیریان دەربری بێ، هەموو دەرکیان بەوەکردووە کە مەبەستیان سافۆبووە. سافۆ لە هەرزەکاریدا توانایەکی هونەری بەرزی هەبووە، بەرلەوەی تەمەنی بیتە بیست سال، هەرچەند هەموو شیعرەکانی لە بارەی خۆشەویستیو جوانیو سروشتن، لە ژیانی گشتیشدا رۆلی دیاربووە وە کاریگەری چالاکی سیاسی لە بەرچاوان بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دووجار لە شاری لسبۆس ئاوارە بکریت بۆ یەکەم جار لە تەمەنی نۆزدەسالیداو جاری دووەم لە تەمەنی بیستویەك سالیدا بووە، کاربەدەستان لەوە ترساون کە کاربکاتە سەر رایگشتی خەلك، گردبوونەوەی خەلك لە دەوروبەریو سەرکەشیو ئازایەتی

لە خستنەرووی بیروراکانیدا لەلایەكو لەلایـەکی تـرەوە بەرپـەرچی هـەموو شتیکی خراپو ترسناکی داوەتـەوە، بـەمانای وشـە هونەرمـەندبووە، ئـەوەی رەت کردۆتـەوە کـە هەسـتو سـۆزی لـە گرتوخانـەدا بـەند بکاتو خـۆی لـە کارەساتو رووداوەکـانی سـەردەم بیبـەری بـێ. دوای پینـج سـاڵ لـە ژیـانی پەناهەندەییدا بەرەو شاری لسـبۆس گەراوەتـەوە، نـاوی کەوتۆتـە سـەرزاری هـەموو کۆمـەڵانی خـەلکی شارەکەی، بـەجۆرێ کەسـێ نـەتوانێ نکولـی لـە بوونی بکات وەك کەسایەتیکی دیار لە شارداو سەرۆکی هونەرو زەوق لەسەر ویژدانی هەموو خـەلکیدا. سافۆ مـیردی بـەبازرگانیکی دەولەمـەندی شـاری کرد بەناوی (ئاندرۆس). کوریکی لێبوو بەناوی (کلایس)، دوای چـەند سـالی میردەکەی کۆچی دوایی کردو سەروەتو سامانیکی زۆری بـۆ بەجێهیشت. سافۆ یەکەم قوتابخانـەی بـەناوبانگی لـە میـژوودا دامـەزراند بـۆ فـیرکردنی کیژان و هونەری شیعرو مۆسیقاو هەلپەرکێو رەوشتی پەروەردەیی.

سافۆ یەکەم مامۆستای قوتابخانەکەبوو، هەر بەتـەنیا خـاوەنی دەنگیکی ناسكو سەرنج راکیشەر بوو، شـیعرەکانی دەنووسـیو ئـاوازو مۆسیقاشـی بـۆ دادەنا، کیشەیەکی تازەی خستە سەرکیشەی شـیعری بـاو، کـە تـاکو ئیمـرۆش بەکیشـی سـافۆنی ناسـراوە. پـەیوەندی سـافۆ بـەکچانی قوتابخانەکەیـەوە، پەیوەندییـەکی سـۆزاوی بـەهیزبوو، ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە پروپاگـەندەو تـاوانی بیژۆکـی سیکسـی بخریتـە پـالی، بنچینـەی ئـەم پروپاگەندانـەش دەگەریتـەوە بۆئـەوەی کـە لـە لایـەك خـۆی سەرپەرشـتی قوتابخانەکەو وانە وتنەوەی دەکرد، لە لایەکی ترەوە بۆ شیعریکی سافۆ کە دەلێ: خۆشەویستیم بـۆ کیـژان دلـم دەهـەژینێ، وەك چـۆن بـای بـەهیز درەختـی گویـژ دەجوولینـێ، بەتایبـەتی یـەکی لـە کیژانـی قوتابخانەکـەی بەناوی (ئەفیس) کاتێ میرد دەکات، سافۆ شـیعریکی بـۆ دەنووسێو دەلێ:

ئەفیس ماوەیەکی زۆر بوو تۆم خۆش دەویست، شادە ئەو پیاوەی کە لەگەڵتا دادەنیشی و بەچاوی خۆی تو دەبینێ لە نزیکەوە گویت لێدەگریت، ئـەفیس-یش دوای شووکردنی بـۆی دەنووسـێو دەڵـێ:- چـەند بـەختمان خـراپ بـوو، سویندت بو دەخـوم سافۆ، جیابوونـەوەمان سـەرەرای ئـەوەی کـە لـە منـەوە بووە، سافۆ لە کۆتایی قەسیدەکاندا دەڵـێ:- ئـەم جیابوونەوەیـە وەکـو مـردن وایـە، ئـەم سـۆزە گەرمـەی کـە لـە قەسـیدەکەدا بـەدەر دەکـەوی، بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە تـاوانی بیژۆکی سیکسی بدریتــە پــالی، بــەڵام لیتــۆژەرەوە بــێ لایەنەکان بیرورایــەکی تریـان هەیـە، دەلیـن: بەراسـتی قوتابییـەکانی خـۆش ویستووەو لـە گــەلیاندا بــەوەفاو دلسـۆز بــووە، زۆر بەپەرۆشــەوە هــەولی فیرکردنی گۆرانیو مۆسـیقاو شـیعرو هەلپـەرکیی کـردوون، شـیعرەکانی لـە بـارەی قوتابیەکانــەوە دەربرینیکـی پـر لـە راسـتگۆییە، لـە قووڵایـی هۆگــرو بەشداری لە هەستی بەقەشەنگی سروشتو جوانی هەستی مرۆڤایەتی پیك دیت. ئەم تیورە لە شیکردنەوەی شیعرەکانی سافۆ دەربـاری قوتابیـەکان لـە راستییەوە نزیکـە، چونکـە سـافۆ کەسایەتییەکی ناسـراو بـوو لـە کۆمــەلدا، شتیکی ئاسان نییە کۆمەڵ ئەم جۆرە تاوانانە قبووڵ بکات ئەمــە لـە لایـەك، لە لایەکی ترەوە ئەگەر قوتابخانەیەکی گومـان لێکراوبـا، کـەس ئامادەنـەبوو کیژی خۆی بۆ ئەم جۆرە قوتابخانەیە بنیریت، هەروەها ئەو قوتابیانەی کە لـە قوتابخانـەی سـافۆ خویندنیـان تـەواو دەکــرد هــەموویان دوای خوینــدن بەرەو شوکردن دەچوون، جا ئەگـەر ئـەم قوتابخانەیـە خـراپ بووایـە، کـەس کیژانی قوتابخانەکەی نەدەخواست، قوتابخانەی سافۆ قوتابخانەیەکی ئاشـکرا بــوو لــە بڵاوکردنــەوەی رونــاکی لــە بەرامبــەر چــاوی خــەلکیدا، شــتیکی ئەستەمە کۆمەل رێ بــەم جـۆرە قوتابخانـە ئاشـکرایانە بـدا ئەگـەر بیژۆکی سیکسی بڵاوبکەنـەوە ئــەو سـۆزە گەرمــەی ســافۆ بەرامبــەر قوتابیــەکانی

بەشیك بووە، لە سۆزەكانی بەرامبەر جوانــی سروشـت، هـەروەها بەشـیكیش بـووە لـە بـاوەری بـەجوانی راستەقینەوە، هـەموو شـیعرەكانی لـەم بـوارەدا بوونە، ئەمەش وای كرد كە ناوی شاعیر لە هەموو كـاتیكدا ئـەز بـەربكریت، هەرچـەندە زۆر لـە شـیعرەكانی ون بـوون، بەشـیكی كـەمی نـەبێ ئەوەشـی ماوەتـەوە نـزیكـەی شـەش سـەد بەیتـــە شـیعرن، ئـەم بەشـە كەمەشـی لـە ئەنجامی شەروشۆر لە لایەك، لـە لایـەكی تـرەوە ناحـەزانی بـەخراپ لیكیـان دایـەوە، كەنیسـە لـە سـالی ١٠٧٣میـلادی بریـاریدا بەسـووتاندنی سـەرجەمی شـیعرەكانی، سـەرەرای ئەمـەش خـەلكی لـە ویژدانـی خۆیـاندا پاریزگـاری بەشـیكیان كـرد. هـەندێ دەلیـن سـافۆ خـۆی كوشـتووە، بـەهۆی قـەیرانی سۆزەوە، بەلام چیرۆكی خۆكوشتنی شتیكی دیارنییە، سەرەرای باسكردنی لە لایـەن نووسـەرانو میـژوو نووسانەوە، بـەلام راسـتی نووسـینەكان پالمـان پیوەدەنـێ كـە بـاوەر بـەم جـۆرە قسـانە نەكـەین، چونكـە سـافۆ رەفـزی میردكردنی لە پیـاویك كـردووە كـە خۆشـی ویسـتووە، بەلگەشـی ئـەوەبووە، كەتەمەنی بەسەرچووە، هەروەها داوای لیكـردووە كـە كیژیكـی لاوی تەمـەن گچكە بخوازێ، ئەو شیعرە كەمانەی كە گەیشتۆتە دەستمان پرن لە جوانــیو ساكاریو سەرسورهینەری، وەرگیردراونەتە سەر زمـانی عـەرەبی كـە دكتـۆر عبدالغفـار مكــاوی لــە كتیبــە بەنرخەكــەیدا بــەناوی (ســافۆ شــاعیری خۆشەویستیو جوانی لای یۆنانەكان).

چەند كۆپلەیەك لە هۆنراوەكانیدا:-

ئیستا مانگ ون بوو\
هەروەها ئەستیرەكانیش\
نیوەشەوە

کاتی چاوەنواری بەسەرچوو

ئەز

بەتەنیا دەرازیم

هەروەها لە کۆپلەیەکی تردا دەلێ:-

هەروەك منداڵ

بەرەو دایکی دەفرێ

منیش فریم

ئەو سەرچاوەی سوودم لێوەرگرتبووە:-

١-رجاء النقاش، العباقرة في العالم، القاهرة

2-H.C.Baldry, Ancient Greek litterature in its context, New – york, 1967.

## -یانیس یتسوس

## لەسەر یەك ژێ پیری بەئەزموون یانیس ریتسۆس چەند سروودی بۆ تۆمارکردین.

شاعیری ئازادیو بەگری (یانیس ریتسۆس) (١٩٠٩-١٩٩٠) نهینی گەورەی ئەم شاعیرە لەوەدایە، کە لە لایەك توانیویەتی رۆشنبیران بەلای خۆیەوە رابکیشی، لە لایەکی ترەوە جەماوەری بەرفراوانیش پیی سەرسام بن چونکە هەست دەکەن، کە بەناوی ئەوانەوە قسە دەکاتو داکۆکییان لیدەکاتو باسی مەینەتییەکانیان دەکات. (ئاراگۆن) لە دیدەنییەکدا کە گۆڤاری (نوفیل لیتریر)ی لەگەلدا سازدابوو، وتی یانیس ریتسۆس یەکیکە لە شاعیرە گەورەکانی سەردەم، یانیس ریتسۆس یازدە جار زیاتر بۆ خەلاتی نۆبل هەلبژیردرا، بەلام لەبەرئەوەی چەپرەو بوو خەلاتی ناو براوی پیرەوا نەبینرا، زیاتر لە هەشتاو شەش دیوانی چاپکراوی هەیەو کارەکانی وەرگیردراونەتە سەر چلوهەشت زمانی جیهانی، لە شیعرەکانیدا ئەفسانەی یۆنانی کۆنو دیاردەکانی ژیان پیکەوە گریدەدات، لە شیعرە کورتەکانیدا لیریكو داستان تیکەل بەیەکتری دەکات، ئاراگۆن دەلی: شاعیریکی زیندووی مەزنە پاشان دەلی: بەتەنیا جاریك گریام کاتی قەسیدەکانی ئەندریە بریتۆنم خویندەوە، بەلام هەموو جاریك دەگریم کەشیعرەکانی ریتسۆس دەخوینمەوە (پاپلۆ نیرۆدا و نازم حیکمەت) بەکەلە شاعیری نویخوازی دادەنین- نووسەرو رۆژنامەنووسی ئەلمانی (ڤالتز نۆڤۆیسکی) هەندی

یادگاری لە بارەی ریتسۆسەوە تۆمارکردووەو دەڵێ: کەسێ نییە دیدەنی بکاتو بتوانێ لە دڵە گەرمەکەی دووربکەویتەوە- ریتسۆس لە دیدەنی رۆژنامەگەریدا خۆی دوورەپەریز راگرتووە، پاساویشی ئەوەیە کە باشترین یادگارەکانمان لە هونەرەکانماندایە، کاتێ ئەم رەگەزانە واتە هەستو هەلچوونمان بەرەو رووی کەسانیتر دەبنەوە، ئیمەش سەرکەوتوو دەبین لە گەیاندنی پەیامەکانماندا، ئەم خاسیەتانەش هیچ نرخیکیان نابێ ئەگەر بەریگای هونەرەکەمان نەی گەیەنین، لە بارەی سیاسەتەوە دەڵێ: من سیاسی نیم، بەلاّم هاونیشتمانییەکی بەرپرسیارم، زۆر جار داوایان لیکردووم کە کاری سیاسەت بکەم، بەلاّم رەتم کردۆتەوە، من هونەرمەندی بەرپرسیارم هەموو کیشەکانی جیهانم بەلاوە گرنگە، نەك تەنیا کیشەی ولاّتەکەم، شتیکی سروشتییە کەسیاسەت شتیکەو هونەریش شتیکی ترە، بەلاّم پیمان خۆش بێو پیمان ناخۆش بێ هونەری راستەقینەی راستگۆ سیاسەتو ئایدۆلۆژیایە، ئەوەی زۆر لام پەسندە رەگەزی مرۆڤایەتییە، کە لە ناو هەموو بیروباوەریکی مرۆڤایەتیدایە، بیروباوەری خۆم زۆر فراوانە کە هەموو جیهانی گرتۆتە باوەشو منی خستۆتە شوینی شیاوی خۆی، گرنگ لەوەدا نییە کە ئیمە کیین، بەلاّم چی دەکەین ئیمە ئادەمیزادین بوونمان کاتییە، دیینو دەچین، ئەوەی دەیکەین بۆ سەدەکان بەمیرات دەمینیتەوە، نەك هەر بۆ ولاّتەکەمان، بەلکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی لە (گیتی)دا، ریتسۆس شاعیری سیاسەتە، سیاسەتیشی بەشیوەیەکی نهینی خستۆتە ناو بنیاتی قەسیدەوە، بۆیە دەڵێ: من خۆم ون دەکەم تا بمدۆزنەوە.

دەربارەی گرتووخانەو ژیانی پەنابەریو دەست بەسەری دەڵێ: زۆرجار دەرکراومو دەربەدەربووم هیچ زەرەرم نەکرد، بەلکو هیزیکی بێ پایانی

بەرگری داکۆکیم لەلا دروست بوو، ئەگەر من نەچەوساماتەوەو بەم تاقیکردنەوەدا تێ نەپەڕیمایە، نەمدەزانی سنووری داهێنانم تا چ رادەیەکە، هەندێ جار هەست بەجوانی دەکەم بەرانبەر ئەوانەی کەمنیان دەربەدەرو چەوساندەوە، دیارە خەباتو تێکۆشان خۆشحالی پێ بەخشیوومو فێری کردووم کە نەبەزمو رەشبین نەبم، گەورەترین خۆشحالیش بۆ دوژمنەکانمانە کەواز لە خەبات بهێنن‌و دەست بەرداربین من جەخت لە سەر ئەوە دەکەم کە بەخەباتو خۆشەویستی خەلك دەتوانین ژیان باشتر بکەین. سالی (١٩٧٦) رژیمی عەسکەرتاری دووری خستۆتەوە بۆ بیابانی (سامسۆس) لە (یۆنان)دا. ریتسۆس نەیتوانی ناخۆشییەکانی رۆژانی مەنفا لە بیابانی سامسۆسی هەژارو جواندا لە بیر بکات، بەلکو هەردەم بیابانی بەدارومانگو رۆژو دەریاو خانوەکانیدا خۆش ویستووە، لە بیاباندا یادگارو بیرەوەرییەکانی دەنووسییەوە، وازی لە قەسیدەی کورتو درێژ هێنا، دوا بەرهەمی بەناوی (لەسەریەك ژیدا) خاسیەتو بنەمای شیعری کورتکراوەی چڕوپڕی تیدایە، لە ئاوازو مۆسیقاو وێنەدا بێبەش نییە، کلیلیکی دەولەمەندی شیعرەکانییەتی، کورتکراوەی جیهانی شاعیرە، کەرامبۆ ئەم جۆرە شیعرانە بەخەونی چڕوخیرا دادەنێ لیرەدا چەند نموونەیەك لە قەسیدەی یەك دیری لە سەر یەك ژیدا دەخەینەروو، کە چ جۆرە نهێنیو جوانییەکی بەخۆوە گرتووە.

*ئەسپێکی سپی لە کێلگەی زەردا.

*ئەگەر رووناکی بێزارت بکات ئەوە خەتای خۆتە.

*شیعر کەشفی جیهانی کرد، جیهانیش شیعری لە بیرکرد.

*چیا دوو سێو، سێ سەرباز.

*بەرزی لە نزمترین شوێنەوە پێوانە دەکرێ.

★نەسیمی نەرم ئەڤین لە گوێی گولەکاندا گچکە دەکاتەوە.

★بەچاوە شینەکانی، جیهان شین دەکات.

★چەند بەجوانی دەستەکانی لە کۆتەکەمان دەژەنن.

★باسی هەژارەکان دەکات، دەستی دەبێتە رووبار.

★دوو بارەکردنەوە ئەنجامدانی مانای نادیارە.

★مانگی نوێ لە سەر چاوەکانم هەڵات.

★کازیوەمە، منو پاسەوانەکە لە سەر پردە گەورەکەین.

★ماوەیەکی زۆرە لێرەدا چاوەنوارم تا سەوڵ لێدەرەکە بەدەرکەوت.

★پێویستە ئاوێنەکەت گەورە بکرێت، لە خۆت فراوانتر نەبێت بەڵکو سەروقاچەکانت ببڕێت.

★وەك ئەوەی شیعر واتابێ، ئایا جەستەی نین؟

★فانۆسیکی سەوز، ئەسپ، هەروەها تۆش تەسلیمی خەونەکانتی.

★مەلەوانەکان، سەوڵ لێدەرەکان، هاوین، باڵاو ڤیسارە لە سەرداریك.

★ئەی رووناکی نهێنی لە سەر ئاوێنەکانی تێك شکاواندا زیاد بوویت.

چەند قەسیدەیەکی پڕ لە سیحرو جوانی دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران تا زیاتر تاموچێژی لێوەربگرن.

## بەیانی

بازیبەندی پەنجەرەکانم کردەوە

پەردەکانم بە ئەلقەکانەوە کرد

بەیانی بینی

راستەو راست چۆلەکەیەك تیی نواری

من بە تەنیایی لە چاوەکانیدا بووم

بەچرپەوە وتم، من زیندووم
چوومە ژوورەکەوە
بینینم ژنیش پەنجەرەیە
ئەگەر بازی تیدا بدەم
دەکەومە نیوان باسکەکانییەوە.

## گومان

دەرگاکەی کلۆمکردوو
بە پەشۆکاوی ئاوریکی دایەوە
لەو چرکەیەدا، مال ئاوایی
لە کلیلە بەجیماوەکەی کرد
گرتیان..
ئازاریان دا.
چەندین مانگ، ئەشکەنجەیاندا
تا وەك سەر لە ئیوارانیك ئیعترافی کرد
ئەمەشی بەبەلگەیەك دانرا
کەکلیلو خانووەکە مولکی خۆیەتی
بەڵام کەس ئەو نهینییەی نەزانی لە بەرچی؟!
پیویست بوو کە کلیلەکە بشاریتەوە
لەبەرئەوە..
گەرچی ئازادیان کرد
کەچی بەلایانەوە هەر گومان لیکراوبوو.

**داگیرکەر**

**بەجۆرە دوو دلییەکەوە دەرگاکەم کردەوە**
**بۆئەوەی بۆ جاری دووەم تاقی بکاتەوە**
**هەنگاوی خستەسەر شۆستەی بەیانییەکی بەردین**
**تەواو سپی**
**هەموو چاوەنواربوون، کە لە دەرگای رۆژەوە دەربچێ**
**ریزە دانە زیرینەکانی دەرخست**
**هەولیدا چەند پەرەیەکی سەوزی دلی بخاتەروو**
**بەڵام هەستی کرد کە دەمی لە پیشتر بەتالترە**
**بۆیە دەمی هەلهینایەوەو**
**بزەیەکی لەسەر لیوی نەرواند**
**ئەوانی تریش گوییان لە بانگەوازەکانیان دەگرت**
**تیبینی ئەوەیان نەکرد**
**کە بەدریژایی کاتەکە بە بیدەنگی مابۆوە**
**پاشان داچەمیو بەردیکی هەلگرتو**
**دوا سەگە وە فادارەکەی پێ دەرکرد کە دوای کەوتبوو.**

**سەرچاوە:**

**١-الشرق الاوسط یولیو ١٩٩٧.**
2-Ritsos: Surune Corde, Edsolin, Paris.

## ٦-دانیمارك

## شایعری گەورەی ئیسکندناڤی ئیڤان مالینوفسکی

سالی (١٩٢٦) لە (کۆپنهاگن)ی پایتەختی دانیمارك لە دایك بووە، لە تەمەنی هەرزەکاریدا چۆتە پاڵ بزوتنەوەی بەرگری دژ بەنازییەکان، لە ئەنجامی چالاکی زیادی ئەم بزوتنەوەیەو جمووجۆلی، مالینۆفسکی ناچار بووە کە دانیمارك بەجیبهیلێ، لە سالی (١٩٤٢)ەوە بەئاوارەیی لە سوید دەژی. تا سالی (١٩٤٥) لە هەمان سالدا قوتابخانەی دانیمارکی لە سوید تەواوکردووە، پاشان چۆتە زانکۆ بۆ خویندنی ئەدەبی سلاڤی، سالی (١٩٥٢) زانکۆی تەواوکردووە، رازی نەبووە ببیتە کاربەدەست یاخود کاریکی تر بکات، بەلکو کاری فیکرو رۆشنبیری هەلبژاردووە، وەك نووسەریك سەرقالی نووسینو وتارو شیعرو وەرگیران بووە، بەم شیوەیە ژیانی لە نیوان سویدو دانیمارك بەسەربرد لە تەمەنی (٤٥)سالیدا دەولەتی دانیمارك منحەی پێبەخشیو گەشتی بۆ هەموولایەکی ئەوروپا کرد. کارەکانی: (نیرۆدا، پاسترناك، عزرا پاوەند، بریخت، تراکل، ئسغال، مایکۆڤسکی، ئیسبیرکر، مندلس تام لۆرکاو چیکۆڤو چەندانیتر) لە کەلە شاعیرانی جیهانی وەرگیردراونەتە سەر زمانی دانیمارکی شیعرەکانی خۆیشی وەرگیردراونەتە سەر بیستویەك زمانی جیهانی. دیوانە بەناوبانگەکانی: تیبینییەکان (١٩٥٤)، ژوانی کۆتایی هەلواسین (١٩٥٨)، قوتابخانە بەتالەکان (١٩٦٣)، قەسیدە کراوەکان (١٩٦٣)، حەوزەکانی رۆما (١٩٦٣)، ئامرازی قەسیدە (١٩٦٥) ژیان بۆ دوارۆژوهیوا (١٩٦٨)، راکیشانی دەمامکی نەکراو (١٩٦٩)، سەرجەمی

بەرهەمەکانی (١٩٧٠-١٩٧٤)، رەخنەی بیدەنگی (١٩٧٤)، تفەنگو بولبول هەمان زمانیان هەیە (١٩٧٩)، دلی زستان (١٩٨٠)، چ ئیستە (١٩٨٢)، با لە جیهاندا (١٩٨٨)، چاپکراوەکان (١٩٨٩) دوایین دیوانی چاپکراوی بەهۆی ناونیشانەکەیەوە، شاعیرانو رەخنەگران گفتوگۆیەکی، زۆریان لە سەرکرد. مالینۆفسکی دەلێ: (دەتوانین روخساری شیعری بەسەر هەر دەستەواژەیەكو تاکیکی ئاسایی ببەخشین، کەخەلکی پیی ئاشنابن، لە دەرەوەی چوارچیوەی جیهانی شیعریدا)، پاشان دەلێ: ( شاعیرەکان لە بەکارهینانی ناونیشانی شیعرەکانیاندا ماندووبوون هەلبژاردنی ناونیشانی چاپکراوەکان بۆ ئەوەیە تا شیعرەکان پاریزگاری لە فەرهەنگی شیعری خۆیان بکەن)، سالی (١٩٨٩) گۆڤاری (السنونو) کەبەزمانی عەرەبی دەردەچوو لە ستۆکهۆلم پایتەختی سوید. گفتوگۆیەکی لە گەلدا سازکردبوو، ریکەوت وای کرد کەدوایین گفتوگۆی بێ لە ژیانیدا. مالینۆفسکی ئازاری رۆماتیزمی هەبوو، لە گەلٚ ئەوەشدا خەندە لە سەر لیوەکانی ون نەدەبوو، بۆئەوەی ئازارەکانی لە یادبچێ یاخود بۆ ئەوە بوو کە کەس هەست نەکات مالینۆفسکی ئازاری هەیە، لەم دیدەنییەدا، فەرهەنگی شیعرەکانی خستە روو بەتایبەتی پەیوەندی شیعر بەحیکمەتەوە، پەیوەندی شیعرەکانی بەسروشتەوە رۆلی شاعیر لە شیعرو ژیاندا، کاریگەریتی ژیانی نوێ لەسەر مرۆڤو دەوروبەریدا بەزینی تاك و کۆ لە چەرخی نویدا، هەلسەنگاندنی تایبەتی لەسەر بزوتنەوەی شعیری لە سویدو دانیمارکدا روون کردۆتەوە، بەشیوەیەکی ساکارو سادەو بە ووردی وەلامی پرسیارەکانی داوەتەوە، لە بارەی شیعرەکانییەوە دەلێ: (سەرچاوەکانی لە ئەدەب، قەسیدەکانی تانکۆ، هایکۆ، ئەمریکای لاتینی، هەروەها لە سیاسەت، زانستی سروشتی، زانستی زمان، مۆسیقای گەلی،

گرافیك، سینەما، گۆڤارو رۆژنامــەکان لــە رومانــەکانی گەشــتی نــیزیکدا، وەرگــیراون) بــەلای (ئیڤــان مالینۆفســکی)یــەوە حیکمــەت لــە شــیعردا بەشیوەیەکی راستەوخۆ نابیت، چونکە قەسیدە زانستی فوتابخانــەو زانستی حـیزبی نییـە، بۆئـەوەی قەسـیدە حیکمـەتی تیــدا بـێ پیویسـتی بەچــەند وشەیەکی کەم هەیە تا رووناکی بخاتە سەر مەبەستی شاعیر، سروشت لەلای مالینۆفسـکی هـەموو شـتیکە فونبلـەی ئـەلکترۆنی، کەشـتی ئاسمـانی تــا شەکسپیرو جیهان هـەمووی سروشـتە، جیـهان هەمووی‌یەکـە، ژیـانی شـتیکی سەرمەدیە، جیهان شانۆیەکی سـەمایە، هـەموو بەشـداری تیـدا دەکـەن هیـچ شـتیك پـیرۆز نییـە، سروشـت لـەلای، مانـا تەقلیدییەکــە ناگەیــەنێ، بــەلکو هەمووشتیکە لە دەوروبەرمانایــە.. بـەم تیروانینـەی بـۆ سروشـت، پیویسـتە شیعر جوانو ئاسان بێ لەلایەن خوینەروە پیش شاعیرو رەخنەگر.

## شاعیرەکانو سیاسەت

مالینۆفسکی رەخنە لە شاعیرەکان دەگرێ کە هونـەرو توانـای سیاسـییان کەمـە سـەرەرای هەلویسـتی سیاسـییان، هەلویسـتی سیاسـی شـاعیر پیویسـتە بـەجۆریك بیـت کـە لـە هەلویسـتی سیاسـییەکانو ریگـەکانیان جوداوازبیـت، لەسـەر شـاعیر پیویسـتە کـە دیریـك نەنووسـێ هـیزی شــەرفرۆشو هــیزی خراپـەکار سـوودی لیوەربگـرێ، یاســاو دەســتووری کۆمەلگـەی نـوێ لــەلای مالینۆفسکی خۆشەویستییە، بنـەمای ئــەم خۆشەویسـتییەش هاریکـاریی‌و یارمەتییـە، لـە نیـوان مـرۆڤو کۆمــەلدا، مــرۆڤ ئــاژەلیکی کۆمەلآیەتییــە، ئـارەزووی کۆمەلآیــەتی هەیــە، ئــەم ئارەزووانــەش بــەپرۆگرامی ئــابووری، سیاسـی لــە ئەمــەریکا، ئینگلتــەرا، شــیلی تیـك دەدرێ. کـە ئابووریناســی

سەرمایەداری (میلتۆن فرایدمان)ی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ بەدەریخستووە. هیوای مالینۆفسکی هیوای خەلکە چەوساوەکانە، پێویستە شاعیر بەشداری ئەم ئاواتە بکات لە یەك کاتو لە یەك شویندا، بۆئەوەی ببیتە هیوایەكو بەرەنگاری ئەو کارە ترسناکانە بیتەوە کە لە ئەنجامی بەهەلە بەکارهینانی توانای سروشتەوە پەیدا دەبێ.

مالینۆفسکی باوەری وایە کە لە ناو شاعیرانی سویدو دانیمارکدا، شاعیری وا هەیە کە دەکرێ بەجیهانی دابندرین، ئەگەر بەرهەمەکانیان بەزمانی جیهانی بنووسن وەك ئینگلیزی نەك زمانی ناوچەیی سویدیو دانیمارکی، مالینۆفسکی زۆر حەزی لە خۆدەرخستن نەدەکرد، بەشداری کۆبوونەوەو میزگردو شەوانی شیعری نەدەبوو، بەلکو سەرگەرمی یەکیتی بووە لەگەڵ عەقڵو شیعرو جگەرەو نیرگەلەدا، دەرکەوتنی شاعیر لە نیو خەلکدا شتیکی کەسایەتییە، یاخود گشتییە، مالینۆفسکی هەردەم شەروالیکی کورتو گۆرەوییەکی ئەستوورو چاکەتو کراسیکی سەیرو پیلاویکی نامۆی لە پێ دەکرد.

پیش مردنی لە ژوورەکەیدا قەسیدەیەکیان دۆزییەوە لە بارەی مردنەوە بەناونیشانی (ون بوون) ئەمەش دەقی قەسیدەکەیە کە لە سویدییەوە کردوومە بەکوردی.

**ون بوون**

قایغەکان بەئاوە ژوویی لەنگەر دەگرن
نیرگەلەکان بەسەر دیوارەکاندا شۆردەبنەوە
گیاش بەبەفری سپی داپۆشراوەو
خەتەری هیچ لە سەر نییە

لە دەریشەوە پەنجەرەی ژوورەکان رەشن
هیچ پاشماوەیەکی خوێنیان پێوە دیار نییە
کلیلەکان وان بەقفلەکانەوەو
شوێن پەنجەکانیش بەهەموو شتێکەوە دیارن
بەڵام دەستەکانم لە کوێن؟
جێدەستی کلۆمی دەرگاکان
کەرەستەی کاریش دەپرسن
لە سەر تاولەیەك کە داری لەسەر دەبرنەوە
پارچە تەختەکان راکشاون
چوار قەلەمی رەشی دانەدراو
نەبوونیو بێدەنگی نیشانەن
ئارامی ئۆقرەی نامێنێ
مشکەکان لە بۆشاییەکاندا کنەدەکەن
تەرازووەکەش هێما دەکات
چل کیلۆی ناتەواوەو
بەتالەکەش پڕە
جامەکەش بەتالە
لە گۆشەکەشدا جووتێ نەعل هەن.

**سەرچاوەکان:**

E. Simon, Reveil national ef calture en scandinavie, France, 1962.

## ٧-هیند

## رابیندرا نا طاغور

بەلایەوە شیعر هەلچوونیکی گیانی، دەربرینیکی بەردەوامی خودی ژیانی شاعیرە، فرمیسكو زەردەخەنەیە، وینەیەکە لە ناوەوە روودەدات، شتیکی ئاستەنگە جیاوازی لە نیوان بەهرەی شیعریو تیّروانین، لە نیوان قەسیدەو نویژ لە ولاتی هیند بکەیت کە لە ناوەرۆکدا ئاینیو سۆفیزمییە نهینی ژیان، رۆلی سروشت، تۆژینەوەی گیان لە بنچینەی هەموو شیعریکی رۆژهەلاتییە.

طاغور سالی ١٨٦١ لە ویلایەتی بنغالی هیندی لە دایك بووە، رابیندرا بەزمانی بنغالی مانای رۆژدەگەیەنیّ مەبەستی باوکی لەم ناولینانە ئەوەبوو کە ناوی لە هەموو جیهاندا وەکو رۆژ بدرەوشیتەوە، ئاواتی باوکی تارادەیەکی باش هاتەدی، تاکو مردنی طاغور سالی ١٩٤١ وەکو ئەستیرەیەکی تروسکەدارو فەیلەسوفیکی ریبەر لە هیندو گیتیدا دەنگی دایەوە، مندالی لە مالی جوروزنکو لە کەلکوتا بەسەربرد لە باوەشی خیزانیکدا کە هەردەم هاندەری هونەربوون، براگەورەکەی شاعیرو فەیلەسوف بوو، براکەی تری (تیرندرا) مۆسیقاژەن بوو، کورە مامەکانی بەئەدەبەوە سەرقالّ بوون، دایکی کەسۆزیکی بیّپایانی بۆ طاغور هەبوو، زۆر زوو سەری نایەوە، کە هیشتا تەمەنی شەش سال بوو، باوکی (دیفند راناث طاغور ) ناوی (مهارشی) واتە پاکیتی بوو، لە روانگەی خوداوەندی (ئەلاو بانیشاد) ئاینیکی تایبەتی

چیکرد، بنەماڵەکەیان ریبازی ئاینییان بڵاودەکردەوە، دژ بەسیستەمی چینایەتی، پەرستنی ئافرەت، منداڵ هینان خەباتیان دەکرد. ماڵەکەیان هەموو شەویك جڤینو کۆری لیدەبەسترا، برادەرانی بۆ مۆسیقا لیدان، خویندنەوەی شیعر، ئاخافتن لە سەر ئەدەبو ژیان، گفتوگۆیان دەکرد، سەرەتای ژیانی طاغور کەسیکی سەرکەشو تەمەل و یاخیبوو، رقیکی ئەستووری لە مامۆستاکانی دەبۆوە، چونکە فەلاقەی فوتابی خراپیان دەکرد، بەلام لە دواییدا بەبلیمەتیو بیفیزیو ملکەچی مرۆڤی سەرسام دەکرد. ئەو وڵاتەی زیرەکیو لیهاتوویی طاغوری دۆزییەوە ئینگلترابوو، پاشان هەموو جیهان بلیمەتی طاغوری بۆ دەرکەوت، ساڵی ١٩١٣ خەڵاتی نۆبلی پیبەخشرا، طاغور وەك شاعیریکی سۆفیزم، شیعرەکانی مۆرکیکی ناسكو بەزەییەکی فرە مەزنو سۆزیکی لە رادە بەدەریان بەخۆوە گرتبوو، بە لی وردبوونەوە لە شیعرەکانیدا بۆمان روون دەبیتەوە کە لە ژیاندا بەرەنگاری گیرمەوکیشەیەکی زوربوتەوە نووسەری فەرەنسی (رۆمان رۆلان) دەلی:- هەرکاتی طاغور بۆ پاریس بچووبا، سەردانی ماڵەکەمی دەکرد، بۆ یەکەم جار کە لە طاغور نزیك بووینەوە خۆمان لە ناو پەرستگایەك دۆزییەوە، ناچاربووین کە بەدەنگی هیواش قسە بکەین، بەلام گەر توانیت لە سیمای وردبیتەوە روویەکی نەجیب زادە، سەربلند، ئاشتیخواز، پر لە شانازی سروشت مۆسیقی، ئازارو زیرەکی بەدی دەکەیت. طاغور هەر لە منالییەوە ئارەزووی یەکیتی هەبوو، لە خیزانیکی زەنگینو قەلەبالغ چاوی کردۆتەوە، خویندنی لە لای باوکیو لە لای مامۆستاکانی خویندووە، لە نیوان ساڵانی (١٨٧٨-١٨٨٠) بۆ خویندنی یاسا بەرەو ئینگلترا چووە، بەنهینییەوە ئاگاداری شەپۆلە ئەدەبیو فیکریو هونەرییەکان بوو، لە

لەندەن بەختەوەر نەبوو چونکە لە لایەك رقی لە هەورو باران بوو، لە لایەکی ترەوە هەتاوی بنغالی لیوون بوو، بیری لە کیلگەو گولالەکانی ولاتی دەکرد، بۆیە لەم ماوەیەدا تاکە قەسیدەیەکی نووسی، بەناوی (کەشتی نووقم بوو)، بەلام بلیمەتی شاعیر لە کەناری رووباری جانجو لە ژیر هەتاوی هیندی تروسکەداردا گەشەی کردو نەشونمای کرد، لەم رووەوە دەلێ:-

لیرە ئاسمان بەربلاوە
هەوری نووستوی تیدا بلاوە
لیرە خانوویەکم بۆ چێکردی
ئەی خوداوەندی شیعر

لە تەمەنی بیستو دوو سالیدا (مارینا دیفی) خواست، کە تەمەنی هەڤدە سالّ بوو، ئەم ئافرەتە کاریکی گەورەی کردە سەر شاعیرو فراوانیو لیریکی بەبەرهەمەکانی بەخشی، لە سەرەتای ژیانی خیزانیدا چیرۆکیکی بەناونیشانی (کەشتی زیرین) نووسی کەباس لە ژنە تەمەن چوکەلانەکەی دەکات، بەختەوەری شاعیر وەکو گولّ تەمەن کورت بوو، لە ماوەیەکی کەمدا کارەساتیکی بێدادی بەسەرباری، ژنو کچو کورەکەی لە دەستچوون، لە ئەنجامدا تووشی خەمۆکیو رەش بینی رۆمانسی هات، لە م بارەیەوە دەلیت:- جەنگەلیك لە خۆشەویستیدا، خۆشیو ناخۆشی نییە، بەلکو خۆشەویستییە بیستو حەوت قەسیدە لە دیوانە جیاجیاکانی پیشکەش بە ژنەکەی دەکات (سەبەتەی میوەکان، بەهرەی عیشق، تێپەربوون)، هەموویان خاسیەتیکی پر لە کارەساتیان بەخۆوە گرتووە، کە ئاوازیکی نەرمیان هەیە، لە نیوان سالانی (١٩٠٢-١٩٠٧)دا، شاعیر، هاوریکەی (ساتیس ساندرا)و براکەی (سامیندرانات) لە دەست چوون بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ

طاغور چەمایەوە نەك لە بەر ناخۆشیو ئازار بەلکو لە بەر سری ژیانو مردن، لە هەموو قەسیدەکانیدا مردن دووبارە دەبیتەوە، دیارە مردن بەلایەوە کۆتایی نییە، بەلکو گواستنەوەیە بۆ جیهانی نەمری.

شاعیر لە ناو پیخەفدا قەسیدەی (مانگی یەك شەو)ەی نووسی، کاتێ کورەکەی مرد،

من دەبمە هەورو تۆمانگی یەك شەوە
بە هەردوو دەستم رووت دادەپۆشم
ئاسمانی شین بنمیچی خانووەکەمانە
من دەبمە شەپۆلو تۆش کەناری دوور

لە ئینگلترا بەمۆسیقای ئەورووپی سەرسام بوو، مۆسیقاش لە شیعرەکانیدا پەیوەندییەکی بەهیزی بە وشەوە هەیە، شاعیر مۆسیقای رۆژئاوای خواستو لەگەڵ رەگەزەکانی مۆسیقای هیندەیدا ئاویتەی کرد، لەم رووەوە دەلێ:-

پ/ شەرم دەکەم بەتەنیا وشەکانی گۆرانییەکانم پەخش بکەم ، چونکە بۆم دەرکەوت، بەبێ مۆسیقا شیعرەکانم بێگیانن. شاعیر توانایەکی بێوینەی هەبوو لە کارکردندا، کارەکانی بەزمانی بنغالی نزیکەی (١٢٠) بەش بوو، لەگەڵ هەزار گۆرانی، جا لە لاویدا گەلی بەرهەمی رەنگینی بۆ تۆمارکردووین، لەمانە، (گولالەکانی کیویی) سالی ١٨٧٥ دایناوەو سالی ١٨٧٩ بلاویکردۆتەوە، کە باس لە کیژیکی هەتیو دەکات بەناوی (کامالا)ە کە لە چیای هیمالایا دەژی. چیرۆکی شاعیر (کافیکاهیتی) سالی ١٨٧٧ لە گۆڤاری (بهاراتی) بلاویکردۆتەوە، کەباسی شاعیر دەکات کە بەسروشت سەرسام بووە، پاشان ئافرەتیك فیری خۆشەویستی مرۆڤی کردووە.

(كایسوراك-جوفینیلیا)، دیوانیكە كە لە ٤٧پەخشانە شیعر پێك دێتو سالی ١٨٩٦ بلاوی‌كردۆتەوە، بهاغنا-هریدایا (دلی شكاو) سالی ١٨٧٩ داینـاوە، كە لە ئینگلتەرا گەرایەوە، پرە لە رەش بینی.

طاغور خۆشییەكی بێ فیزی لە گیاو گولەكان، بالی بالندە، لە بۆنی شەو دەدۆزییەوە بەدریژایی ژیانی دەیكرد بەئاهەنگ لە هۆنـراوەی شـەپۆلەكانی ئاودا دەلێ:-

ئیمرۆ چۆلەكە لە سەر ریگادا
رینیشاندەرم بوو
بەرەو دەرەوەی لیرەواری بردم
تاكو كەناری ئۆقیانوسی شادی
لە ناكاو رۆژم بینی
لە پر گویم لە گۆرانییەكان بوو
كتومت بەرەو رووی
بۆنی گولەكان بوومەوە
كتوپر دەروونم كرایەوە

سالی ١٨٨١ بیرەوەرییـەكانی بـەناوی (نامـەكانی گەشـتیار بـۆ ئـەوروپا) بلاوكـردەوە، سـالی ١٨٨٢ دوو شـانۆگەری بەناونیشـانی (راوی تراژیـدی)و (هەلكـەوتنی ڤـالمیكی) هـەمان سـالْ ژمارەیـەك لـە قەسـیدەكانی بـەناوی (گۆرانییەكانی تاریك بوون) بلاوكردەوە.

سالانی (١٩١٢-١٩١٣) بـەرەو ئینگلـتراو ویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكا چوو، چەند سیمیناریكی پیشكەش كـرد، پـاش شـەری یەكـەمی جیهانی لـە بزوتنـەوەی سـەربەخۆییدا بەشـداری كـرد، بـەلام هیـچ هەلویسـتیكی وەرنـەگرت بـەلكو هیلیكـی مـام نـاوەندی هـەلبژارد، سـالی ١٩٢١ لـە دەزگـای

(سانتی ئیکتانی)، زانکۆی نیو نەتەوەیی چێکرد، لە هەموو ژیانیدا رووبەرووی زولم و زۆرداری دەوەستا، لە باوکیەوە هیمنی و پاکی دەروونی بۆمایەوە، بەلایەوە سەربەستی گیان زۆر پیویستەو دەبێ لە ناو گرتووخانەش لە دایك بێ

چۆلەکەی گرتووی ناو قەفەس و
چۆلەکەی ئازادی نیو جەنگەڵ
بەیەك شاد دەبنەوە
لەو رۆژەی کە بریاری چارەنووس دەدرێ

لە بەرهەمە شیعریەکانی شاعیر، (مانگی یەك شەو، سالی ١٩١٣)، (بیستانی خۆشەویستی، ١٩١٣)، (خولی بەهار، ١٩١٦) بلاوکردنەوە، سالی ١٩٢٣ رۆمانی (ئامرازەکانی) بەچاپ گەیاند، سالی ١٩٣٠ محازەرەکانی بەناوی (ئاینی مرۆڤ) بلاوکردەوە، سالی ١٩٤٠ (بیرەوەرییەکانی نویخوازی) بەچاپ گەیاند.

ئەو بەرهەمانەی کە شاعیر ناوبانگی پێدەرکرد و لە دوا قۆناغی ژیانیدا تۆماری کرد، (جیتانجالی) بریتییە لە کۆمەلە قەسیدەیەك کە گیانیکی ئاینی بەهیزیان بەخۆوە گرتووە، (سەبەتەی میوەکان) یەك لە قەسیدەکانی ئەم دیوانەیە:

ئەز ژیانی خۆم خۆش دەوێ
چونکە تیشکی ئاسمانی
بریقەدارم خۆش دەوێ
گوێرایەلتم ئەی خودایە
هەموو بەرەکانم دەچنم و
دەیخەمە ناو سەبەتەی باخچەکەت

سالی ١٩٢٧ قەسیدەیەکی گرنگی بڵاوکردەوە، کە سەدایەکی بەهێزی هەبوو بەناوی (جناکی).

سالی ١٩٣٢ هەموو قەسیدە دلدارییەکانی لە ژێر ناوی (موهوا) کۆکردەوە، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگیرا بەناوی (موهوا) کۆکردەوە، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگیرا بەناوی (Herald of Spring) بەمانای بانگەوازی بەهار، لە دیوانی ناوبراودا، ئەم کۆپلەیەمان هەلبژارد

لە کاتژمێری بەرەبەیاندا
کاتێ خەونەکان دەخزێنە نێو سەرینت
چۆلەکەکان تاکو ئێستاش خەوتوون
دیمە ناو ژوورەکەت
بەدلێکی پر لە حوزنەوە
ئەز دەزانم کە تۆ لە من نامۆنی
تۆژینەوەم قەت کۆتایی نایەت

بەڵام دیوانی (باڵەکانی مردن) پاش کۆچ کردنی شاعیر بەچاپ گەیەنرا سالی (١٩٤٠-١٩٤١).

طاغورشاعیر هیندو ئینگلیز بوو، بەرلەوەی شاعیری جیهان بیت، ئینگلیزەکان ناونیشانی (سیر)یان پێبەخشی، چەند مانگێك پێش مردنی سالی ١٩٤٠ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پلەی دکتۆرای فەخرییان دایە، هەموو بەرهەمەکانی کراونەتە ئینگلیزی، خوینەری ئینگلیزی، لە خوینەری هیندی کەمتر نییە.

هەروەها زۆربەی دیوانەکانی بۆ سەر زمانی فەرەنسی، ئیسپانی، یابانیو زمانەکانی تری ئاسیا وەرگیردراون کۆتاییەکەی بەم پارچە گۆرانییەی شاعیر دەهێنین:

هەنگوینی بێ سنورم خواردەوە

لە پەرداخی لۆتسی نەمرەوە

سەنگەری ئازارەکانم بری

ریگای بەختەوەری نهینیم دۆزییەوە.

**ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم باسە سوودم لیوەرگرتوون:**

1-L.Renou, La Poesie religieuse de L' inde antique, Paris, 1942.
2-L.Renou, la liherature de L'Inde, Paris' 1951.

٣-اسماعیل العربی، من روائع الادب العالمی، جزائر، ١٩٨٢.

## ٨-توركیا

## -یەشار كەمال و مەمەدەبچكول

## دیدەنییەك لەگەڵ داهینەری مەمەدە بچكۆڵدا

((كەمال ریبازی ستاندالی گرتووە)) (یەشار كەمال)م لە خانووە تازەكەی ئەستەنبووڵ لەگەڵ ژنەكەی (تیلدا) بینی، كە رۆمانەكانی بۆ وەردەگیریتە سەر زمانی ئینگلیزی، بابای تۆرۆسی لەو پەری خۆشحالیدا بوو. هەردەم بەوەفای ناوو ناوبانگەكەیەتی، هەلیكی باش بوو، بۆ وەرگرتنی بیرورای چیرۆكنووس بەتایبەتی لە كاتی دەرچوونی بەرگی چوارەمی مەمەد لە فەرەنسادا، كە بریتییە لە وینەیەكی چەتەگەرە ئابروو مەندەكانی دەریای ناوەراست. (لە شەری یەكەمی گیتیدا خیزانەكەم ناوچەی (گۆلی ورمێ)ی بەجێهیشت، بەڵام خۆم لە چووقوور ئاوا لە دایك بووم، لەگەڵ حیكایەتی چەتەگەریدا پەروەردەبووم كە دایكم بۆی دەگیرامەوە، خالۆكانم لە دژی بێدادیو زۆرداری دەرەبەگەكان راپەرین، یەكیكیان كە (ماهر) بوو بەدەستی جەندرمەكان كوژرا، كە تەمەنی لە (٢٥) ساڵ تێپەری نەكردبوو، تاكو ئیستاش ئازایەتی ئەو گۆرانی سەر زاری دەنگ بیژەكانە، لە ساڵانی سیدا زۆربەی چەتەگەرەكان كە وەرزیری هەژاری شۆرشگیربوون بەكیوەكانی تۆروسەوە دەسوورانەوە، زۆر جار لە لایەن باوكمەوە میوانداری دەكران نەك بەمەبەستی دژایەتیكردنی كاربەدەستان، بەلكو لە رووی بەخشندەییەوە بوو، شانازیم پیوەدەكردن. (ئەوكاتە تەمەنم حەوت ساڵان بوو). (جۆرێ لە مەسیح) بە دوورودریژی لە داستانی كور ئۆغلو

(کورەکویر) دواین کە شوینیکی گرنگی هەیە لـە داسـتانە سـەرزارەکییەکانی گەلانی تورکیـادا، بەتایبـەتی لـە ئـەنادۆڵ کـە بەشـیوازی جـوداواز لـە لایـەن دەنـگ بیژەکانـەوە دەگوتـران، بـەر لـەوەی بریـاری یـەك شـیوە نووسـینیان بەسەردا بدریّ. بەدریژایی شەوانی زستان یەشار کـەمال لـە گونـدیدا گویـی لـە باسـی کورئۆغلـو دەگـرت کـە بەهـەوینو دەروازەی چـیرۆکی مەمـەدە بچکۆلـی دەزانـیّ. (دوای تـەواوکردنی سـەرەتایی، فرەحـەزم دەکـرد دوای شایەری میللی ئاسك رەحمی بکەوم، تا لە ژیر دەستی ئـەودا فـیرببم، بـەڵام بەهیچ شیوەیەك ئەوەم بۆ نەدەلوا، چونکە دایکم ئارەزووی نەبوو گویّ لـەم شایەرە بگریّو بەلایەوە شتیکی زۆر بیّ نـرخو پروپـوچ بـوو، بەتایبـەتی بـۆ کەسیکی وەکو من کـوری سـادق ئاغـای گـەورە بـووم، بۆیـە دایکـم عودەکـەی لیشـکاندم. بـەم شـیوەیە لـە جیـاتی دیّ بـەدیّ دوای ئاسـك رەحمـی بکـەوم، چوومـە ئەدەنـە بـۆ خویندنـی فوتابخانـەی نـاوەندی، زۆری پیّنـەچوو پـاش سـالیك وازم لیهینـا، ئەگـەر توندوتیـژی دایکـم نەبووایـە لـە یـەکیك لـە گوندەکـانی تۆروسـدا گۆرانـی چەتەگـەری کورئۆغلوی شۆرشـگیرم دەگـوت! بەهەرحاڵ با بگەرییەنەوە سەر پالەوانی چیرۆکەکەم کـە کـەمیّ جیـاوازە لـە کورئۆغلو، شۆرشگیرە، لە هەمان کاتیشدا مەسیحە لە بـەرگی گیڤـاراو، شـیخ بەدرەدیندا، کە لە وزەیدایە یاخی ببیّو شـۆرش بکـات، هـەروەها مرۆڤیکـی دەروەستیشە) یەشار کـەمال چـیرۆك نووسـیکی بـەتواناو داهینـەرە، شـانازی بەوشەی رەنگاورەنگو جۆری گیرانـەوەی رووداوەکانییـەوە دەکـات، هـەندیّ جـار پیـی لی هـەلدەبری، دەنگـورەنگیکـی کاریگـەرە زۆر بەسـۆزەوە باسـی شـوینی لـە دایـك بوونـی (چووقوورئـاوا) دەکـات، کـە لـە بەشـیکی زۆری رووداوەکانی رۆمانەکانیدا دووپات دەبنەوە. (هەندیّ دیاردەی ئـەم چەرخـە سەیرو سەمەرەم کیشا، بەخت یارم بـوو لـە ژیـان یاداشـتکردنی گـەورەترین

کارەسات کەدۆلی چووقوورئاوا بەخۆیەوە بینی. خۆم بەشادی ئەم قۆناغی گواستنەوەیە دەزانم، کە کۆنو نوێ پیکەوە هەلدەکەنو تیشكو رووناکی بەهەموو لایەکدا بلاودەکەنەوە). چیرۆك نووس لیهاتووانە هەلویستی جیٚنشین کردنی کۆچەرەکانو کۆکردنەوەی زەویوزاریکی یەکجار زۆر لە ژیرچنگی خیلە ئۆروستوکراتییەکان، کە ووردە ووردە بوون بەچینی دەرەبەگ دەخاتەروو، لەگەلْ کۆچ پیکردنی خیرا لە دیٚوە بۆ شارو کردنی جوتیارە هەژارەکان بەشیوەیەکی سەرسورهینەر بەکریکار، بەتایبەتی بەکارهینانی ئامرازی نوێ لە کشتوکالدا بەیارمەتی پلانی مارشال. (پەیدابوونی ئامرازی کشتوکالی بوو بەهۆی گۆرینی شیوەی سروشت، زۆنگاو و زەلکاوە گەورەکان کە شوینی هەزارەها مەگەزو بالندەبوون وشك کران، چونکە سەرمایەدار پیویستی بەزەوی کشتوکالی بوو، هەروەها دارستانی بەرووکاژ کە جەودەت پاشا لە کتیبەکەیدا باسیان لیوە دەکات لە رەگو ریشەوە هەلکیشراونو بەسەر ئەسپە کیوییەکاندا زالْ بوون). کاتێ گویی لیٚدەگرم، واتە لە یەشار کەمال، خەیالْ دەکەم وەك دەرویشێ بیٚ. سەید ئاکچا ساز، کە بەسەدان ئەسپ سواری تورکمانی دوای ئەسپەشیی‌خۆیو هاوریکانی دەکەون، وەکو با لە پیش چاویاندا بزر دەبن، ئەو ئەسپە جوانانە کە ئیمرۆ لە ئارادا نەماون، کاریان دەکردە سەر گیانیو زۆر لای خۆشەویست بوون. کاتێ خاوەنی چیرۆکی (سەید ئاکچاساز) جوگرافیای پر لە سۆزو ئەوینی خاکەکەیم بۆ دەگیریتەوە، گیرانەوەیەکی هونەری ئەوتۆو بەهەستو سۆزیکی یەکجار قوولی دەروونی، مەگەر ئەو هەستە لای شاعیرانی گەورەی میللی ببیندریٚ، کە چۆن باس لەو بەهەشتە ون بووەی مندالی خۆی دەکاتو قورسایی دەخاتە سەر مەسەلەیەك کە تاکو ئیستا بوونی لە تورکیادا قەدەغەیە. (لە سەر لاسایی‌کردنەوەی سەر زارەکی

بەردەوام نەبووم). (راستە من زۆربەی ژیانم لە ئەستەنبووڵ بەسەر بردووە، کەمتر لە چووقوور ئاوا ژیاوم، بەڵام کارتیکردنی ئەو ناوچەیە هەتا هەتایە بەسەرمەوەیەو منی کرد بەو پیاوە. ئەگەر چی هەندێ جار رووددا لە پەرتووەکەکانی دواییمدا، نیوی ئەستەنبووڵ دینم، بەڵام لە راستیدا ئاشکرا دەردەکەوێ کە هەموو شتێ دەگەڕیتەوە بەرەو گەڕە زەردەی چووقوور ئاوا، لەوێدا بۆ یەکەم جار گویم لە زمانی کوردی بوو لە مالەوە بەزمانی کوردی قسەمان دەکرد، بەڵام لە ناو گوندا تورکی باوبوو، لەسەر زمانی تورکی بەردەوام بووم ئیمرۆ لە زمانی کوردی تیدەگەم، بەڵام ناتوانم پیی بنووسم. ئیستاش ئاوازە بەسۆزەکەی دەنگ بیژی میللیمان عەبدالی زیناکی لە گویچکەمدا دەزرنگینەوە، کە سەربردەی ژیانیم لە چیرۆکی (زەوی ئاسن و ئاسمانی مس)دا خستۆتەروو، ناوبراو کەدەهاتە مالمان بەسەدان داستانی کوردی بۆ دەگیرامەوە، من بەهۆمیرۆسی کوردی دادەنیم، بەناسینی زۆر شانازی دەکەم و لە ژیردەستی ئەودا فیربووم).

رەسەنایەتی و نوێبوونەوە دوو کلیلن بۆ کردنەوەی دەرگای بەرهەمەکانی یەشار کەمال و بەستنەوەی بەگیرانەوەی داستانی و گۆڕینی ناوەوەی چیرۆکنووس، کەزەمینەی لە دایکبوونی رۆمانەکانی چێکرد. (خەلکی بەچیرۆکنووسیکی لاووشیواز ئەوروپایی ناوی دەبەن). دیتە یادم لەم بارەیەوە گفتوگۆم لەگەڵ کرابوو، بەم شیوەیە روونم کردبۆوە: (کەس لەمەبەستی من نەگەیشتووە، ئەوەی دەمەوێ پیی هەلسم لە بنچینەدا ژیان و زەنگین بوونە لە هەموو باریکەوە، بەڵام ئەوەی گرنگترە بەلامەوە لە پیش هەمووشتیکەوە سروشتەو پەیوەندی مرۆڤە بەسروشتەوە. من بەردەوام نەبووم لەسەر لاسایی‌کردنەوەی داستانی سەرزارەکی. من رۆمان نووسم و زۆرتر لە (ستاندال) فیربووم وەك لە شایەرانی ئەنەدۆڵە،

هەرچەند ئەوان بنەماو مامۆستام بوون، چونکە وانە بووایە نەمدەتوانی جیهانی رۆمانەکانم بەشیوەی ئەمیرۆ داریژم، ئەگەر لەسەر شیوەی پیشوو بمابامەوەو ریبازی دیستۆفسکیو ستاندالو فوکتەرم نەگرتابایە).

دواندنی هەندێ جار داهینانە، هەرچەندە ئەگەر هەندێ جار دەمارگرتنی تیدابێ، یاخود بیروڕای لەگەڵ تۆدا نەگونجێ، بابایەکی پڕ هونەرە بەجۆریکە کەدەتهینیتە ریزی خۆی لە جیهانی سیحربازیدا.★

★ئەم دیدەنییە لە لایەن نەدیم گورزیلەوە ئامادەکراوەو لە رۆژی ١٩٩٠/٨/٢٥، لەرۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسابیدا بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

Le lemonde, Paris, 1990.

## (یەشار کەمال خەڵاتی (ستیگ داگرمان)ی سویدی پێبەخشرا

یەشار کەمال لە خەباتیدا بۆمافی کوردەکانو ئازادکردنی بەندەکان زۆرجار ناچاربووە، کە ولاتەکەی بەجیبهیلێ، نزیکەی نیوسەدەیە زمانەکەی کردۆتە پردیك بۆ سەربەستیو ئازادی مرۆڤ، لە ١٩٩٧/٦/٨ دا خەلاتی (ستیگ داگرمان)ی (stig Dagerman) سویدی پیبەخشرا کە بەهاکەی بیستو پینج هەزار کرۆنی سویدییە، خەلاتی ناوبراو بە کەسایەتیو ریکخراوەکان دەدریت کەمەبەستیان ئازادی وشەیە. بۆ یەکەم جار سالی پیشوو ئەم خەلاتە بە (جۆن هارۆن )بە خشرا، (جون هارۆن) لاویکی چواردە سالی بوو کە لەلایەن نازییەکانەوە ئازارو ئەشکەنجە دراوپاشان کۆچیکرد. (بینگت سۆدەرهال) (Bengt soderhaoll) سەرۆکی کۆمەلەی ستیگ داگرمان وتی: رۆژیك ئاستەنگەکان نامینن بەرانبەر بەمەش کەسایەتی خەیالی ببیتە شۆرشگیرو تیکدەر. یەشار کەمال بە بەردەوامی هاتووچۆی سوید دەکات، هاورییەکی زۆری لە سوید بوخوی پەیداکردووە، سوید بەدووەم ولاتی خۆی دەزانێ. ئەم زستانەی لە سوید بەسەربردو لە بەهاردا بۆ ئەستەنبوڵ گەرایەوە، هەرچەندە بیست مانگ سزای بەندیخانە دراوە، هەروەها لە لایەن راسترەوەکانی تورکیاشەوە هەرەشەی مەرگی لیکراوە. یەشار کەمال کتابەکانی وەرگیردراونەتە سەر سی زمانی جیهانیو دوا کتابی بەناوی (سەلمانە) کەباسی مندالیکی کورد دەکات، وەرگیردرایە سەر زمانی سویدیو چاپ کرا، یەشار کەمال چەند جار خەڵاتی ئەمریکی پێبەخشراوە، بەڵام هیچ جاریك نەچووە بۆ

وەرگرتنیان، بۆیە شارەوانی (ئیلف کارلبی) زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە یەشار خودی خۆی لە ٦/٨ دا ئامادەبوو بۆ وەرگرتنی ستیگ داگرمان.

ئەو لایەنانەی کە بەشداری ئەم خەڵاتەیان کرد ئەمانە بوون:-

١-شارەوانی ئیلف کارلبی.

٢-کۆمەلەی ستیگ داگرمانی شاعیر.

٣-کۆمیتەی سویدی-سەلمان روشدی.

یەکیتی بڵاوکراوەی کتیبی ئەلمانی بریاریدا کە خەڵاتی ئاشتی لە سالی داهاتوودا بە یەشار کەمال ببەخشێ هەروەها وتی: هەلبژاردنی یەشار کەمال لە نیوان ناوی زۆردا، لە بەرئەوە نییە کە کتیبەکانی وەرگیردراونەتە سەر زۆربەی زمانانی جیهانی، بەلکو لەبەر چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتی یەشار کەمالە . هەروەها یەکیتیبڵاوکراوەی کتیبی ئەلمانی وتی: یەشار کەمال پاریزەری مافی مرۆڤە، داکۆکی کەری هەژارو چەوساوەکانە، نموونەی مرۆڤیکە دەیەوی گەلانی جودا بەئاشتیو ئازادی بژینو لە ژیر سایەی رژیمی دیموکراسیدا، ئازادی بیرورا دەربرین پەیرەوبکریت. هەروەها یەکیتی بڵاوکراوە جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە یەشار ماوەیەك ژیانی لە گرتووخانە بەسەر بردووە، بۆ یەکەم جار لە سالی ١٩٣٩، هەروەها لە سالی ١٩٧١دا، بەهۆی چالاکی سیاسی لە حزبی کریکاری تورکیدا. یەشار خەڵاتی ئاشتی ئەلمانی لە ١٠/١٩ سالی داهاتوودا وەردەگرێ کە بەهاکەی نزیکەی چوارده هەزار دۆلاری ئەمریکییە. ئاهەنگیکی شکۆداری لە کەنیسەی بترۆس لە شاری فرانکفۆرت بۆ ساز دەکرێ. یەشار پەنجایەمین کەسە کە ئەم خەڵاتە وەردەگرێ. یەکیتی ناوبراو لە سالی (١٩٥٠)وە خەڵاتی ئاشتی دەبەخشێ. کتابی یەکەمی یەشار کەمال (حەمەدە بچکۆڵ) وەرگیردراوەتە سەر سی زمانی جیهانی، سالی (١٩٨٧) کراوە

بەئەلمانی لە دەزگای (ئۆنیۆن فولاغ) لە زۆریخ بەچاپ گەیاندراوە، چالاکی سیاسی یەشار کەمال بۆ ١٩٩٥/١/٩ دەگەریتەوە کە لە ژیر ناونیشانی (هیرشە درۆکان)دا کە لە گۆڤاری (دیرشبیگل)دا بلاوی کردبۆوە. باس لە واقیعی کوردەکانی خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادۆل دەکات، بەتوندی هیرش دەکاتە سەر دەسەلاتدارانی کۆماری تورکیا. بەرامبەر بەو سیاسەتە چەوتەی کە لەگەل کوردەکاندا پەیرەوی دەکەن. کەمال وتی: بەشیکی بچوك لە کوردەکان داوای سەربەخۆیی دەکەن، ئایا مافیکی رەوای خۆیان نییە، کەیاساکانی مافی مرۆڤ پالپشتیان لیدەکات، هەموو گەلیك مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات سیاسەتی تورکیا لە ناوچە کوردییەکاندا بەسیاسەتی ئەمریکا دەچوینی کە لە ڤیتنامدا پەیرەوی دەکرد ، تورکیا تاوانبار دەکات کە خەلکەکەی دەربەدەرو گوندەکانی سووتاندووە. هەروەها بریاری شەریشی لەگەل کوردەکاندا ئەنجام داوە. یەشار وتی: ئەنقەرە دەتوانی دەریا وشك بکات، بەلام ناتوانی ماسی بگری، هەروەها وتی: تورکیا ناتوانی بچیتە نیو سەدەی بیستو یەکەوە لە ریگەی فەوتاندنی زمانو رۆشنبیری کوردییەوە بەم جۆرە وتارەکەی لە ناوەوەو دەرەوەی ولات دەنگیدایەوە، بەشیك لە نەیارەکانی لە سیاسەتمەدارانیو رۆژنامەنووسان بەتوندی بەرپەرچیان دایەوە، لەوانە سەرۆکی رۆژنامەی (حوریەت) وتی: ئیمە نەوەی حەمەدە بچکۆلین، بەخویندنەوەی کتابەکانی گەورەبووینو شانازی بەکارە جیهانییەکانییەوە دەکەین، بەلام ئەم ولاتە شایەنی ئەم سووك پیکردنە نییە، راستە لەم ولاتەدا دیموکراتیەتو مافی مرۆڤ کەموکورتی تیدایە، بەلام پیاو دەبی ویژدانی هەبیو کتابەکانت لە هەموو سەردەمیکدا دەفرۆشری، باوەرم نەدەکرد شت بەم شیوەیە زیاد لە سنووری خۆی زل بکریت.

هەروەها رۆژنامەنووسی تورك (ئەمین تشولاشان) دەڵێ: یەشار پاش ئەم وتارەی جائیزەی نۆبڵ مسۆگەر دەکات، پاشان دەڵێ: شتیکی شەرمەزارییە کە وڵات بەم جۆرە ریسوا بکەی لە پیناوی خەڵاتی نۆبڵدا. بەڵام بەزۆری پشتیوانی لێدەکریت لەوانە رۆماننووسی تورکی ناسراو (ئۆرخان باموك) دەڵێ: ئایا دەبێ بێلایەن بمینیتەوە بەرانبەر بەوەی لە تورکیا روودەدات، بەڵام یەشار کەمال بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە دەڵێ: چ دەلین بابلین لە پیناوی خەڵاتی نۆبڵدا یاخود کفر بەتورکیا دەکەم. بەردەوام دەبێ ودەڵێ: من مرۆڤیکی ئەم کلتوورەم زمانو خوینەکەم پەیوەستە بەکلتووری ئەنادۆلی گەورە، هەروەها وتی: لە سالی (١٩٧٣)ەوە یەکیتی نووسەرانی سویدو ئەکادیمی سویدی منی هەلبژاردووە بۆ ئەم خەڵاتە، ئەم خەڵاتەش بەردەوام دەبیت تا مردن، تۆلستۆی هەلبژیردرابوو تا مردن وەریشی نەگرت خودی خۆم ئەم خەڵاتەم فەرامۆش کردووە، مانای وایە کەدەمیك بوو دەمتوانی وەریبگرم نەم زانیوە هەموو ئەوانەی خەڵاتی نۆبلیان وەرگرتووە، کفریان بەوڵاتەکەیان کردووە.

لە کۆتاییدا دەڵێ: ئایا وەستانیکە لەگەڵ ویژدانو بنەچە یاخود ئیستگەیەکی تیپەرە بۆ نۆبڵ؟

### ئەو سەرچاوانەی سوودم لیوەرگرتوون:

١-رۆژنامەی (Svenska Dagbladet) بەزمانی سویدی ١٩٩٧.

٢-گۆڤاری (Observateur) بەزمانی فەرەنسی ١٩٩٥.

٣-خۆشم بەشداری ئەو ئاهەنگەم کرد کە یەشار خەڵاتەکەی پێبەخشرا لە ١٩٩٧/٦/٨.

## ٩-سەروی ئەفریقا

## محەمەد شوکری رۆماننووسی گەورەی مەغریبی یادگارەکانی خۆی لەگەڵ جان جینیەو پۆل پۆلز دەنووسێتەوە.

محەمەد شوکری دیاردەیەکی بێوینەیە، کەرەسەو بابەتی نووسینەکانی لە جیهانی شەودا وەردەگرێ وەك لە جیهانی رۆژدا، لە جیهانیك کە جیهانی عەرەبی بەم جۆرە بە مەکشوفی دەرنەبریوە، لە بەرئەوە خەلکی محەمەد بە نووسەریك لە دەرەوەی ئەدەبی باودا دادەنین، نووسەریك درەنگ هاتە مەیدانی نووسینەوە، بەلام بەبرشتو بەپیز دەنگیدایەوە، تا تەمەنی بیستویەك سالی خویندنو نووسینی نەزانیوە لە شاری (طنجە)ی داخراوی پر نهینیو سیحردا چاوی کردۆتەوە، بەزیرەکیو لیهاتوویی توانی جەماوەری فەرەنسیو عەرەبی بۆ لای خۆی رابکیشێو بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا ببیتە نووسەریکی ناسراوو دیار لە سەروی زۆربەی دەرچوانی زانکۆکاندا کە رۆژیك پیی نەخستۆتە هیچ زانکۆیەکەوە. بەو رۆشنبیرییە گەلییەی کە هەیبوو توانی کەرەسەیەکی بەپیتو بەهیزی لی چیبکاتو رۆمانەکانی پێبرازینیتەوە، محەمەد شوکری چیرۆكو سەرگوزشتەی زۆری هەیە لە هەمووان ناسراوتر (نانی رووت) کە باسی سەربردەی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات. هەر بەدەرکەوتنی ئەم رۆمانە یەکسەر کرا بەئینگلیزی. سەرەتایەکە بۆ لیکۆلینەوەی کۆمەلایەتیو ئابووری کۆمەلەی نووسینەکانی هیچ پیچو پەنایان تیدا نییە، بەلام زمانو شیوازی

نووسینەکانی لە رادەبەدەر پرهونەرن، لە بارەی ئەوەی بۆچی بایەخی زۆری بە(نانی رووت)داوە لە وەڵامدا وتی: لە جیهانی عەرەبیدا ئەم جۆرە سەربردەیە کەمە (طه حسین‌و احمد امین، عبدالمجید بن جلون) سەربردەی خۆیان نووسیوەتەوە وەك بابەتیکی ئینشائی یاخود بەشیوازیکی کلاسیکی، بەڵام سەربردەی خۆمم بەشیوەیەکی بێپەردە نووسیوەتەوە، دانم بەهەموو شتیکدا ناوە بێپەروا شتی شاراوەو نادیارم خستۆتەروو، ئەم دان پیادا نانەش لە ئەدەبی عەرەبیدا بەشیوەیەکی کەم بوونی هەیە، بەڵام من بەشیوەیەکی دیارو تەواو باسی خودی خۆم‌و خیزان‌و کۆمەڵگاکەم کردووە، دیارە کاتێ محەمەد شوکری (نانی رووتی) نووسیوە، کەوتۆتە ژیر کاریگەریەتی جان جاك رۆسۆو، سیمۆن دی بۆڤوار لە (هیزی شتەکان)و (یادگاری کچیکی رەسەن)دا، جیمس جۆیس لە (وینەی هونەرمەند لە گەنجایەتی)دا، سۆمرست مۆم لە (شەربەتی رۆژگار)دا کۆلن ویلسن لە (گەشتێ بەرموسەرەتا)دا ئەمانەی هەموو خویندۆتەوە کە زۆر بە ئازایی‌و جورئەتەوە نووسراون، محەمەد شوکریش لە شتە قەدەغەکراوەکاندا خۆی رزگارکردووەو وینەیەکی راستەقینەی ژیانی خۆی کیشاوە، ئەزموونەکانی لە لای کۆبوونەتەوەو توانیویەتی یەك تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی لی چێبکات، تاقیکردنەوەکانی چروپرن. لە قۆناغی سەرەتاییدا لەوانەیە لاسایی نووسەریکی کردبیتەوە، بەڵام لە دواییدا لەم لاساییکردنەوەیەش دەرچووەو مولتەزیم نەبووە. تەکنیکی هونەری لە سەرووی هەموو شتیکەوە داناوە.

## محەمەد شوکری و نووسەری فەرەنسی ( جان جینیە )

کە لە شاری (طنجە) بوونەتە هاوڕێ (جان جینیە) (طنجە)ی کردووە بە بارەگای خۆی و ناوی (شاری خینانەتی) لێناوە کەچی محەمەد شوکری پێی دەڵی (شاری قاحپەکان) تەنیا هەرشاری (طنجة) نەبوو کە محەمەد شوکری و جان جینیەی پێکەوە کۆکردبێتەوە، بەڵکو محەمەد شوکری لە (جان جینیە) باوکێکی ڕۆحی دەبینێ، محەمەد شوکری لەو یادگارەدا زۆر خۆشحاڵە کە (جان جینیە) ڕازیبووە وەك باوکێکی گیانی بێ پاش ئەوەی ئاگاداری کردووە کە منداڵییەتیان وەك یەك وایە ئەم پەیوەندییەش هۆیەك بوو کە زۆر شتی کۆنی باوکی لە بیربچێتەوەو کاریگەرییەکی تەواوی کردۆتە سەر محەمەد شوکری و لە نووسینەوەی ڕۆمانەکانیدا ڕەنگیان داونەتەوە بەتایبەتی لە (نانی ڕووت)، کاریگەری جان جینیە نە لە دەقی محەمەد شوکری و نە لە زمانەکەی بەدەرناکەوێ بەڵکو لە کەشی گشتی و ڕێڕەوی نووسیندا یەك دەگرنەوە، شانۆی وەك جان جینیە نەنووسیوە، بەڵام کەسەکان و سەربردەیان وێك دەچن، بەندیخانەی جان جینیە لە پێشینەی محەمەد شوکری دەچێ، بەندیخانە لە دیدی جینیە تێکدەربوو، پێشینەش لە دیدی محەمەد شوکری شتێ نەبوو، تەنیا بەندیخانەیەك بوو ئەویش بە نووسین لێی دەربازبوو کاتێ شوکری لە هاوڕێکەی دەپرسێ لە بارەی ڕۆمانەکانی، بەئاشکرا جان جینیە پێی دەڵێ: قەت بایەخ بەئەدەب نادەم، کە لە گرتووخانەکان بووم قەسیدەو ڕۆمانەکانم نووسی، بۆ ئەوەم نەنووسین تا لە بەندیخانە دەربچم زیاتر ئەو

شتانەی کە لەگەڵ جان جینیە یەکیان دەگریتەوە ژیانە، ژیانی ناتەواو لە خەون و بەتاڵ هەردووکیان لە ناخۆشی ژیانەوە بەرەو ئەدەب چوون ژیانی منداڵی و لاویتییان لە زۆر لاوە هاوبەشە هەرچەندە محەمەد شوکری باوکی شەرعی خۆی بینیوە، بەڵام لە بەرئەوەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە بۆیە زۆر جار ناچار بووە کە لە خیزانەکەی دوورکەویتەوەو لە جیهانیکی ترسناك و پر مەترسیدا ژیان بەسەرببات کە لە جیهانی (جان جینیە) دەچێ جیهانیکە لە نیوان واقیع و خەیاڵ، جینیە رۆژیك باوکی خۆی نەدیوە، هەلی بۆ هەڵنەکەوتووە لەگەڵ دایکی بژی، ساوا بووە کە جیی هیشتووە، شوکری ماوەی منداڵی بێ شوناسنامە بووە هەردووکیان لە ژیاندا ساردی برسیەتییان کیشاوە، ژیان ناچاریکردوون کە دزی بکەن هەروەك جینیە لە کتابەکەیدا بەناوی (رۆژانی دزیك) دەریخستووە کەتوانیویەتی لە دزیکردندا سەرکەوتوو بیت، بەڵام شوکری نوشوستی هیناوەو سزا دراوە هەردووکیان لە جیهانیکی زۆر نزمدا ژیاون، هاودەمی پیاوکوژ و دز و قاحپەو دەرۆزکەر بوون، جینیە تا برسی نەبووە دزی نەکردووە. پاشان بووە بەدزیکی ناسراو، جینیە دەڵێ: زۆر هەولمدا نەبمە پیاوکوژ، بوومە سەگ و کتك و ئەسپ، تەنانەت ویستم ببمە گوڵ خەلکی بەشیتیان لە قەلەم دام. محەمەد شوکری و جان جینیە لە سالی (١٩٦٨-١٩٦٩) بوونە هاورێ، جان جینیە سالی (١٩٧٤) بە یەکجاری بۆ (طنجة) گەرایەوە، پیکەوە سەردانی قاوەخانەکانی طنجە یان دەکرد. جینیە جلیکی پیس و پۆخلی لە بەردابوو، بایەخی بەسیمای خۆی نەدەدا، داوەتنامەی رەسمی رەت دەکردەوە، دانیشتنەکانی مەغریبیان گەرم دەکردو کتابی زۆریان دەخویندەوە، شوکری داوا لە جینیە دەکات باسی منداڵی خۆی بۆ بکات جینیە بەم شیوەیە

وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: من نە دایكو نە باوکم هەیە. من مندالیکی دەربەدەرم بێشەرم دەڵێ من جاران دزبووم، ئیستە کتاب دەنووسمو ناسراوم لەلایەن خەلکەوە هیچ گرنگ نییە کە ریزم بگرن من دزم خۆش دەوێ، ئیمە دزبووین، ستایشی خۆی وەك دزیکی بەتوانا دەکات و دەڵێ: زۆر زەحمەتە کەسیك بتوانێ دزیم لیبکات، ئەگەر دزیم لێبکرێ زوو دەیگەرینمەوە بیرەکانی جان جینیە لە کەشوهەوای نووسینەکانی جیانابیتەوە، شوکری لیی دەپرسێ (بۆچی هۆتیلی بەرزو نایاب هەلدەبژیری لە وەڵامدا دەڵێ: من سەگیکی پیسم هۆتیلی نایابم حەز لییە، بۆئەوەی کەسانی ریكوپیك ببینم کە خزمەتی سەگیکی پیسی وەك من دەکەن، شوکری هیچ لە بیرەکانی جینیە ناکۆلیتەوەو قسەو توانجیان تیناگرێ، بەلکو تەنیا گوییان لێدەگرێ، دەربارەی وجودیەت جینیە دەڵێ: من نە وجودیو نە عەبەسیم، باوەر بەم پۆلینانە ناکەم من یا نووسەریکی باشم یاخود خراپم، لە بارەی کاریگەریەتی شاعیرانی فەرەنسییەوە دەڵێ: من بە بۆ دلیرو رامبۆو مالارمیە سەرسام بووم، هەروەها دەربارەی شیوازی نووسین دەڵێ: لە گرتووخانە دەرچووم دەستم کرد بە نووسینی شانۆگەریو خۆم خستەکۆری ئەدەبەوە، پاشان دەڵێ شیوازی شانۆگەری چیتر بەکەلك نایەت، محەمەد شوکری لیی دەپرسێ شتی (جددی کامەیە) دەڵێ: ئەوەیە بەشیوازیکیتر بنووسی کە بوونی نەبیو بەم جۆرە وازی لە ئەدەبو شانۆ هینا، بەلام وازی لە نووسین نەهینا بەلگەش کتیبی (ئەسیری عاشقە) بەلگەیە بۆ قوولی نووسینی جینیە پاش ئەوەی مەغریب بەجێدەهیلێو بەرەو پاریس دەگەریتەوە محەمەد شوکری لە پاریس چاوی بەجینیە دەکەوێ، جینیە خۆشحالی خۆی بەرانبەر بەرۆمانی (نانی رووت) دەردەبرێو دەڵێ: کتیبیکی باشت نووسی..

## محەمەد شوکریو ڕۆماننوسی ئەمریکی ( پۆڵ پۆلز )

پۆڵ پۆلز شاری (طنجة)ی هەلبژاردو پتر لە پەنجا ساڵ تییدا مایەوە، پۆڵ پۆلز رقی لە ژیانی ئەمریکا بوو سالی (١٩٤٧) بە یەکجاری بۆ (طنجة) گەرایەوە، لە کاتی ئینتیدابدا زۆر ڕۆماننووسو نووسەرانی جیهانی بەهۆی (طنجة) هەندیکیان ڕۆشنبیریو ئیستعماری بوو وای لیکردن کە لە شاری (طنجة) نیشتەجیبن، توانییان هەلسوکەوتی گەلو رەگەزە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم شارە تەوزیف بکەنو بیکەنە بابەتو کەرەسەی ڕۆمانەکانیان لە تاقیکردنەوەی داهینانەکانیاندا سوودی لیوەربگرن، محەمەد شوکری لەم کتیبەدا کەشفی تیروانینی پۆڵ پۆلز دەکات، بەتەنیا بایەخ بەسەربردەی پۆڵ پۆلز دەداتو ژیانی پیشووی فەرامۆش دەکاتو تیشك دەخاتە سەر داهینانەکانی لە بواری ئەدەبو نووسیندا روونی دەکاتەوە کە ژیانی مەنفای لە مەغریب شتیکی ئیختیاری بووە، هیزی شوین وای لیکردووە کە نیشتەجی بی تا بتوانی لە نووسینەکانیدا بەرجەستەیان بکات، (پۆڵ پۆلز) نامەیەك بۆ (ولیام تارج) دەنووسیو دەلی (شوین هەردەم زۆرترین نرخی هەیە بۆ من لە خەلك خەونەکانم لە دەوروبەری خەلك نییە، بەلکو لە دەوروبەری شوینە) (طنجة) نموونەیەکی هونەرییە لە داهیناندا داستانی گەلیو ڕۆشنبیریو جیهانی یەك دەگرنەوە و دەبنە خۆراکی دەقو خەیاڵاتەکەی، لە بارەی ژیانی پیشووی پۆڵ پۆلز دەلی: (کاتی خۆی جوان بوو، بەلام کە هاتمە ئیرە گەلیکی تەبام بینی کە لەگەڵ خەیاڵاتم دەگونجی) زروفی دەولیو کەشوهەوای سەربەستی (طنجة)و مەغریبی چیکردبوو،

مەنفایەکی یاخی بوونی نووسەرانی ئەمریکی بوو هەندیکیان لە نیویۆركو ئەوروپاوە هـاتبوون، پـەیوەندییان لەگـەڵ پـەیوەندی نـهینیو ئـەدەبی بـوو، برایـەتی نووسـینو ژیانیـان لـە (طنجـة)ی نـامۆدا بەرجەسـتـە دەكــرد، وەك (ئەرون كوبلاند، ترومان كبوتی، برایــن جیسـن، جـاك كـرداك، ولیـام بـرۆد) لەم سەربردەیەدا محەمەد شوكری باسی پۆڵ پۆلـز دەكاتو دەڵیّ: كەسـیكی بــەخیلو ئینتیــهازی بــوو، مــافی كەســانیتری دەخــوارد لــە ســەرووی هەموویانەوە مافی منـی پیشیل كـرد لـە چاپدانی یەكـەم بەرهـەمم (نـانی رووت) بەزمانی ئینگلیزی بە بەرهەمیکی سادەو بیّسوادی لە قەلەم دا پـۆڵ پۆلز وەڵامی شوكری دەداتــەوەو دەڵیّ: شـتیكی سـەیر نییـە كەسـانی تریـش گاڵتەو قەشمەرییان بەم نووسینەی تۆكردووە، بەڵام ئەمە مانای ئـەوە نییـە كـە مـن حـەز لـە هـەندیّ شـتی نووسـینەكەت ناكـەم، هـەندیكیان حـەزی لیدەكەم، بەلام ئەمە رابواردنیكە لە باخچەیەكی تردا..

پۆڵ پۆلز پەیوەندی لەگەڵ باوكی زۆر خراپ بوو، ئەم خـراپ بوونەشـی تاقیكردنەوەیـەك بـوو بـۆ بەرەنگاربوونــەوەی بــەردەوامی بوونــەوەرەكان. هەڵاتن رووبــەروو بوونـەوە بەسـەفەرو گواسـتنەوە بـۆ زمـانو كلتوریكیتـر، لەگەڵ نووسەرانی مەغریبی توانی بەشداری لە وینەی گرتنـی رووداوەكـانی (طنجة) بكاتو بەداهینانی نویّو تازەدا بیان خاتەروو.

## سەرچاوەكان:

١-بەرهەمەكانی محەمەد شوكری بەزمانی فەرەنسی.
٢-پۆڵ پۆلزو تەنیایی (طنجة) بە زمانی عەرەبی سالی (١٩٩٦).

## ٢ -عبداللطیف اللعبي دوای دە ساڵ لە گرتووخانە ئازاد دەکریت

عبداللطیف اللعبی سالی ١٩٤٣ لە شاری (فاس)ی مەغریبی عەرەبی لە دایك بووە، دەرچووی ئەدەبی فەرەنسییە لە زانکۆی (رباط)دا. سالی ١٩٦٥ تاکو (١٩٧٢) مامۆستای ئامادەیی بووە لە رباط، لەگەڵ محەمەد خەیرالدینو مستەفا نیسابووری گۆڤاری (انفاس) یان بەزمانی عەرەبی دەرکردووە، ژمارەی یەکەمی لە سالی (١٩٦٦) دا دەرچووە، سالی ١٩٧٤ بەهۆی هەلویستی سیاسییەوە خراوەتە گرتووخانە، تا لە سالی (١٩٨٠) هەولیکی بەرفراوانی جیهانی بۆ دراوە، بەم جۆرە دوای (١٠) ساڵ ئازاد دەکریت. کۆمەلە شیعریکی بەچاپ گەیاندووە، لە مانە، سولالە، سالی ١٩٦٧ ئەنتۆلۆجیای شیعری بەرگری فەلەستینی، ١٩٧٠. درەختی ئاسن گولی کرد، ١٩٧٤، عەهدی بەربەریو قەسیدەکانی سەرزاری، ١٩٧٦. رۆژانی قەلای مەنفا (نامەکانو چامەکانی گرتووخانە) ١٩٧٨. هیوا، ١٩٨٠، بەرەی هیوا، ١٩٨١. جگە لە شیعر چەند رۆمانیکی بەچاپ گەیاندووە وەکو (چاوو شەو، ١٩٦٩). (شیتێ هیوا ١٩٨٣)، هەردوو رۆمان بەزمانی فەرەنسین.

(شیتی هیوا) نە رۆمانو نە سەربردەی کەسایەتییە، بەلکو شیعرو سەربردەی تیکەلاوە، باسی قۆناغیکی میژویی مەغریب دەکات، هەروەها باس لەوگۆرانە بنچینەییانە دەکات کە لە جەستەی رۆشنبیری رووی داوە تاقیکردنەوەی گرتووخانە بەتەنیا ئەزموونی چەوساندنەوە نییە، بەلکو ئەزموونی ژیانە، ژیانیش لە کۆتاییدا بەسەر هەموو تەنگوچەلەمەکاندا

سەردەکەویت رۆمانی (شیتی هیوا) گەشتیکە لە نیوان ئافرەتو سجنو کۆمەلدا لە نیو ئەم سەفەرەدا رۆمانەکە گەشە دەکاتو دۆزینەوەکان لە دایك دەبن، ئاسۆی دووەم ئافرەتە، گەرانەوە لە رۆمانەکەدا بەتەنیا ناو نییە بەلکو مانایەکی دوولایەنی هەیە.

گەرانەوە بۆ ژیان بۆ ئافرەت وەکو هاوریو وەکو دایك، گەرانەوەیە بۆ قەبری دایك و شاری (فاس)ی خۆشەویست، بەشەقامو کۆلانەکاندا گوزەر دەکات، لە قاوەخانەکاندا دادەنیشیت بەرەو دواوە بۆ دۆزینەوەی دوا رۆژ دەچیت، واتە گەشتیکی پیچەوانە دەکات، کە لە بنەچەدا گەشتی پرسینو شیکردنەوەیە.

چەند نموونەیەکی شیعری دەخەینە روو لە دوا بەرهەمی بەناوی (خاتووە سپیەکان).

(١)

**گەرانەوە**

گەرانەوە
ئیمە وا لە کیشوەریکاین
هیوای دلدارەکان
ئەمە بەیانییەو مولکی ئیمەیە
ئەو خۆرەی لە پیناوی ئیمەدا پیدەگات
لە پشت پەنجەرەکانەوە
ئیمە زیندووین، مەگەر وانییە؟
خیراکە
دەستم بگرە.

(٢)

## لە سەفەرەکەوە

سەرشیواندنی ئەم رەگانە
سەرشیتی ناسنامەکان
ئەمە میحنەتیکە
دژ بەکونە کویرەکانی میژوو
چەکدارم دەکات
بەچەماوەی رۆژگارە لە عنەتییەکاندا هەلدەژنیم
گۆری یادگارییە چەسپیوەکان هەلدەرنم
لە نیوان کەسەکانمدا
مەرگ نیشان دەدەم
ئامادەی خواردنیکی مەزن دەبم
کەلەخاکدا دەمروینیّ.

(٣)

## هەلدەستم

لە شەوی پەلەقاژەمەوەو
چەپکی کاروبام
پاشان ئامادەم
دووبارە دەیگیرمەوە
ئاشکرا دەبم، خۆم ئاشکرا دەکەم
دووبارە دەیگیرمەوە
قەت دانامرکیم

قیناعەکەم هەلدەمالم
دەمامکەکان هەلدەمالم
قەت دانامرکیم
بانگی دەکەم، بانگی خۆم دەکەم
قەت دانامرکیم.

## سەرچاوەکان:


١-Larbe de fleurit, poemes, 1974.
٢-Le Chemin des ordalies, Roman, 1981.
٣-L oeil et la nuit, Roman, 1967.
٤-Sousle baillon le Poeme, Poemes, 1981.
٥-la Regne de barbarie, Poemes, 1976.

## ١٠-جەزائیر

## كاتب یاسین

شاعیرو رۆماننوسی ناسراوی گەلانی جەزائیری بەزمانی فەرەنسی كاتب یاسین بەیەكێك لە شاعیرو نووسەرە ناسراوەكانی جەزائیرو جیهان دادەنرێ، كە بەدلسۆزیو قوولییەوە باسی ماوەیەكی پڕ لە ناخۆشی ژیانی گەلانی جەزائیری كردووە، دەنگیكە لە دەنگە كاریگەرییەكانی جەزائیری كە بەرامبەر رایگشتیو جیهانی كارەساتو رووداوە دلتەزینەكانی جەزائیری خستوتەروو، گۆرانی بۆ شۆرشو گەلە چەوساوەكەی بەربەر وتووە، زۆر بە وردی وەسفی شەری بەكۆمەڵ كوژو ئازارو مەینەتیەكانی گرتوخانەكانو ئاواتەكان وگەلانی جەزائیری دەربریوە، كە كەم كەس پیشترو پاشتر بەم شیوەیە نەیانتوانیوە بۆی بچن، بەزمانیك كە لە رووی هونەرییەوە لە ریزی زمانی نووسەرو شاعیرە گەورەكانی فەرەنسا دەوەستێ، كاتب یاسین لە ٢٦/ئابی سالی ١٩٢٩ لە شاری (كوندیەسمندا) لە دایك بووە، خویندنی سەرەتایی لە لادێ خویندووە، بۆ تەواوكردنی خویندن باوكی بۆ قوتابخانەی فەرەنسی ناردووە. حەزو ئارەزووی زۆری لە خویندنی زمانی فەرەنسی بووەو بەگەرمییەوە بەدەنگییەوە چووە، پاشان خویندنی لە كۆلیژی (سەطیف) پەرەپیداوە. تەمەنی (١٦) ساڵان بووە، كە چاوی بەكارەساتو ناخۆشی گەلەكەی كراوەتەوە، كە قوتابی بووە، بەشداری خۆپیشاندانەكانی شاری (سەطیف)ی كردووە، بە چاوی خۆی دیویتی كە چۆن دەسەلاتدارانی فەرەنسی زۆر كیویانە بلاوەیان بەخۆپیشاندانەكان

کردووە. چۆن لاشەی مردوان شەقامی شاری پڕکردووە، ئەم کارەساتانەی لە شانۆی (ئافرەتی کیوی)دا دەربڕیوە. بەشداری بزوتنەوەی نیشتمانی دەکاتو شان بەشانیان تێدەکۆشێ، بە گوتاری سیاسیو ئەدەبیش دریغی نەکردووە شیعرو وتارەکانیشی لە ڕۆژنامەی (جەزائیری کومای)دا بلاودەکاتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێتە پەیامنێری ڕۆژنامەکەو بۆ ئەمەش سەردانی سعودیەو سودانو سۆڤیت دەکاتو لەویوە بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەی ئەستێرە بلاودەکاتەوە، ئەستێرە ڕەمزی جەزائیری جوانە، شەڕو کارەسات شێواندویتی، کاتی باوکی کۆچی دوایی کرد سالی ١٩٥٠ بوو، وازی لە پیشەی ڕۆژنامەگەری هێنا، چونکە ئەرکی خێزانەکەی کەوتە ئەستۆ، بۆیە لە بەندەری جەزائیر وەك کرێکارێك کاریکردووە. دوایی بەرەو فەرەنسا چوو، لە ویشدا وەکو خزمەتکارێك لە کێلگەدا کاریکرد پاشان وەکو جوتیارێ، دوایی وەکو کرێکارێکی کارەبایی لە بیناسازیدا دادەمەزرێ ئەزموونی ژیان زۆر شتی فێرکرد، لە سالی ١٩٥٢دا زۆر شیعری نووسی، هەر لەو ماوەیەدا شانۆگەری (لاشەی گەمارۆدراوی) نووسی. کە باسی پالەوانێك دەکات. کە ناوی خدرە لەلایەن داگیرکەرەوە گەمارۆدراوە، دەیەوێ ڕابردووی خۆیو ڕابردووی ولاتەکەی بگەڕێنێتەوە، لەم بیرکردنەوەیەدا دەبێ لە پڕ گریکە بدۆزێتەوە کە ڕاپەڕینو شۆڕشەکە بتوانێ ئەو بازنەیە تێكوپێك بداو، خدر ڕزگار بکات، شانۆگەرییەکانی تایبەت نین بەجەزائیر، بەلکو لە ڕیزی شاکارە جیهانییەکان دەوەستن، ئەو هاوارو پێداگرتنو کۆلنەدانەی بەشێوازێکی هونەریو داهێنەرانە خستۆتەڕوو، یەکەم نووسەری جەزائیرییە کە توانیویەتی شانۆگەرییەکانی لە ئاستێکی ستاتیکی بەرزدا بنووسێ. بەشانۆگەرییەکانی یۆنانی موتەئەسیر بووە، لە شانۆگەرییەکانیدا شیعر دەورێکی گرنگ دەگێڕێ لەم ڕووەوە دەلێ: نکولی ناکەم کە شیعر

رەگەزیکی گرنگە لە رەگەزەکانی شانۆگەری. هێزیکی تۆڤینەرە، یارمەتی روونکردنەوەی هەلویست دەدات، رۆلی تیکدەرو رزگارکەر دەبینێ، لە بارەی زمانەوە دەلێ: جەزائیر پیش هەمووشتیك جەزائیری گەلی بەربەر، یاخود جەزائیری عەرەبی یان فەرەنسی نییە، بەلکو جەزائیریك هەیە کەنابێ وینەکەی بشیویندرێ، ئەویش ولاتی هەمە شوناسنامەیە، کاتب یاسین جەخت لە سەر تەعریب کردن دەکاتو بەپرۆژەیەکی لە باری دەزانێ بۆئەوەی خەلکی پەیوەندی خۆی بەزمانی دایکەوە گرێبداتەوە، لە هەمان کاتدا دەلێ: پیویستە پەرە بەزمانی بەربەر بدرێو هیچ کۆسپیك نەخریتە پیش پەرەسەندنی زمانەکە، شیعرەکانی رەمزی شۆرشو بەرخودانن، ئاگرو بلیسەن، بەرەو رووی داگیرکەرو چەوسینەران دەبنەوە..

ئاگر
ئەو ئاگرە
نهینی هەموو خۆبەختکردنیکە
لە هەموو شوینیکە دەدرەوشیتەوە
سەربازی بێهیواو
جوتیاری بێزەویو
پەککەوتەی ویرانەکان
دەدۆزیتەوە
تا دوا بەرخیان پیشکەش بکا

شاعیر وینەی کارەساتو رووداوەکان دەگرێ، کە بەسەدان لاشە لە ژیر زەویدا ونن، ئامادەبووەکانیش یان لە بەندیخانەکاندان یاخود یادیان بە

نـەمری دەمیننـەوە گرتوخانـەو ئـازاردانیش بلیســەی هیـواو تاکـە ریگـەی سەرکەوتنن بۆیە دەڵێ:

له سەر دیوارەوە
له سەر دیوارەوە
له نیوان لاشەکاندا
ئامادەبوان و
ئامادەنەبوان
له گەلیك له بەندیخانەکاندا
له ناو زۆربەی قۆرتەکاندا
ئامادەبوان و
ئامادەنەبوان
تا زەرەرەکانمان دابەش بکەین
ئەوەی تاکە سامانمانە

**سەرچاوە:**

1-Le Cadavre encercle, publie par jounal Esprit, en 1955.
2-Nedgma, paris, Le seuil, 1959.
3-Le cercle des represailles, Ed: du seuil, 1956.
4-Bibliographie dela litteratur Nord –afrique, Ed mouton paris, 1965.

## ١١-لوبنان
## ئەندریە شەدید
## ئەدەب خەیاڵاتە نەك شتی رۆژانە

ئەندریە شەدید، ژنە شاعیرو رۆماننووسی لوبنانی، میسری، کە بەزمانی فەرەنسی دەنوسی. سالی (١٨٦٠) خیزانەکەی لوبنانی جێهیشتووەو رووی‌کردۆتە میسر، دایکی لە خیزانیکی شامی (ئەرسۆدۆکسی)یە، لە تەمەنی سیازدەسالیدا بۆ پاریس چووە، لە قوتابخانەی پاریس خویندوویەتی، لە هەژدە سالیدا بۆ قاهیرە گەراوەتەوەو لە زانکۆی ئەمریکی زمانی ئینگلیزی خویندووە، لە تەمەنی بیستویەك سالیدا هەر لە قاهیرە شووی کردووە، سالی (١٩٤٣) لەگەڵ پیاوەکەیدا روویان کردۆتە لوبنان، تاکو سالی (١٩٤٥) لە ویدا ماونەتەوە، پیاوەکەی پزیشکی خویندووە، لوبنان یادگاریکی جوان لە ئەندیشەی (ئەندریە شەدید) جیدەهیلی، لە کتیبەکانیدا وەك (خانووی بێبناغە)، (ساوای هەمەجۆر)، (لوبنان)، کە بە زمانی فەرەنسی نووسیونی، ئەم یادگارانەی تیدا خستوونەتە روو.

سالی (١٩٤٦) بەرەو پاریس کەوتوونەتە رێ تاکو ئیستاش هەر لە پاریس ژیان بەسەر دەبەن، دواکتیبی بەناوی (کەشەکانی تیپەربوون)ە لە سالی (١٩٩٦)دا دەزگای چاپەمەنی فلاماریۆن بەچاپی گەیاندووە، کە دەتوانین بلیین چیرۆکیکە باسی مندالی خۆی دەکات، پەیوەندی لەگەڵ دایكو

بـاوکیدا، هـەروەها پـەیوەندی بەشـوینەوە، وەك میسـر، لوبنـان، پـاریس، شـیوازی نووسـینەکەی برگـەی کورتـە، کـات دیـاریکراوە، زمانەکـەی زۆر قەشـەنگە، جـۆری گیرانـەوەو دیـالۆکی راسـتەوخۆ خـیرایی بـەکاربردووە، بەزمانیکی تێهەلکیش لە پەخشانو شیعر دایرشتووە، لەم رووەوە دەلی:

حەز لە سەرگوزشتەی خۆم ناکەم، بـەلاّم دەمـەوێ بـەم جـۆرە نووسـینە ژیـانی دەروونیـم بکەمـە، خـالی یـەکترىرین لـە نیـوان راسـتیو ئەندیشـەدا، گەیشتن بەشتەکانو تاسەو ئارەزووی ناوەوەبۆ دیاردەو شتە نەگەیشتووەکان بەرجەسـتە بکـەم. بـۆ زیـاتر تیشـك خسـتنە سـەر ئـەم کەلـە نووسـەرە بەپیویسـتم زانـی هـەندێ لـە گفتوگۆکـانی کـە رۆژنامـەی (الحیـاة اللندنیـة) لەگەلی سازدابوو، بخەمە بەردیدەی خوینەران.

***ئەدیبـەکان لـە سـەرەتای ئـەدەبیدا بەسـەربردەی خۆیانـەوە سـەرقالن، پاشان بەرەو بابەتی ناکەسایەتی دەچن، کەچی ئیوە پیچەوانـە هەلسـوکەوت دەکەن؟**

ئەمـە زۆر راسـتە بـۆ سروشـتی مرۆڤایـەتیم دەگەریتـەوە، جگـە لـەوەی خـودی خـۆم ماوەیـەکی زۆرە سەرگوزشـتەی ئـەدەبیم بـەداهینان دانـەناوە، بەلای منەوە ئەدەب دۆزینەوەو داهینانە نەك گیرانەوەی شتی دیار، ئەدەب خەیالاّتە، نەك شتی رۆژانە، ئەم خەیالاّتانـەش بـەرەو راسـتییەکمان دەبـەن کە سەرەنجامەکەی نازانین.

شـتیکت بـۆ دەگیرمـەوە کـە لـەم دواییـەدا بـۆم بەدەرکـەوت دوای بلاّوبوونـەوەی رۆمانەکـەم (سـاوای هەمـەجۆر)، (عمـر-جـو) کـە پالـەوانی رۆمانەکەمـەو شـتیکی واقیعییـە، دەتوانـین بلیـین کـە ئیسـتاش هـەمان شـت روودەدات، یەکیك لە هاوریکانم رۆمانەکەمی بەکۆمیدی ناسراو (ئیسماعیل) پیشکەش کردبوو کە (ئیسماعیل) هەمان چیرۆکی لی روودابـوو، خـیزانیکی

پەناهەندەی جەزائیری پەروەردە دەکەن، پاشان دەولەت سەرپەرشتی گەورەکردنی دەگریتە ئەستۆ، تا دەگاتە تەمەنی لاویتی، بەم جۆرە (ئیسماعیل) کارەساتەکەی خۆی دەکاتە کەرەسەیەکی هونەریو مەرجیك بۆ سەرکەوتنی وەك (عمر-جو) کە هەتیویکی لوبنانییە لە رۆمانەکەمدا..

***چ ئەدیبیك کاری تێکردووی، چ دەخوینیتەوە؟**

دستوفسکی، شانۆگەری دەخوینمەوە، چونکە سروشتی دەروونیم ئارەزووی خویندنەوەی برۆستە کە بەلامەوە گران بوو، ئەدەبی خۆیەتیو شەکسپیر و شانۆگەرییەکانی ئەغریقی، بەلام لە شیعردا.

(شیلیو کیتس، ئۆدنو بایرۆن)م خویندنەوە، لە شیعری فەرەنسیدا رامبۆ دۆزینەوەیەك بوو، لە قۆناغی هەرزەکاریم دا. دوای ئەوەی لە پاریس جیگیربووم شیعرەکانی رۆنێ شار، هنری میشو، ئیفابونفواو ئەدۆنیسم خویندەوە.

***سەرەتای ئەدەبیت چۆن بوو؟**

گەیشتمە پاریس، قەسیدەیەکی زۆرم لە باغەلدا بوون، بیرم لەوە نەدەکردەوە کەیەکێ بەگۆڤارو دەزگاکانی بلاوکردنەوەم ئاشنا بکات، رۆژێ بەریکەوت بەبەردەمی کتیبخانەیەکی ناسراودا تێپەریم، چاوم بەهەندێ گۆڤاری ئەدەبی کەوت، ناونیشانەکانیانم نووسیو هەندێ قەسیدەم بۆ ناردن، هەندیکیان وەلامیان لێگیرامەوە، لەوانە شاعیر (سیفرز)، گۆڤاری شیعرەکان لە بەلجیکا، گۆڤاری هنری شار، هەندێ گۆڤاری تریش وەك گۆڤاری دەنگوباسی ئەدەبی بەشیك لە قەسیدەکانی دیوانی یەکەمم بلاوکردنەوە، گۆڤاری رۆمان، چیرۆکیکی کورتی بۆ بلاوکردمەوە، پاشان (جۆرج شەحادە) داوای لێکردم کە دیوانی یەکەم بۆ دەزگای بلاوکردنەوەی (ج، ل، م) بنیرم، بەم جۆرە ژیان ساکار بوو، پەیوەندیش سروشتی بوو،

هیچ ناخۆشییەکم نــەبینی لـە بڵاوکردنـەوەی کارە سـەرەتاییەکانمدا، بـەڵام ئیمرۆ پەیوەندی بۆتە شتیکی بازرگانیو حیسابی بۆ دەکرێ.

***چ گیروگرفتی ئەدەبیت بینی؟**

دەزگـای چاپەمــەنی (ســۆی) پیشــنیاری کردبــوو، کــە ڕۆمــانی (ڕۆژی شەشەم)، کە نیوەی شیعرەو نیوەکـەی تـر واقیعـی بـوو، داوایـان لیکـردم کـە بەسەریدا بچمەوە، بەڵام من ئەمەم ڕەت کردەوە، کە زیاتر لە سێ ساڵ کارم لە سەری کردبوو، باوەرم وابوو کە سـەرەنجامیکی باشـی دەبـێ، بـەڵام بـەلای نووسەرانی دەزگای چاپەمەنییەوە، کۆکردنـەوەی شـیعرو گیرانـەوە شـتیکی باش نییە. خودی خۆم بەخاسیەتیکی ئەدەبی باشم دەزانی، دەستنووسەکەم وەرگرتەوە، پەیوەندیم بە ڕەخنەگر (موریس) ناویکـەوە کـرد، ڕۆمانەکـەی لیوەرگـرتم، دای بـەدەزگای (جولیـار)، ڕۆژی دوایــی لــە ســەر چــاپ کردنــی ڕۆمانەکە ریککەوتین، ڕەواجو سەرکەوتنیکی باشی وەدەست هینـا، تـا ئیسـتا زیاتر لە بیست جار چاپ کراوەتەوە.

***ئایا ئیوە ئەدیبیکی میسری، لوبنـانی یاخود فەرەنسین، چۆن ئەمە دیـاری دەکەن؟**

مـن لـە سـەرەتای ئـەدەبیمدا، بەپیویسـتم نـەزانیوە بلیـم ناسـنامەی مـن ئەمەیە یاخود ئەوەیـە، ئەگـەر لوبنـانی، میسـری، یـاخود فەرەنسـی بـێ یـان هـەر شـتیکی تربیـت، ئـەم دیاریکردنــە لــە خوینمایــە، لــە دەربرینمدایــە چیرۆكو ڕۆمانی زۆرم نووسیوە کـە ئیلـهامم لـە ڕووداوی گـەورەی میـژووی میسـرو لوبنـان وەرگرتـووە، بـەڵام زۆر هـەولم داوە کـە لــە شــتی جیــهانیو مرۆڤایـەتیدا بتۆژمـەوە لـە دوا چـیرۆکمدا کـە بـەناوی (ژنـی ئـەیووب)ە، لـە دیاریکردنی ڕەگەزو شارستانیەت بەدوورە، ویستوومە لەم چیرۆکـەدا سـۆزی تازە لە هەلویستی کۆن دەربخەم.

***چ کاتێك دەستت بەنووسین کرد؟**

لە تەمەنی هەرزەکاریداو لە ناهۆشیاریدا، چەند قەسیدەیەکی جوانم لە کەشوهەوایەکی جیاوازدا نووسی، ئیمە وەك مندالی ئیمرۆ نەبووین، زۆر شت لە سییەکاندا بۆمان ئاسان نەبوو، هەست دەکەم کە ژیان لە کاتی خۆیدا وەك پیویست نەبوو، بەم جۆرە گەیشتمە نووسین، هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە رۆژێ لە روژان ببمە نووسەر.

***لەگەڵ شە پۆلە ئەدەبییە جیاجیاکانی وەك سوریالی، وجودی، شۆرشگیری، (معاشەرەت) کرد، کەچی هیچ کامیانت وەك ریباز نەگرتەبەر؟**

بێلایەن مامەوە، بێئەوەی بچمە ژیر کاریگەریتی هیچ کام لەم ریبازانە، هەرچەندە ئاگاداری سەرنجیان بووم، بەتایبەتی رزگاربوونی وینە لە سوریالیەتدا لەگەل ئەمەشدا هەردووره پەریز بوومو تیکەلاوی کۆمەڵ نەدەبووم، هەردەم هاوریکانم پیشنیازیان دەکرد، بەلام من بەرپەرچم دەدانەوە..

***جاریك وتت قەسیدەکانم نیشتمانمە، مەبەست وینەی شیعری جوانە یاخود شتیتر؟**

قەسیدە لای من بیابانیکەو لە هەموو ریگایەکەوە بۆی دین، شوینی شاعیر یاخود نیشتمانی شاعیر نەخشەی جوگرافی دیار ناکات، بەلکو نەخشەی قوولایی دەستنیشان دەکات قەسیدە ئەو شوینەیە کە داگیری دەکەینو ئازادی دەمینیتەوە، ئەوەی قەسیدە دەیبەخشێ هیچ بابەتیکی تری ئەدەبی نایبەخشێ، تۆژینەوەی شوین، بەیەك گەیشتنی ریگاکانی مرۆڤە لە خاکیکی هاوبەشدا نەك ئەو خاکەی کە لە دەوروبەرماندا لە سەری ناکۆکین.

چەند برگەیەك لە كتێبی (گەشەكانی تێپەربوو) كە لە فەرەنسییەوە كردوومن بەكوردی.

نموونەیەك لە بەرهەمەكانی

## یادگارە ئەندیشەییەكان

گەشەكانی تیپەربوونمان دینو دەرۆن، دەردەكەونو پاشان ون دەبن، لە ناو دەچنو دەژینەوە، كەشەكانی بوون ئەشكەنجەكان، روانین، تاریكییەكان، یان دلخۆشی ئەم هەموو چركانە تیكەڵ بەیەكن ئەتەمەكانی رابردوو دەگیرنەوەو ئەندیشە تیهەلكیش دەبن بە پیی زەوقو ئارەزوو و بیرەوەریی سەبر.. رووداوەكان، كەسایەتییەكان بەپیی كەیفی خۆیان بەرەوپیش دەچن، خۆیان بەچاوی روانگەییەوە دەبەستن كە كرداری تێگرتنی ریك دەخەن.

جا چ شتەكە پەیوەندی بە چركەیەكی تروكەییەوە هەبێ یان بەكاتەكانی راوەستانەوە.. بەئاوینەیەكی ئەستووری پاك یان هەلبژاردە بەوردبینیكی ئاراستەكراوی كات، جا ئەوكاتە دوور بیت یان نزیك بیت، ئەوا وینەكە بەئاشكرا یان بەلیلی دەردەكەویت بەداگیرساویو یان بەبەرلیگیراوی هەندێ جار هەستی پێدەكرێ هەندێ جاریش خەیالییە، بەم شیوەیە وینەیەك لە دلی سالانی پیشوو هەلهات.

بەلی من لەم هەموو سالانەدا بەدووتا دەگەریم، بەلام من وەسفی تۆ ناكەم تەنیا لە نیوان دیدی خۆمەوەو كیلگەی تیروانینیشم بەخودیو گەمارۆدراوی دەمینیتەوە لە نیوان ئەم بازنەیەدا بیگومان لە دەسم دەردەچێ ئادگاری دیكەی سروشتتو بەشی تری بوونت، ئەم بیركردنەوەیە بیگەردیم شیلوودەكا لە هەمان كاتدا ئارامیم پێ دەبەخشێ.

تا ئیستاش دەلیم تۆ ناگیریی، بۆیە واز لەوەدینم کە لە بازنەی سنووری خودی خۆمدا گەماڕۆت بدەم بەئازادی وازت لێدینم، زیدەتر بەبەرینیو بەچری، لەم هەموو چرکانەداو لەم هەموو وینانەدا کە بانگیان دەکەم، چونکە تۆ لە وشەکانم ئالۆزتری، تۆ یادگاریکانیشم تیدەپەرینی ئەوسا بۆئەوەی بەجیت نەهیلم ناوە ناوە دەتسازینم، بەلی بەچیژو راستەقینە دەتسازینم.. وینەیەکی تۆ دەسازینم (خۆم) بۆ خۆم (تۆ) پاشان دەخزیمە ناو ئەم جەستەیەوە کەبیناکانم یەکتری دەبرن لە ناو ئەو پیستە ریسراوەی دەستی نەوەکان، ریسراوی چەند جارەش ..... لە سەر باسك و پشتی دەستم شوین هەواری شین دەبینم کە خۆرسكو تیژ رەوانە دین، ئەوانەی بوونەتە پەلەی قۆڵو ناو لەپت.. پاشان ریگاو بۆچوونەکانمان سەرلە نوێ جیادەبنەوە، ئەوکاتە بریندار دەبم وەك ئەکتەریك بۆچوونە ناوەوەی کەسیتیت، یاریت پێدەکەمو دەتکەمە ئەکتەر، پیاوت دەکەم بەرادەیەك بۆ جاریکی کە خۆم دەبینم بوومەتە تۆ بەسەر ریگاوبانیکی ترو بەشیوەیەکی کاتی.

**سەرچاوەکان:**

١-جريدة الحياة اللندنية. العدد (١١٣٨٧) ١٩٩٤.
٢-هەموو رۆمانەکانی بەزمانی فەرەنسی.

## بیبلیۆگرافیا Bibliographie

1-A.Bourin et g.Rousselot, Dictionnaire de la litterature Francaise, Paris, 1966.

2-A.Thibaudet, Histoire de la litterature Francaise, de 1789 a nos jour, paris, 1963.

3-A,etM. Croiset, La litterature greeque 5vol, Paris, 1951.

4-Albert Memt, Presence Africaire, Anthologie des ecrivains Maghrebins dexpression Francaise, Paris, 1965.

5-A. Khatibl, Aroth, Bibliographie de la Litterature Nord-Africaine dexpression Francaise 1945-1952, Ed Mouton, Paris, 1965.

6-Abdul-Latif AL-labi,L arber de Fer fleurit, 1974.

7-A, Folz, Memerte dhistoire de la litterature Allemande, Berlin,1952.

8-Bassam Tahhan et Anne Wade Minkowshi, Avant-propos dyves Bonnefoy, Introduction ala poetiqve arabe, Ed, Sindbad, paris, 1985.

9-Baudelair, Les Fleurs dumal,Ed, club de libraires de France, 1959.

10-C.Sampson, The Concise Cambridge history of English, Aiherature, Cambridge 1961.

11-E.lo Gaho, histoire de la liherature Russe de origines a nos jours Florence, Paris, 1965.

12-E.legouiset Cazamian, Histoire de La liherature anglaise, Paris 1924.

13-E.Simon, Reveil national et culture en scandinavie, France, 1962.

14-Encyclopedie of Japan, 1983.

15-F.J.Billeskov. Janson, Anthologie de la Liherature danoise, Paris, 1964.

16-F.Durand, Histoire de la liherature danoise Paris, 1967.

17-H.C.Baldry, Ancient Greek liherature inits context, New-York, 1967.

18-J.Nathan, Histoire de la liherature Francaise contem poraine 1914-1962, Paris, 1960.

19-J.F.cahon, La liherature americaine, Paris, 1958.

20-Julia Kristeva, la Revolution dulangage Poetique, Paris, Flammarion, 1979.

21-L.Renou, lpoesie religieuse de Inde antique, Paris 1942.

22-Marcelle Ehrhard, la liherature du Jdapan, Paris, 1959.

23-M.H.Lelong, spiritualit dugapan Paris, 1961.

24-Phpou llain, la liherature latine, Paris 1960.

25-Paz octavio, point de convergence Paris, 1976.

26-R.Sieffert, La liherature Japonaise Paris, 1961.

27-R.Spiller, The cycle of American liherature, New-York, 1955.

28-Ritsos,surune corde,Ed seuil,paris,1962

29- Salah sititiya les sporteurs de feu, 1972.

Salah sititiya , obscure lampe de cala, 1979.

Salah sititiya , Nuage ave des Voix, 1984.

30-Yacine, Nedjma, Paris, 1956.

,le cadavre en cercle, Publie

Par le Journal Esprit, en 1955.

,le cercle des represuilles
Ed. Du seui, 1959.

## گۆڤارو رۆژنامەکان بەزمانی فەرەنسیو سویدی

1-le monde, Paris.
2-la Nouvelle Revue Francaise, Paris.
3-Jeune Afrique, Paris.
4-Dags Nyheter, stockholm.
5-Svenska Dagbladet, stockholm.
6-le figaro, Paris.
7-L express, Paris.

## بەزمانی عەرەبی

١-اسماعيل العربی، من روائع الادب العالمی، جەزائیر، ١٩٨٢.
٢-رجاء النقاش، العباقره والمجانين، القاهره ١٩٩٠.
٣-جبور عبدالنور، المعجم الادبی، ١٩٨٤.